



# ڕێبازی قاسملوو؛

## ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات

٣

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## خوێنەری بەرێز

به بۆنەی ٣٥مین ساڵوەگەڕی تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری کاریزماتیک و لێهاتووی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەوڵم داوە کۆمەڵێک بابەت، وتار و وتووێژی کەسایەتی بیانی و کوردی غەیرە حیزبی لە دووتویێ نامیلکەی(ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات) لە چوار بەشدا دەخەمە بەرچاوی ئێوەی بەرێز.

بەشی سێهەم: ٢٤ وتارو دیمانە و ١٣٦ لاپەڕەیە.

دەستخۆشی لە هەموو نووسەرانی دیمانە و وتارەکان دەکەم. رووح و رەوانی کۆچکردوان شاد و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ ئەم کەسانە کە ئێستا لە ژیاندا ماون بەئاوات دەخوازم.

## پێڕست:

١- رەحمانی من ............................ پرۆفیسۆر کارێل جێچ . Karel Jech ..... ئا: هاوکارانی کوردستان ..... ٤

٢- رێبەری دەم بە خەندە ............................................................ د. یەکتا ئۆزون ئۆغلو ..... ١٠

٣- حکومەتی نەمسا و شەهید کردنی د. قاسملو ............................................. پۆڵای موهەندیس ..... ١٢

٤- ئایا پۆلیسی نەمساوی دەستی هەبووە لە تیرۆر کردنی قاسملۆدا؟ ............................... عەلی سیرینی ..... ٣٣

٥- قاسملو.. کەڵە پیاوی مێژوو ............................................................ هیوا ناسیح ..... ٣٩

٦- بەڵگەیەکی ویکیلیکس لە مەڕ دیدارێک لە گەڵ دوکتور قاسملوو ................................ حەسەنی قازی ..... ٤٣

٧- مێژوویەک بو دەرس لێوەرگرتن........................................................... د. سەلاحەدینی خەدیو .... ٥٣

٨- ڕەشەکوژی بە نهێنی لە "وییەن"، توماس هاماربێری .................. وەرگێڕانی لە سویدی: حەمید تەیموری ..... ٦١

بەشی سێهەم


٩- عەبدولڕەحمان قاسملوو.. پیاوێکی وڵاتپارێز، ئاشتی و دیالۆگ ........................ سەلاحەدین چەلیک ..... ٦٤

١٠- عەزیز حاج: بیرەوەرییەکانم لەگەڵ قاسملۆ.............................................. و: فەیسەڵ خەلیل ..... ٧١

١١- روانگەی سێ کەسایەتیی کورد لەسەر دوکتوور قاسملوو ..................................... کوردستان و کورد ..... ٧٥

١٢- قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا .............................................................................................. ٨٠

١٣- پەیامی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ کۆبوونەوەی یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان ............................................................................................ ٨٣

١٤- ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوو ............ کریس کۆچێرا.... و: قادر وریا ..... ٨٦

١٥- کاک دوکتور ........................................................ ئەحمەد ڕەئفەت ........ و: هیوا میرزایی ..... ٩٢

١٦- هەراوهوریای ژیانێک و بێ دەنگی مەرگێک ............................ ئاسۆ ساڵح ........ و: ڕەشید زەرواوی ..... ٩٥

١٧- ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا ..................................... مایکڵ ڕۆبن ............. کامێنتری مەگەزین ..... ١٠٦

١٨- قاسملوو، لە ڕێبازی ئازادی دا ......................................................... عومەر غولام عەلی ..... ١٠٨

١٩- وتووێژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ ......................... ئیبراهیم قاسمیزاد و: هیوا میرزایی ..... ١١٢

٢٠- عەبدولڕەحمان قاسملوو، میراتێکی نەناسراو؟ ............................................... فیلیپ بولانژێ ..... ١١٥


٢١- د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە ............................. عوسمان بایدەمیر ..... ١٢٢

٢٢- فایلە دەنگیەکانی دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆرکردنی بڵاودەکرێتەوە .......... ئاوێنە ..... ١٢٤

٢٣- خومەینیو قاسملو.. لەنۆڤل لو شاتووە تا تاران .......................................... ئا: ڕێژنە سەردار ..... ١٢٧

٢٤- کێ "قاسملو"ی بەکوشت دا؟ ...................................................................... سات محەمەد ..... ١٣٢

# رەحمانی من



**کارێل جێچ - پراگ پرۆفیسۆر Karel Jech**

**ئا: هاوکارانی کوردستان**

یەکێکە لە دۆستە دێرینەکانی نەتەوەی کوردو شەهیدی رێبەر دوکتور قاسملوو. ساڵی ١٩٢٨ لە چێکوسلواکی لەدایک بووە. پسپۆری مێژووی ئابووری‌یەو یەکێکە لە گەورەترین پرۆفیسۆرەکانی ئاکادێمیکی کۆماری چێکو یەکێک لە رێبەرانی بەهاری پراگ بووە. چەندین خەڵاتی زانستیی لە بواری مێژووی ئابووریدا وەرگرتوە. چەند کتێبی زانستییشی لە سەر رێفۆرمە ئابووری‌یەکانی سۆسیالیستی نووسیوە. پرۆفیسۆر Karel Jech ساڵی ٢٠٠٨، بەرزترین خەڵاتی زانستیی کۆماری چێکی وەرگرتو یەکێک لە کەسایەتی‌یە زانستی‌و سیاسی‌یەکانی کۆماری چێکە. باوکی ٣ منداڵ و باپیری ٦ نەوەیە. ئێستاش وێنەیەکی گەورەی دوکتور قاسملوو لە ماڵەکەی‌داو لە پشت سەری دادەنێ.

عەبدولڕەحمان بە پاشناوی قاسملوو کە ناوی گوندو گەلیی باوکی‌یە، من لە تەمەنی لاوێتی‌دا ناسیبووم. هەردووکمان لە لاوانی شەڕی دووهەمی جیهانی بووین. من لە کاتی شەڕ لە کۆماری چێک و لە ژێر زوڵمی هیتلێردا ژیابووم، ئەو بە هەزاران کیلۆمێتر دوور لە ئێمە لە ئێران ژیابوو. هەردووکیشمان لە تەمەنی لاویی خۆماندا هەم شایی‌و پێشکەوتنی دێموکراسی‌و هەمیش زوڵمی رێژیمە زۆردارەکانمان ناسیبوو. رەحمان بۆنی بە چرۆو غونچەکانی سەرکەوتنی کۆماری کوردستانەوە کردبوو و هەروەها شاهێدی زوڵمی هێزە زۆردارەکان لە ژاکاندنی چرۆکانی ئازادی‌و دێموکراسیی کۆماری

کوردستان ببوو... ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر کۆماری کوردستانیان هێناو ڕەحمان دیتبووی، هیچ کات لە بیری نەدەکردو ببووە بەشێک لە هەبوونی ئەو. پاش ئەو تراژیدیایە ئیتر نەیویستبوو لە ئێران بمێنێتەوە و بۆ ئوروپا کۆچی کردبوو. نزیک ساڵێک لە فەڕانسە مایەوە و سەرقاڵی خوێندن بووو لەم نێوەدا بوورسی خوێندنی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی خوێندکارانی جیهان وەرگرت و هاتە کۆماری چێکوسلوڤاکیا بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆ.

هەر لە سەرەتای هاتنیەوە، زانیاریی گشتیی ڕەحمان لەسەر پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و زمانناسییەکان ئەوەندە بەهێز بوو کە ڕاستەوخۆ لەکۆرسی دووهەمی زانستگای زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پراگ وەرگیرا. هەموو خوێندکارانی چێکی سەرمان سووڕمابوو کە ئەو وەک بیانییەک بەبێ‌ئەوەی کە کۆرسی یەکەمی زانکۆ بخوێنێ، چۆن ڕاستەوخۆ بۆ کۆرسی دووهەم تێپەڕ بوو! پاش ماوەیەکی کورت، ئیتر هەموو کەسێک لە زانکۆدا دەیزانی کە ڕەحمان ژیرترین و زیرەکترین خوێندکاری زانستگایەو ئەو بەو شێوە باش و سەرکەوتووە خۆی نیشان دابوو. لەخوێندندا زیاتر لە هەر شتێک سەرنجی دەدا بەمەسەلەکانی پێوەندیدار بە ئابووریی نێونەتەوەیی و پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی جیهان. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا نەتەنیا خوێندکارانی زانستگای ئێمە، بەڵکوو خوێندکارانی زانکۆکانی دیکەی کۆماری چێک، ڕەحمانیان وەک وتەبێژو بەرپرسی خۆیان هەڵبژارد. ڕەحمان بیرو ڕامانە چەپەکانی خۆی هیچ کات نەدەشاردەوە. چەپیبوونی ئەو لە رووحیەی کۆمەڵایەتی و لە خوێندنی ئەدەبیاتو بەسەرهاتی ئەو لە دەورانی کۆماری کوردستان و مانەوەی لە فەڕانسەدا سەرچاوەی دەگرت.

بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا، مەترسییەکانی دوگماتیزم و تەریقەتە نۆژەنەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی پێشووی ناسی و ئەوەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ڕەحمان لە حیزبی توودەی ئێران کە تەنیا ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی بە فەرمی دەناسی.

بەختەوەریی هەردووکمان ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتای خوێندنماندا، ژوورێکی هاوبەشمان بەرکەوت کە لە بینای خوێندکاران لە شاری پراگ بە ناوی "Rooswelt" لە کۆڵانی "Opletalova" هەڵکەوتبوو. هەتا کۆتایی خوێندن، واتە بۆ ماوەی ٥ ساڵ من و ڕەحمان پێکەوە لە نێو ئەو ژوورەدا بووین. بە ڕۆژ لە خوێندنگا، بە شەویش لەو ژوورە دا، هەمیشە پێکەوە بووین. وەک دوو لاو، دەردو مەینەت، خۆشی و شادییەکانی تەمەنی لاوێتیمان پێکەوە دابەش دەکرد و هیچ کەسێکی دیکە لەگەڵ ئێمەدا نەبوو. ڕەحمان کەسوکارە نزیکەکانی خۆی لە کوردستان بەجێ‌هێشتبوون و منیش لە چیاکانی "Orl:cky"ەوە هاتبوومو ئێمە هەردووکمان تەنیا بووین و لە نێو ئەو تەنیاییەدا ئێمە یەکترمان ناسی و بۆ یەکتر ببووین بە دایکو باوک، هەڤاڵ و هۆگرو دۆستی گیانی و .... پاش کۆتایی خوێندنیش نەمانویست لە یەکتر دوور

بکەوینەوە. دوو ماڵمان لە پەنای یەکتر لە گەڕەکی "Petrin"ی شاری پراگ بە کرێ گرتو ئەمجارە بووین بە جیران...

لە سەرەتادا کە یەکترمان ناسی، لەسەر داوای رەحمان، من ئەوم فێری زمانی چێکی کرد، کێشە رێزمانییەکانی چێکیم بۆ رەحمان شی دەکردەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر کورت، ئیتر پێویست بەوەش نەبوو... ئەوەندە ژیر بوو کە نەتەنیا بە زمانی ئەدەبیی چێکی وەک ئێمە قسەی دەکرد، تەنانەت بە تەواوی شارەزای زاراوەکانی زمانی چێکییش ببوو. ئیتر کێشەمان نەمابوو و بە زمانی زگماکیم رۆژانە نەتەنیا لە سەر پرسەکانی سیاسەتی جیهانی، بەڵکوو لە سەر ئێشو دەردەکانی ژیان قسەمان دەکردو ئەمە بووە هۆی دۆستایەتیی قووڵی ئێمە هەتا مردن... ئەم دۆستایەتییە بێوێنەیە نەتەنیا لە نێو ئێمەدا مابووەوە، بەڵکوو پاش ئەوەش کە رەحمان سەردانی ماڵی ئێمەی کرد لە چیای "Orl:cky"، بوو بە دۆست و ئەندامی بنەماڵەکەمان. لە شەوە درێژەکاندا، لەسەر شاخی ئۆرلیکی لە ماڵی ئێمەدا بۆ بنەماڵەکەمان بە چەندین کاتژمێر وەک چیرۆکبێژێکی بێوێنەو بە زمانێکی زوڵاڵو سادە باسی کوردستانە شیرینەکەی خۆی دەکرد. شەوانە ئێمە وەک بنەماڵە سەرسوڕماو هەتا بەرەبەیانییان گوێمان لە چیرۆک و بیرەوەرییە رازاوەکانی رەحمان دەگرت لەسەر کوردستانەکەی. ئێمەی فێری چالێنان و برنجی کوردی کرد. بەدەم خواردنەوەی چای کوردییەوە چێژی چیرۆکەکانی کوردستانی کۆتایی پێنەدەهات، ئێمە بە هیوای شەوانی نوێ دەماینەوە کە رەحمان دەرگاکانی دنیایەکی نەناسراو بۆ ئێمە بکاتەوە. لە رۆژیشدا، رەحمان بە ناو گوندییەکاندا دەگەڕاو دەیهەویست تایبەتمەندییەکانیان بناسێت. ژیان و کاریان، خۆشحاڵی و غەمگینییان و رامان و ئامانجەکانیان و ...هتد. باوکی من مامۆستا و فەرمانداری ناوچەکەمان بوو و لە سەردەمی شەڕی جیهانیدا بە دژی هیتلێر لەسەر ئەو شاخانە شەڕو بەرخودانی کردبوو. رەحمان رۆژانە چەند کاتژمێر لەگەڵ باوکم دادەنیشت و سەدان پرسیاری لەسەر شەڕ بۆ ئازادی، لەسەر پیشەی مامۆستایی و سیستەمی دەوڵەتی دەکردو باوکی من بە خۆشحاڵی و سینگفرەوانییەوە وەک مامۆستایەکی تایبەتی و وەک باوکێک بەبێئەوە کە هەست بە ماندووبوون بکات، پرسیارەکانی وەڵام دەدایەوە و زیاتر بۆی شی دەکردەوە و شەرگەکانی پێ نیشان دەدا. باوکم تووشی سەرسوڕمان ببوو کە بۆ دەبێ کەسێک هەزاران کیلۆمێتر دوور لە کوردستان . ئەفسانەیەک ک ە مرۆڤ لە سەر نەخشەکانیش نەیدەدیت . بۆچی دەیهەوێ ئەو زانیارییانە بزانێت و بیریان لێبکاتەوە!

دایک و خوشکم لە رێگای رەحمانەوە فێری چێشتی کوردی دەبوون و ئەویان وەک کەسێکی بنەماڵەکەمان بە حیساب دێنا. ماوەیەکی کورت پاش تەواوکردنی زانکۆ، رەحمان بەرەبەرە خۆی بۆ شەڕی دژ بە رێژیمی زۆرداری پاشایەتی ئامادە کردو بۆ تێکۆشان گەڕایەوە ئێران. بۆ ئەو شەڕە تەنیا کتێبی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. بۆ ئەوەی کە لە کاتی چوون بۆ ئێران کتێبەکان نەگیرێن، ئێمە بە هەموو بنەماڵەوە، بەرگی پەرتووکەکانمان گۆڕی، لەسەر کتێبە سیاسی و زانستییەکان، بەرگی کتێبی ئەڤینداری و شێعرمان دەچەسپاند تاکوو نەگیرێن. رەحمان و کتێب هیچکات لە یەکتر جیا نەدەبوونەوە. لەو کاتەدا،

رەحمان دەیهەویست لەگەڵ کچە خوێندکارێکدا بە ناوی "Helena" ژیانی هاوبەشی پێک بێنێ. پێکهێنانی ژیانی هاوبەش کاتی دەویست، چونکە رەحمان دەیهەویست رۆژێک زووتر بگاتە بەرەی خەبات بە دژی رێژیمی شاهەنشاهی، دەزگیرانەکەی لەوێ مایەوە، پاش ئەوە کە گەیشتە ئێران، لە رێگای باڵوێزخانەی چێکۆسلواکیا لە تاران، وەکاڵەتنامەیەکی ئامادە کردو ناردی بۆ من، تاکوو من لە جێگای ئەو لەگەڵ هێلێنا بچم بۆ شارەداریی پراگ و باڵوێزخانەی ئێران لە پراگ و لەگەڵ هێلێنا لاپەڕەکانی هاوسەریەتی لە جیاتی رەحمان واژۆ بکەم. لە مێژووی کۆماری چێکۆسلواکیادا هەتا ئەو کات، یەکەمین جار بوو کە شتێکی وەها رووی دەداو من لە جیاتی رەحمان بۆ واژۆکردنی بەڵگەکانی فەرمیی ژیانی هاوبەش لەگەڵ هێلێنا چوومە ئیدارەو لاپەڕەکانمان واژۆ کرد، تاکوو هێلێنا بتوانێ بە فەرمی وەک هاوسەری رەحمان بچێتە ئێران. بەم هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانە بنەماڵەیەکی کورد و چێکی پێکهات. لە ئاکامی ئەو ژیانە هاوبەشەی بنەماڵە کوردو چێکی‌یەدا، دوو منداڵ بە ناوەکانی میناو هیوا لەدایک بوون. ئەم بنەماڵە کوردو چێکی‌یە بە ساڵان بە شێوەیەکی نهێنی لە ئێران مانەوەو بە دژی رێژیمی پاشایەتی تێکۆشان و زۆر دوورتر لە ماڵەکەی پراگیان، رەحمان و هێلێنا پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا...

پاش چەندین ساڵ وای لێهات کە ئەوان لە ئێران گەڕانەوە بۆ پراگ، ساڵەکانی دووری کۆتایی‌یان پێهاتو دووبارە گەیشتینەوە بە یەکترو یەکترمان گرتەوە. بە رۆژ رەحمان لە زانکۆی ئابووریی نێونەتەوەیی، من لە زانکۆی مێژوویی ئابووری و هاوسەری رەحمان (هێلینا)ش لە زانستگای زمانەوانی وانەی زمانی ئینگلیزیی دەوتەوە.

دوو منداڵەکەی ئەوان و ٣ منداڵەکەی من لە ماڵی ئەوان و لە ماڵی ئێمەدا پێکەوە گەورە دەبوون.

راستە کە رەحمان پسپۆڕێکی بێوێنەو شارەزا لە بواری ئابووریی نێونەتەوەیی بوو، بەڵام هەمیشە لە دڵ و دەروونی‌دا ناساندنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە بەرامبەر ناحەقی، زوڵم و بێمافی هەبوو. لە لایەکەوە بە پرسە ئابووری‌یەکانی جیهانەوە خەریک دەبووو لە لایەکی دیکەشەوە هەتا کات دەرفەت و مەجالی دەدا ئەرکی خۆی بە نیسبەت مەسەلە پێوەندی‌دارەکان بە نەتەوەکەی، بە نووسینو بڵاو کردنەوەی وتارو لێکۆڵینەوە، بەرێوەبردنی سیمینارو بڵاوکردنەوەی کتێب بەجێ دەهێنا. لەم نێوەدا ساڵی ١٩٦٤، لە پێتەختی کۆماری سلوڤاکیا، کتێبی بەناوبانگی خۆی "کوردستان و کورد"ی بە زمانی سلواکی بڵاو کردەوە. ئەو کتێبە، یەکەمین کتێبی لێکۆڵینەوەیی لە سەر دۆزی کوردو کوردستان بوو کە لە ئورووپا چاپ کرابوو. پێوەندی‌یە زانستی، زانیاری و سیاسی‌یەکانی خۆی لەگەڵ رێبەرانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە دەپاراست. هێندێک جار لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆ دەبووەوە. هەموویان بایەخێکی زۆریان بە بیرو رامانەکانی رەحمان دەدا. لە ئورووپا دەرگای زۆربەی رێبەران بۆ رەحمان وەک یەکەمین کوردی بەناوبانگ کراوە

بوو. دۆستایەتیی رەحمان لەگەڵ "olaf palme"، "Bernard kochner"، "bruno kreisky"و... زۆر قووڵ و بێوێنە بوو. هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٠ و پاش شەهیدکرانی، لە لایەن دۆستانی رەحمانو کەسایەتییە ناودارەکانی کۆماری چێکۆسلواکیاو ئۆتریشەوە وەک پاڵێوراوی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل ناسێندرا.

لە ساڵی ١٩٦٨دا، رەحمان بە ئاشکراو بە دەنگێکی بەرز پشتیوانیی لە رەوتی ریفۆرم کرد لە وڵاتەکەمان کە وەک "بەهاری پراگ" ناسێندرا. لە رۆژە دژوارە مێژوویی‌یەکاندا، رەحمان لەگەڵ گەلەکەمان (گەلی چێک) لە بەرامبەر ئامانجەکانی کۆلۆنیالیستی سۆڤیەتی پێشوو دەستی بە خەبات کرد. ئەو لەگەڵ ئێمە وەک گەلی چێک کەوتە نێو تێکۆشان بۆ دێموکراسی و سۆسیالیزم بە سیمایەکی مەدەنی و مرۆڤی، نەک بە شێوەی زۆرداری.
پاش ئەوەی کە بەهاری پراگ بە تانکەکانی رێژیمی زۆرداری سۆڤیەتی و ئەوانی دیکە، بە سەدان هەزار سەربازی بیانی‌یەوە سەرکوت کرا، هەموومانیان لەسەر کار لابردو شەوورۆژێک کەوتینە ژێر چاوەدێریی توندی پۆلیسەکانی رێژیمی زاڵم و زاڵ بە سەر وڵاتەکەمانەوە. بەهۆی ئەوەوە کە ئێمە چێکی بووین، نەیاندەتوانی ئێمە لەو وڵاتە وەدەر بنێن، بەلام چونکە رەحمان بیانی بەحیساب دەهات، ئەوو بنەماڵەکەی‌یان بە زۆرەملێ لە چێکۆسلۆڤاکی وەدەر نا. ساڵی ١٩٧٣ بوو بە رێبەری PDKI و هەتا کاتی شەهیدبوونی بەردەوام لە کۆنگەرەکانی حیزبی دێموکراتدا وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرا. پاش ئەوە کە رەحمان لە چێکۆسلوڤاکیا وەدەر نرا، ناوەندی تێکۆشانی خۆی بۆ نەتەوەکەی بردە پاریس و لەو شارەوە دەنگی مەزڵوومیەتی نەتەوەکەی دەگەیاندە هەرچوار گۆشەی جیهان. خەبات و تێکۆشانی رەحمان لە پێناو مافە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد و لابردنی سنوورە دەسکردەکان کە نەتەوەی کوردو کوردستانیان کردبوو بە چوار پارچەوە هەر درێژەی هەبوو. ئەو رەوشەی کە بە سەر نەتەوەی کورد هێنرابوو، یەکێک لە گەورەترین ناهەقی و تاوانەکانی سەدەی بیستەم لە هەمبەر مرۆڤایەتی‌یە.

ئەو راستی‌یەکانی سەدەی ٢٠ی بە باشی دەناسی و دەی‌زانی کە بۆ هێشتنەوەی ئەو ئامانجە، پێویستە کوردستانی ئێران خودموختاری خۆی وەربگرێ‌و ئێران دێموکراتیک بکرێت، هەر بۆیە دروشمی حیزبەکەی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کردستان" بوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هاوکات لەگەڵ شەڕی چەکداری بەردەوام لە رێگاکانی دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی دەگەڕاو تاقیی دەکردەوە. لە هەموو شوێنێکو لایەک رێزیان لێ‌دەگرت و گوێ‌یان بۆ رەحمان رادەگرت. لە بواری دێپلۆماسی‌دا وەک مامۆستایەکی شارەزاو بێ هاوتای کۆمپرۆمیسنەکان دەناسرا. کەمکەس وەک رەحمان دەی‌توانی چەندلایەنی دوژمن و پێکناکۆک پێکەوە کۆ بکاتەوە و بڕیارێکی دادپەروەرانە بۆ هەردووکیان وەربگرێت. حەقانیەتەکانی هەموو لایەنەکانی قبووڵ دەکرد، پیشانی ئەوانی دەدا کە چۆن مرۆڤ و لایەنەکان بە راستی‌یەکانیان لە دەوری یەکتر کۆ ببنەوەو راستی و رێگاچارەیەکی هاوبەش بدۆزنەوەو دان بەو راستی‌یە هاوبەشەدا بنێن و بیان‌پارێزن. لەمبوارەدا رەحمان بە راستی کارامەو

پسپۆڕ بوو. لە کۆتایی ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی رابردوودا، لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک مامۆستایەکی شارەزاو بێوێنە دیپلۆماسیی کۆمپرۆمیسنکی، بۆ ئاشتی کەوتە وتووێژ. ئەو هیوادار بوو بەڵکوو بتوانێ لەگەڵ ئەوان لە ڕێگای وتووێژی مەدەنییەوە پرسەکان چارەسەر بکات. بەڵام ڕەحمان لەبیری کردبوو کە کەسانی بەرامبەر ئەو، نامرۆڤن. نرخی ئەو خۆش نییەتییەی خۆی بە ژیانی خۆی و دوو هۆگری خۆی دا... و رۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لەشاری ڤییەن لەگەڵ دوو هاوڕێی بە دەستی زاڵمان و تیرۆریستانی خوێنڕێژی ڕێژیمی کۆماری ئسیلامی شەهید کرا. بکوژانی ئەو پیاوە گەورەیەی مێژوو هەتا ئەمڕۆش سزا نەدراون. ئەم ڕووداوە لە دڵی ئورووپای نێوەڕاستدا، لە دڵی دۆست و هەڤاڵانی ڕەحماندا برینێکی قووڵە. دیتمان کە لە کۆڵان و شەقامەکانی پاریسدا، بە هەزاران کەس لە چوار گۆشەی ئورووپاوە لەگەڵ تەرمەکەی چوون بۆ گۆڕستانی پیرلاشێز، ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. بەداخەوە ئەو تراژیدیایە جارێکی دیکە لە بێرلین و بە شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی خۆی دووبارە کردەوە.

دوایینجار من و ڕەحمان لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ چاومان بە یەکتر کەوتەوە، چەند رۆژ پاش ٥٩ یەمین ساڵڕۆژی لەدایک بوونی ڕەحمان ( ٢٢ - ١٢ - ١٩٣٠ ) کە لەو رۆژانە دا منیش بووم بە ٦٠ ساڵان، ئێمە پێکەوە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی هەردووکمانمان جەژن گرت. بڕیارمان دا کە لەو ساڵەدا جارێکی دیکە لە پراگ یەکتر ببینین، چونکە ئێمە هەموومان ئیتر دەمانزانی کە لەو ساڵەدا (١٩٨٩)، شۆڕشەکەمان لە چێکۆسلواکیا سەر دەکەوێ و ئێمە ڕەحمان بە ڕەسمی بانگهێشت دەکەین و هەرچی لە ئیمکاناتی کۆماری چێک لە دەستمان بێت پێشکەشی دۆستە تێکۆشەرەکەی گەلی چێکی دەکەین.

سەرەتای مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٩ لەڤییەن تەلەفۆنی بۆ من کردو وتی کە لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران کۆ دەبێتەوەو پاش ئەو دیدارانە، بەر لەوە کە بچێتە پاریس، دێتە پراگ و مزگێنییەکی خۆش لەگەڵ خۆی دێنێت. لە جیاتی ئەو مزگێنییە، ئەو هەواڵە کارەساتبارو دڵتەزێنە گەیشتە من و دەروونی من، بنەماڵەکەمو هەموو دۆستان و هۆگرانی ڕەحمانی هەژاندو ئەوە گەورەترین داخی ژیانمان بوو.

بۆ من و بنەماڵەکەم و دۆستەکانمان شەرەف و سەربەرزییەکی گەورەیە کە بووینە دۆستی ڕەحمان، تێکۆشەری بێهاوتاو گەورەی دێموکراسی و ئازادی و شۆڕشگێڕی دژی تیرۆریزم. ئێمە سەربەرزین کە وڵاتەکەمان بۆ ڕەحمان ببووە وڵاتی دووهەمی و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئورووپا دەهات بۆ دیتنی.
ڕەحمان لە وڵاتی ئێمەدا، لە دڵەکانماندا سیمبولی دڵسۆزی، خەباتگێڕی و ڕاستی بووو هەر ئاواش دەمێنێتەوە. ئێمە نەوەکانمان بە چیرۆکەکانی ئەو پیاوە ناودارە پەروەردە دەکەین و هەتا هەتایە لە نێو دڵماندا زیندوو دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوی کوردستان - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٠٩

# ڕێبەری دەم بە خەندە



د. یەکتا ئوزون ئۆغلو

ماوەیەک لەمەوبەر داوام لێکرا کە بە بۆنەی بیستەمین ساڵڤەگەری شەهیدکرانی د. عەبدولڕەحمان قاسملووەوە وتارێک بنووسم. ئەوساش و ئێستاش، هەر کاتێک ویستوومە، ئەم وتارە بنووسم، هەر لە سەرەتادا ماومەتەوە، دەستپێکردنی بۆم قورس بووە. من بۆ خۆم لەوە نارەحەت بووم کە ئەو وتارەی بەڵێنیم دابوو، سەرەڕای هەوڵدانەکانم، دەستم تێی نەدەچوو بینووسم. خودی وتارنووسین لە سەر شتێک یان کەسێک بەلامەوە دژوار نەبوو، چونکە هەزاران وتارم بە چەندین زمان نووسیوەو بڵاو کردۆتەوە. بەڵام نووسین لەسەر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئەویش پاش بیست ساڵ، بۆ من هەڵگری ئازار و خەمێکی لە رادەبەدەر بوو. چی لەسەر دۆستی نزیک و دێرین، هاورێ و مامۆستایەکم بنووسم؟ هەرجارەی بیرم لەوە دەکردەوە دەست بە نووسینی وتارەکەم بکەم، خەم و کەسەرێکی قووڵ دایدەگرتم، کە بیریشم لێدەکردەوە، ئەو هەمیشەو بەو روخسارە دەمبەخەندەیەوە دەهاتە پێش چاوم. هیچ وێنەیەکی شەهیدی گەورەمان د. قاسملووم لەبەرچاو نەمابوو، بێجگە لە سیمای دەمبەپێکەنینی.

من وێنەو فیلمی رێبەرانی دیکەی سەدەی بیستەمی جیهانم هێنایە بەرچاو،
"Roosweelt"، "Churchill"، "Stalin"، "De Gaulle"، "Tito" و... هتد. روخساری هەموویان لە وێنەکانیانداو تەنانەت لە فیلمیشدا، تووڕە، وشکو بە بێپێکەنین بوون. کاتێک کە روزوێڵت بۆ دەگمەن لە فیلمێکدا پێدەکەنی، لە دوورەوە دیار بوو کە لە ناخی دڵەوە پێناکەنێ، بە زۆر لە بەر وێنەو وێنەگران خۆی وا دەنواند کە بە دەم پێکەنینەوە وێنەکەی بکێشرێت. ئەو بزەیەی روزوێڵت لە دڵەوە نەبوو، دەستکرد بوو.

بەشی سێهەم

بەڵام شەهید د. قاسملوو هەمیشەو لە هەر ڕەوشو حاڵێکدا، لە ناخی دڵەوە پێدەکەنیو بەهەر بزەو پێکەنینێکی خۆی، هێز، وزە، شادیو دۆستایەتیی، تیژتر لە تیرێژەکانی خۆر لە دەوروبەری خۆی بڵاو دەکردەوەو بەو تیشکانەی خۆی، غەمگینترین کەسانی دەوروبەری، لە وەڕەزیو خەم دەرباز دەبوونو ئەوانیشی دڵشادو خۆشحاڵ دەکرد.

بەرپرسایەتی، ئەرکو کاری هیچ ڕێبەرێکی سەدەی بیستەم وەک شەهید د. قاسملوو نەبوو. ئەو ڕێبەری گەلێکی مەزڵووم، بێکەس، بێهیواو دەستبەتاڵو لە چوارلایەنەوە لەنێوئاگردا بوو. د. قاسملوو هەستی بەو شتانە نەکردبوو و ئاگاداریان نەبوو؟ نە! ئەو زیاتر لە زۆربەی ڕێبەرانی کوردی ئەوکات ریئالیتەی زوڵملێکراویی نەتەوەی خۆی دەزانی، دەیناسی و هەستی پێکردبوو. بەڵام لە نێو ئەو بێ هیواییەشدا ببووە تیشکی هیواو ئومێدی گەلەکەی. دەروونی تەژی بوو لە ئێش، دەردو مەینەتییەکانی، بەڵام لە روخسارو سیمایدا هەمیشە بزەیەکی پڕلەژیان هەبوو.

من د. قاسملووم لە نێو کۆڵانەکانی پراگدا وەک هەڤاڵ، لە نێو ماڵێداو لە نێو ژن و منداڵەکەیدا وەک باوک، لەزانکۆکانی پراگ و پاریسدا وەک مامۆستا، لە نێو سیاسەتڤانانی ئورووپاییدا وەک سیاسەتمەدارێکی مۆدێرن و بەرچاو، لەسەر چیاکانی کوردستان و بەچەکەوە وەک شۆڕشگێڕ ناسی. جل وبەرگەکانی، کەسانی دەوروبەری، جوگرافیای ئەو شوێنەی کە تێیدا بوو، دەگۆڕان. ڕاستە، بەڵام تەنیا شتێکی ئەو نەگۆڕ بوو و هەمیشە لەگەڵیدا بوو، ئەویش دەمبەخەندەیی شەهید د. قاسملوو بوو. شەهیدی ڕێبەرمان، دوکتور قاسملووی نەمر، سێمبولی دەمبەخەندەیی بوو و ئەو پێکەنینە ببووە بەشێک لە کەسایەتیی ئەو. بزەیەو دوکتور قاسملوو لە یەکتر جیا نەدەبوونەوە و دوور نەدەکەوتنەوە.


د. قاسملوو لە ئاسمانی کوردستان بە تیرێژەکانی خەندەوە، ڕێبەریی خۆی بەسەر گەلە بەشخوراو و زوڵملێکراوەکەیدا هەمیشە درێژە پێدەدا.

منو هاوڕێیان و هۆگرانی د. قاسملوو لەچێک، شانازی دەکەین و سەربڵێندین کە لەژیانی خۆماندا کەسایەتییەکی وەک شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوومان ناسی و بووین بە دۆستی ئەو.

**جێگای د. قاسملوو هەمیشە وەک ڕێبەرێکی دەمبەخەندەو بێوێنە لە نێو دڵ و دەروونماندا پارێزراو دەبێ ...**

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٠

# حکومەتی نەمسا و شەهید کردنی د. قاسملو



پۆڵای موهەندیس:

لە ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ تاقمیکی تیرورستی ئێرانی لە شاری ڤییەننا، د. قاسملو و هەردوو هەڤاڵەکەی عەبدوڵای قادری و دوکتور فازیل یان شەهید کرد، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی نەمسا ئامادە نییە سەر لە نوێ تەحقیق لەو مەسەلەیە بکاتەوە. چونکە باش دەزانیت کە ئازادکردنی قاتیلەکان هەم پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیەو و هەمیش پێشیلکردنێکی ئاشکرای دەستوری نەمسایە.چونکە ئەوکاتە دادگای نەمسا سەروەرییەکەی خۆی لە ژێر فشاری ئێران لە دەستدا.

هەر چەند سەعاتێک دوای کارە تیرۆرییەکە هەردو قاتیلەکە سەحرارودی و بوزورگیان لە بەردەستی پۆلسدابوون بەڵام سەد مەخابن ئازاد کران و ڕەوانەی ئێران کرانەوە ، قاتیلی سێهەمیش نەگیرا بە هۆی کەم تەرخەمی پۆلیسەوە ساڵی پار لە یادی بیست ساڵەی شەهیدکردنی د. قاسملو، لە ڕۆژی ٦ - ٧ - ٢٠٠٩ بە ئامادەبونی دەبیری کوللی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و د. پیتر پیلز ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی سەوزی نەمسا و ئەبولحەسەن بەنی سەدر سەروکی پێشووی ئێران و خێزانی شەهید د. قاسملو خاتو هێلین کۆڵێنج بەڕێوە چوو

ئەوەی شتی تازەیە لە و مەسەلەیەدا کە د. پیتر پیلز باسی کرد ئەوەیە کە دەرکەوتووە فەرمانی تیرۆرکردنی د. قاسملو و هەڤاڵەکانی لە لایەن مەجلیسی ئەمنی قەومی ئێرانەوە دراوە کە ئەو کاتە بریتی بوون لە عەلی خامەنەئی، هاشمی

ڕەفسەنجانی ، عەلی فەلاحیان و عەلی ئەکبەر ویلایەتی. کارە تیرۆرییەکە لە لایەن دوو گروپەوە ئەنجام دراوە گروپێکیان چەکەکانیان هێناوە بۆ ڤییەننا لە ناو بینایە سەفارەتی ئێران لەو شارەدا حەشاریان داوە، گرۆپی دووهەمیشیان کە سێ کەس بوون بە کاری قەتلەکە هەلستاون

د. پیلز باسی ئەوەی کرد بەپێی ئیفادەی ئەو بازرگانە ئەڵمانییە کە ئێستا لە شارێکی ئیتاڵیا لە زیندانداییە بە هۆی چەک فرۆشتن بە قاچاغ ، باسی ئەوەی کردووە کە ئەحمەدی نەژاد کە ئێستا سەرۆکی ئێرانە یەکێک بووە لەو کەسانەی کە چەکەکانی لەو بازرگانە (چەند ڕۆژێک پێش کارە تیرۆرییەکە) کڕیوە. هەروەها دوکارمەندی ئەوسای سەفارەتی ئێران لە ڤییەننا و ئێستا پەناهەندەن لە ئەوروپا ئەو باسەیان پشتڕاستکردۆتەوە و باسی ئەوەیان کردووە کە ئەوان بە چاوی خۆیان ئەحمەدی نەژادیان ڕۆژێک بەر لە ئەنجامدانی کارەتیرۆریستییەکە لە ناو بینایەی سەفارەتی ئێران لە ڤییەننا بینییوە.

جگە لەوەی کە بەر لە سێ ساڵ لە ماڵی ئەبولحەسەن بەنی سەدر لە پاریس د. پیلز چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەسێکی ئێرانیدا کردووە کە پێشتر لە ئیتلاعاتی ئێران کاری کردووە و ئێستاش پەناهەندەیە لە ئەوروپا ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە کە ئەحمەدی نەژاد دەستی هەبووە لەو کارە تیرۆرییە

ئەوەی لای د. پیلز هێشتا ڕوون نییە ئەوەیە کە ئایا ئەحمەدی نەژاد کەسی سێهەم بووە کە پاش تەقەکردنەکە لە د. قاسملو و هەڤاڵەکانی بە مۆتۆرسکیل ڕای کردووە و نەگیرا، یان ڕۆڵی هەر ئەوە بووە کە چەکەکانی پەیدا کردووە بۆ گروپەکە.

شایانی باسە ئەمەریکاو ئەوروپا ئەو کاتە کۆمەکیان هەم بە عێراق و هەمێش بە ئێران ئەکرد لە کاتی شەڕی کەنداودا، هەر وەک چۆن مەسەلەی هەڵەبجەیان پشتگوێ خست تا ئەو کاتەی خۆیان کاریان پێبو، بە ندە پێی وایە کە ڕۆژێک دێت شەهید کردنی د.قاسملو وەکو دەعوایەک لە سەر حکومەتی ئێران هەڵبدەنەوە بەڵام هەر کاتێک کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بوو.

## خوێنەری بەڕێز:

بە زمانی ئەڵمانی لە Eskorte nach Tehran بەسەرهاتی شەهیدکرنی د. قاسملو لە کتێبەکەی د. پیتر پیلز ساڵی

١٩٩٧ بڵاوی کردۆتەوە، بەندە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کەرکوک لە هەفتەنامەی هەواڵ کورتکراوەکەی (پاش پێداچونەوەی لە لایەن نوسەری بەڕێز کاک فەرهاد هەمزەوە) بڵاومکردۆتەوە. پێم چاک بوو سەر لە نوێ بە بێ دەستکاری بیخەمەوە بەردەستی ئێوەی بەڕێز

## شەهید د. قاسملو قوربانی دەستی تیرۆر و بەرژەوەندییەکان

### بەشی یەکەم

#### پێشەکی:

ئاشکرایە لای هەموو کوردێک کە دوژمنانی گەلەکەمان هیچ جۆرە فرت و فێڵێک نەماوە نەیگرنە بەر بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد و سەرکردەکانی ، هیچ جۆرە چەکێک نەماوە بە کاریان نەهێنابێ دژی میللەتەکەمان. لە خشتەبردن و بەکارهێنانی فرت و فێڵ بو لەناوبردنی میر ، سەرەک خێڵ و سەرکردەکانی کورد نەک هەر سیاسەتی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانە، بەڵکو شاو فەرمانڕەوایانی سەفەوی و قاجاری و پەهلەویش هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کردووە.

پەیمانشکێنی و بێبەڵێنی و پیلانی ناجوامێرانە بۆ لەناوبردنی گەرەکانی کورد لە لایەن شاو فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە، لە دێرزەمانەوە بە زیرەکی و زۆرزانی نیشاندراوە، هەمو کوردێکیان بە ئەشرار و ئەوباش ، گایفەی چالە ، گاغی وشەقاوت نهاد، گاوری یەزیدی، فاسد، ملحد و دژی ئینقلاب نابردووە قەتل وعام کردنی لاوانی کورد لە لایەن سادقی خەلخالی و دارو دەستەکەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوو، دۆزینەوەی حیلەی شەرعی بۆ ئیعدامکردنی کچی کورد (بەوەی مارەی ببڕن لە پاسدارێک) پاشانیش ئیعدامی بکەن، یاخود بە زۆر ژنی کوردی دوگیان ئیجبار بکەن کە مندالەکەی پێ فرێبدەن و ئینجا ئیعدامی بکەن، ئەم تاوانانە لە عەقل و هۆشی هیچ کوردێکی بە ئاگا ون نابێت.

هەروەها ئاشکراسە کە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆ پاراستنی گیانی ئەو هاوڵاتییانەی خۆیان کە لە ئێران کاریان دەکرد، چاپۆشییان لە هەموو کردەوە پیس و چەپەڵ و تیرووریستییەکانی ڕژێمی ئێران کردووە.

بەڵگەی هەرە زەق و زیندووی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، شەهیدکردنی د. قاسملو و هاوەڵەکانی لە نەمسا، شەهیدکردنی د.

سادقی شەرەفکەندی هاوڕێکانی لە ئەڵمانیا، تیرورکردنی مهدی بازرگان لە فەرەنسا و دەیان کەسی تر لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە تورکیا وولاتانی تر.

ئەم باسە جگە لەو پێشەکییەی سەرەوە، کورتکراوەی وەرگێڕاوی کتێبێکە بە ناوی ئیسکورتە ناخ تیهران ، ئەو ناونیشانە بە مانای - دوکتور پیتر پیلزە (Dr. Peter Pilz) لە نوسینی Eskorte nach Tehran بکوژەکانی د. قاسملو بە سەلامەتی بەرەو تاران بەڕێکرانەوە- دێت ئەندامی پارلەمانی نەمسایە Die Gruene پیتر پیلز و ئەندامی پارتی سەوزی نەمسایە،شایانی باسە د.

## یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی کورد، سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگی ئەوروپایە

کتێبەکەی د. پیتر پیلز کە ناوی (Eskorte nach Tehran) لە ساڵی ١٩٩٧ بڵاوی کردۆتەوە، پاش ئەوەی پەرلەمانی نەمسا ڕێگەی دا (لە سەر داوای پارتەکانی ئۆپۆزسیون)، دۆکیومینتەکانی ئەو کارە تیرۆرییە ((تیرۆرکردنی د. قاسملو و هاوەلەکانی کە لە ١٣ - ٧ - ١٩٨٨ لە گەڕەکی ژمارە ٣ ی ڤییەننا ڕوویدا چاوی پێدا بخشێنرێتەوە

سەرەتا د. پیلز کورتە باسێکی مێژووی کورد و بزوتنەوەکەی ئەکات، پاشان دێتە سەر ژیانی د. قاسملو و هاوەڵەکانی، هەروەها باسی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی نەمسا و دادگا و پۆلیس و ڕەنگدانەوەی ئە و کارە تیرۆرییە لە ناو میدیای نەمسا و ئەورۆپا و جیهان دەکات.

پاش هاتنە سەر کاری خومەینی و ڕژێمەکەی لە ئێران، ئەبولحەسەن بەنی سەدر لە ڕۆژی ٢٥ - ٢ - ١٩٨٠ کرا بە سەرۆک کۆمار، ئەو داوای لە ئەمەریکا کرد کە یارمەتی عەسکەری ئێران بدات، بەڵام ئەمریکاهەرچەندە رازی نەبوو، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پێی ڕاگەیاندن ئەگەر ئێران چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی ئەوروپا بکرێت..ئەمەریکا لێی بێ دەنگ ئەبێت ئێرانییەکان بە دوای ئەو وولاتانەدا دەگەڕان کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ نین، بۆیە وولاتی نەمسایان هەڵبژارد. بەنی سەدر هەر زوو باوەڕپێکراوی خۆی – عەلی بەهانی- ناردە ڤییەننا، ئەمە دوای چەند مانگێک لە دەستپێکردنی شەڕی ئێران- عێراق کە کۆمپانیای TYP: GHW- U15 پێشتر نەمسا لە مانگی ئازاری ١٩٨٠ ، ١٤ دانە تۆپی نەمساوی جۆری .

دروستی دەکرد لە ڕیگەی ئوردونەوە بە عێراقی فرۆشتبو، کۆمپانیای نۆریکۆم (Noricom) ی نەمساوی VOEST ئەرکی کڕین و گواستنەوەی بە سەر ئوردوندا بۆ عیراق گرتبوە ئەستۆ. ئەو جۆرە تۆپانە (خومپارە) یە مەداکەی ٤٠ کم هەواییە،

کۆمپانیای (HIRENBERGER) یش گۆللە تۆپەکانی دروست دەکرد. دوو کۆسپ لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا هەبو:

١- یاسای فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی، پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەت هەیە کە ڕێگە لە فرۆشتنی چەک دەگرێ بۆ ئە ولاتانی کە لە حالەتی شەردان.
٢- یاسای بێ لایەنی وولاتی نەمسا، واتە ئەندام نییە لە هیچ بلۆکێک، هیچ پەیمانێک وەکو ناتۆ یان وارشۆ، بە فڕتو فیل و ڕیگەی نایاسایی، مەسەلەی فرۆشتنی چەک وتەقەمەنی بە وولاتانی عێراق و ئێران ئەنجام درا.

عێراق لە ڕیگەی ئوردنەوە چەکەکانی پێگەیشت واتە چەکەکان بە ئوردن فرۆشراوە، بەلام عێراق پارەکەی داوە.

ئێرانیش بەو حیسابەی یان بە بیانوی ئەوەی چەک بە کۆمپانیایەکی ئوروگوایی فرۆشراوە لە ڕیگەی ئێرانەوە بەلام ئێران پارەکەی داوە.

هەرچەندە بەنی سەدر لە ڕۆژی ٢٢ - ٦ - ١٩٨١ لە لایەن خومەینیوە لە سەر کار لابرا، بەلام دەرگای بازاری چەک لە لایەنی ئەوروپا و ئەمریکا و بلۆکی ڕۆژهەلات بۆ عێراق و ئێران ئاوەلا بوو. بەو ڕادەیەی کە بازرگانی چەک و تەقەمەنی لە نەمساوە بۆ ئێران لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو خۆی لە (٦،٨) ملیار شلینگ ئەدا واتە (٦٨٠) ملیۆن دۆلار وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی نەمسا Alois Mock یەکێک بوو لەو سیاسییە ئەوروپاییانەی کە شانازی بەوەوە دەکرد کە توانیویەتی ئەو بایکۆتە ی - ئابلۆقە - کە لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران (لە لایەن ئەمەریکاوە)

دانرابو بشکێنێ. بێگومان کۆرت ڤالدهایم سەرۆکی پێشووی نەمساش باسی ئەو پەیوەندییە شەخسییە پتەوەی نێوان Alois Mock (وەزیری دەرەوەی نەمسا) و عەلی ئەکبەر ولایەتی وەزیری دەرەوەی ئێرانی کردووە.

لە سەدەی پێشوودا سەرکردەکانی کورد(هەندێکیان نەبێت) ناوچەیی بیریان دەکردەوە، زۆر ئاشنای سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبون. لە بەر ئەوەی لە سەر ئاستێکی نەتەوەیی (کە خۆی لە ٣٠ملیۆن کورد ئەدا) بیریان نەدەکردەوە، هەمیشە سیاسەتەکانیان لە بازنەی ئەو ناوچانەی کە خەباتیان تیا ئەکرد دەرناچووە دەرەوە،

ئەگەر پەلیشیان بهاویشتایە ئەوا دژی بەشەکانی تری کوردستان بوو، نەک بۆ پشتگیرییان (لە هەندێ حاڵەت نەبێت). ئەمە بۆچونی ڕۆژنەوانی ئەمریکی (جۆناپان ڕانالد) ە کە زۆر شارەزای کێشەی کوردە.

لە بیستەکانی سەدەی پێشوو کوردەکان چاویان لە دەستی ئینگلیز بوو دەوڵەتێکیان بۆ دروستبکات، پاشان پەنایان بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا برد. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، سۆڤیەت دەور و کاریگەرییەکی هەستپێکراوی هەبوو لە کوردستاندا. لە ساڵانی ١٩٧٠ بەدواوە کوردەکان پەنایان بردە بەر ئەمریکاییەکان،

چونکە ئەو کاتە ئەمریکا ڕۆڵی هەبو لە جیاکردنەوەی بەنگەلادێش لە پاکستان. کوردەکانیش بەو هیوایە بوون کە ئەمریکا کوردستانی ئێران و عێراقیان بۆ بکات بە دەوڵەت. دوو سەرکردەی کورد، مستەفا بارزانی و دوکتور قاسملۆ دۆستایەتی ئەمریکایان پێ باش بوو، ئەوان پێیان وابوو کە ئەمریکا کوردستانێکیان بۆ دائەمەزرێنێ. د. قاسملۆ کەوتبوە ژێر کاریگەری دیموکراتیەتی ڕۆژئاوایی، قەد قەناعەتی لا پەیدا نەبوو کە بتوانێ لە گەڵ ڕژێمێکی ئیسلامی کۆنەپەرست هەڵکا، وە پێی وانەبوو کە ئێران بەرەو ئەو دیموکراتیەتە بڕوات کە لە ژێر سایەیدا کوردستانیش شێوە مافێکی نەتەوەیی بدرێتێ.

د. قاسملو جارێک نوسیبوی کە کوردەکانی عێراق لە بری ئەوەی بە عەقڵ سیاسەت بکەن، بە وورگ سیاسەت دەکەن و دەڵێن یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک- یان ڕەش یان سپی-. بۆیە تا ئێستا نەگەیشتون بە هیچ.

وەزیری دەرەوەی نەمسا وا باسی د. قاسملو دەکات:- د. قاسملو لە ئەوروپا زۆر سادە بوو و زۆر بە سادەیش دەجولایەوە بە بێ یاوەر و پاسەوان، بڕوات نەدەکرد کە ئەو سەرکردەیەکە چەند ملیۆنێک کورد پشتگیری دەکەن. ئەو جودا لەو سەرۆک و لێپرسراوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارس زۆر سادە بوو.

ڕۆژنامەنووسی نەمساوی یۆرگ هۆفمان (Jeorg Hofman) وا باسی د. قاسملو دەکات:- کاتێک لە شاخەکانی کۆردستان لە ناو پێشمەرگەکانی دەیبینی کە خەباتی گەریلایانە دەکات، هەست بەوە دەکەیت کە سەرکردە یەکی مەزنە، سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسیشە، بەڵام کە دێتە ئەوروپا، وەکو مرۆڤێکی ئینتلیجێنت و ڕوناکبیر و کراوە خۆی دەردەخات، زۆر بە باشی زمانی فەرەنسی و چیکی قسەدەکات، زۆر شارەزای سیاسەتی نێودەوڵەتییە.

د. قاسملو دایکی کوردێکی ئاسورییە، هەندێکی تر دەڵێن دایکی ئیسلامەو ناوی فاتیمەیە، باوکی خاوەن ئەرز بو. لە گوندی قاسملۆ نزیک بە شاری ورمێ لە ٢٢ - ١٢ - ١٩٣٠ هاتۆتە دونیاوە، باوکی بەشداری کردووە لە بزوتنەوەی کورد لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد. د. قاسملو خۆیشی ئەندام بووە لە یەکێتی لاوانی کوردستان، ساڵی ١٩٤٨ باوکە هەشتا ساڵییەکەی دوو ساڵ زیندانی کراوە لە سەر کوردایەتی.

باوکی د. قاسملو زۆر گرنگی بە خوێندن داوە، پێی خۆش بووە منداڵەکانی بخوێنن، بۆیە د. قاسملو چۆتە زانکۆی سۆربون

## بەشی سێهەم

لە پاریس و لە بەشی ئابوری شانی داوەتە بەر خوێندن. ماوەی دوو ساڵ باوکی پارەی بۆ ناردووە، پاشان لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی ئێرانەوە (تودە) منحەیەکی خوێندنی دراوەتێ و چۆتە پراگ لە چیکوسلۆڤاکیا. لە سەرتای پەنجاکانی سەدەی پێشوو خوێندنەکەی تەواو کردووە و لە زانکۆی کارل مارکس وەکو مامۆستا وانەی ووتۆتەوە. د. قاسملو زیاترلە باری ئابوری وولاتانی عالەمی سێ قوولبۆتەوە،

لە ساڵانی ١٩٦٥ گرنگترین کتێبی نوسیوەتەوە بە ناوی(کێشەکانی گەشەکردنی ئابوری وولاتانی تازەپێگەیشتوو)، هەروەها کتێبی (کوردستان و کورد) یەکێکە لە بەرهەمە هەرە بە نرخەکانی د. قاسملو کە زۆر شارەزایانە باسی کێشەی کورد و باری ئابوری کوردستان دەکات.

ساڵی ١٩٥٢ خاتو (هێلین کۆلینج) ی خواستووە، پاش ماوەیەکی کورت بە دزیوە خۆی گەیاندۆتە کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ دووبارە گەڕاوەتەوە پراگ و لە سەر کارەکەی خۆی وەکو مامۆستای زانکۆ دەوامی کردووە.

لە پراگ وەختێ کوڕەکەی " نوڤۆتنی" سەرۆکی ئەوسای چیکوسلۆڤاکیای دەرنەچواندووە، لە گەڵ کاربەدەستانی زانکۆ و حکومەتی ئەوێدا کێشەی بۆ دروستبووە.

ساڵی ١٩٧٠ دوای بەیانی ١١ ئازار چۆتە بەغدا لەوێ لە وەزارەتی پلاندانان و ئابوری وەکو کارمەند کاری کردووە، بارزانی داوای لێ کردووە کە ببێتە بوێنەری کوردەکانی (بەغدا)، بەڵام د. قاسملو رازی نەبووە،

پێی باش نەبووە خۆی تێکەڵی کێشەی کورد لە عێراق بکات.

## بەشی دووەم

د. قاسملو لە ساڵانی ١٩٦٠ بە دوواوە هەوڵ و کۆششی زۆری داوە کە بزۆتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ژێر ڕکێفی چەپی ئێرانی دەربهێنێ و وەکو لایەنێکی سەربەخۆ دەور ببینێ.

کۆنگرەی سێهەمی حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە مانگی ٦ - ١٩٧٢ بەسترا، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەو حیزبەدا، د. قاسملو دروشمی (دیموکراتی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) ی بەرز کردەوە ، لە کونگرەدا هەندێ لە

ئەندامانی ماویست بوون، هەندێکیشیان نەتەوە پەرست، ئەمیش وەکو سۆسیال دیموکراتێک تیایدا بەشدار بوو. هەرچەندە بەر لە دوو سال ئەو وەکو سکرتێری گشتی ح. د. ک. ا هەڵبژێردرابوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ هەوڵی گەڕانەوەی دا بۆ کوردستان، لەوێ چەپی کوردی کۆمەڵەیان زیندوو کردەوە و هەندێ لە سەرۆک هۆزەکانیش وەکو لایەنی ڕاستی بزوتنەوەی کورد قوتبوونەوە. هەردوو لایان بوونە کۆسپ لە بەردەم زیادبوونی دەسەلاتی قاسملو.

قاسملو داوای مافی چارەی خۆنوسینی کرد لە چوار چێوەی ئێراندا، بەلام خۆمەینی ئەو هەولانەی بە پیلانی دوژمنانی ئیسلام دائەنا.

هەرچەندە مەهدی بازرگان و بەنی سەدر پێیان خۆشبوو کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، بەلام خۆمەینی فەرمانی قەتلوعامی کوردی دەرکرد، بەتوهمەتی ئەوەی ئەوانە زددی ئینقلابن.

ساڵی ١٩٨٠ عێراق پەلاماری ئێرانی دا، جەلال تالەبانی ویستی کورد و ئێران ڕێکبخات بۆ ئەوەی یارمەتی کوردی عێراق بدەن دژی سەددام حوسین. خومەینی ئەوەی بە خیانەت بە ئیسلام لە قەڵەم دا، پاش هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ سەر کوردەکان، ساڵی ١٩٨٤ پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێران کشانەوە ناوچە سنورییەکانی کوردستانی عێراق. زیاتر لە ٢٥٠ هەزار سەرباز و پاسداری ئێرانی لە کوردستان مۆڵدرابوو.

حکومەتی ئێران ئەیویست ئەو بارە قورسە سەربازی و ئابورییە بە زووترین کات سوک بکاتەوە، بەلام بۆی نەچووە سەر. زۆر بە داخ بوون لە د. قاسملو، چونکە ئەو وەکو سەرکردەیەکی کورد لە سەر ئاستی ناوچەکە و ئەوروپا زۆر ناسراو بوو، بە تایبەت لە گەڵ سوسیال دیموکراتەکانی سوید و فەرەنسا و ئەڵمانیا و نەمسا، هەر وەها لە گەڵ بنەماڵەی فرانسوا و دانیال میتران و برۆنۆکرایسکی نەمسا و ئەحمەد بن بیللای جەزائیر ئاشنایەتییەکی چاکی هەبوو بەر لە تیرۆر کردنی د. قاسملو بە یەک دوو ساڵ، سیاسەتی دەرەوەی نەمسابە دوو ڕێگەدا دەڕۆیشت، پارتی سۆسیال دیموکراتی نەمسا کەوتبووە لاواندنەوەی کوردەکان و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی ببن بە کەوتبوە زیاتر پتەوکردنی (OVP) ئەندام لە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال، کەچی پارتی گەلی نەمسا پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی لە گەڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێران.

د. قاسملو بۆ وەختێکی کەم لە فەرەنساوە هاتە ڤییەننا، بۆ ئەوەی سەردانی ئەمەریکا بکاو بۆ یەکەم جار وەک نوێنەری

کوردی ئێران کێشەی کورد بە سەرانی ئەمریکا بگەیەنێت یان دەمەزەردی بکاتەوە، بەڵام بە داخەوە لە ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ بەو پیلانە تیرۆریستیانە د.قاسملو لە گەڵ هەردوو هاوەڵەکەی عەبدوللای قادری - نوێنەری ح.د.ک.ا لە ئەوروپا - و د. فازیل ڕەسول شەهیدکران.

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ دەوری ١٥ کەس لە بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە فەرەنسا تیرۆرکران، پۆلیسی فەرەنسا سەرەداوێکی دۆزیوە، ئەویش وەحید گورجی یە کە تیرۆریستییەکی سەر بە-اگلاعات- ئێران بوو، وەختێ پۆلیس ویستی زیندانی بکات، خۆی کوتایە ناو باڵوێزخانەی ئێرانەوە لە پاریس.

پۆلیس شەو و ڕۆژ دەوروپشتی سەفارەتەکەی گرت، بەرامبەر بەوە پاسدار بە فەرمانی حکومەتی ئێران دەوروبەری سەفارەتی فەرەنسایان لە تاران گرت. پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوان ئێران و فەرەنسا بچرا. پاش هەوڵ و کۆشش بە ئیتیفاق وەحید گورجی خۆی دایە دەستی پۆلیسی فەرەنسا، یەک دڕۆژ مایەوە دوایی ئازاد کرا و گەڕایەوە ئێران. پاش ئەو ڕووداوە ئێران سەنتەری کارە تیرۆریستییەکانی دەرەوەی گواستەوە بۆ ڤییەننا، هەمو کارە تیرۆریستییەکان لە ڤییەنناوە پلانی بۆ دائەنرا، پارە و کەسانی بۆ تەکبیر دەکرا.

ئەوە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، پاش کارەساتی هەڵەبجە، پێشمەرگەی کوردستانی عێراق کشانەوە سەر سنوری ئێران. تالەبانی و بارزانی ڕاستییەکیان بۆ دەرکەوت ئەویش ئەوەیە کە سەددام حوسێن هەر سوورە لە سەر لەناوبردنی کورد و هیچ کاتێک ئامادە نییە ئاشتیانە ئاوڕ لە کێشەی کوردی عێراق بداتەوە.

بۆیە سەرکردایەتی کوردی عێراق چەند ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی تەجروبەی ١٩٧٥ دوبارە نەبێتەوە. یەکێ لەوانە هەوڵدان بۆ ناوبژێکردن لە نێوان کوردی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێکەوتنێک..

لە ڕۆژی ٨ - ٨ - ١٩٨٨ شەڕی ئێران - عێراق وەستا، ئەویش بێ ئومێدییەکی تری خستە ناو دڵی کوردەکان، بۆیە د. قاسملو و تاڵەبانی بە پێی ئەو بارە ناهەموارە ناچار بوون کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ووتو وێژ کردن لە گەڵ ئەو دوو ڕژێمە، تاڵەبانی پێی وابوو دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، دان و ساندن لە گەڵ سەددام کارێکی مەحاڵە.

د. قاسملو ئامادە بوو بکەوێتە دانوساندن لە گەڵ ڕژێمی ئێران. مانگی ١٢ - ١٩٨٨ وەفدێکی ئێرانی بە دزیوە گەیشتە ڤییەننا بۆ ئەوەی دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران لە گەڵ سەرکردەکانی ح.د.ک.ا ووتو وێژ بکات، وەفدەکەبە لێپرسراوێتی جەعفەری سەحرارودی و یاوەری موستەفا ئەجوادی بوو.

د. قاسملو لە ۲۷ - ۱۲ - ۱۹۸۸ بە ئاشکرا لە ڤییەننا بوو لە گەڵ عەبدوڵلای قادری کە نوێنەری حیزب بوو لە ئەوروپا. پێشتریش تاڵەبانی بارزانی ئاگادار کردبووە کەووتو وێژ لە نێوان ح.د.ک.ا و کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئارادایە.

شوێنی کۆبونەوەکان کوردەکانی عێراق ئامادەیان کردبو، تاڵەبانی وەکو ناوبژیکەر بەشداری تیاکرد، سێ کوردیش پارێزگارییان لە شوێنی کۆبونەوەکە دەکرد.

ڕۆژی ۳۱ - ۱۲ - ۱۹۸۸ جارێکی تریش کۆبونەوە کرا، دەوری ۸ سەعاتی خایاند.

**هەندێ لە داواکانی ح.د.ک.ا ئەمانەی خوارەوە بوون.**

۱- لەناوچە کوردییەکان خوێندن بە زمانی کوردی بێت
۲– زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسرێت
۳- سنوری کوردستان دەستنیشان بکرێت
٤- هێزی پێشمەرگە وەکو پۆلیس دابمەزرێنرێتەوە

کۆبونەوەکان بە ئەنجام نەگەیشتن و هیچ ڕێکەوتنێکی لێ نەکەوتەوە، دوو هەفتە پێشتر(اگلاعات) یکی ئێرانی بە ناوی سەیید ریامی گەیشتبوە ڤییەننا، ئەو (اگلاعات) ە پاش ۲ ساڵ لە ئەڵمانیا دەستگیر کرا بە تاوانی هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی ئەندامێکی مجاهدین خەلق مانگی یەکی ۱۹۸۹ د. قاسملو چاوی بە د. فازیل ڕەسول کەوت، فازیل ڕەسول کوردی عیراق بوو، چەپێکی کورد بوو. ساڵی ۱۹۷٤ ڕایکردووە بۆ لوبنان و لەوێشەوە بۆ ڤییەننا، لە زانکۆی ڤییەننا بەشی، ڕامیاری تەواو کردووە، پاشان لە لوکسمبۆرگ کاری دەستکەوتووە دوای هاتنی ئیسلامییەکان بۆ سەر حوکم لە ئێران، د. فازیل کەوتە لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی دەنگ و باسی ئینقلابی ئێران وەکو مرۆڤێکی چەپ دژایەتیکردنی ئەمریکا لە لایەن ئێرانەوە لای ئەو کارێکی باش بوو پاشان مانگنامەی - الحوار - ی دەرکرد، د. فازیل بە هۆی کارەکانی بوو بە کەسایەتییەکی ناسراو، لێپرسراوانی ئێران بەردەوام لێی نزیک دەبونەوە.

د. قاسملو پاش سەردانیکی کورت بۆ چیکوسلۆفاکیا و هەنگاریا هاتەوە ڤییەننا، ئەو بە تەلەفون ئاگاداری تاڵەبانی کرد کە ئەو ئامادەیە دوبارە لە گەڵ ئێرانییەکان دابنیشێت.

لە ١٦ - ٦ - ۱۹۸۹ دەورەی دووەمی کۆبونەوەکان دەستی پێکرد، د. قاسملو بە بێ تالەبانی بەشداری کردبوو،.

**لایەنی ئێرانی بریتی بوون لە:**

**١– جعفری سەحرارودی، لێپرسراوێکی اطلاعاتی ئێران بوو**
**٢– میٚگفی اجوادی، لێپرسراوێکی اگلاعاتی ئێران بوو**
**٣– امیر منصور بوزورگیان ایّل، لێپرسراوێکی اطلاعاتی ئێران بوو**

لە جیاتی تاڵەبانی، نەوشیروان موستەفا بەشداری کرد. بڕیار بوو مانگی ٣ - ١٩٨٩ دوبارە کۆبونەوەکان بەردەوام بێت، بەڵام پێشتر دەفتەری سیاسی ح.د.ک.ا بڕیاری دابوو کە لە جیاتی د.قاسملو، ئەندامی دەفتەر یادقی شەرەفکەندی لە کۆبونەوەکان ئامادەبێت، سەحرارودی ڕازی نەبوو، بە بیانوی ئەوەی کە پێشتر لە گەڵ د. قاسملو ووتو وێژ کراوەو هەر لە گەڵ ئەویش پێویستە کۆبونەوەکان بەردەوام بێت

ڕۆژی ١٤ - ٦ - ١٩٨٩ ڕادیوی تەهران ڕایگەیاند کە ئیمام خومەینی مردووە، کوردەکانیش ئەو مەسەلەیان بە هەند وەرگرت و خستیانە ژێر باس و لێکۆڵینەوە.

حکومەتی ئێران لە ژێر سەرکردایەتی رەفسەنجانی پێی چاک بوو سەر لە نوێ لە گەڵ د. قاسملو ووتو وێژ بکاتەوەبوزورگیان بە ترێن - شەمەندەفەر - لە سویسراوە هاتە ڤییەننا، ڕۆژی ٢٦ - ٦ - ١٩٨٩ چاوی بە د. فازیل کەوت،

**٣ خاڵی پێڕاگەیاند:**

**١– ئێران ئامادەیە بۆ گفتوگۆ**
**٢– ئێران پێی چاک نیە تاڵەبانی ئاگادار یان بەشداری کۆبونەوەکان بکات**
**٣– لە جیاتی تاڵەبانی، ئێران پێی چاکە ئیتر فازیل ڕەسوڵ وەکو ناوبژیکەر بەشداربێت**

**لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە تاڵەبانی دووره پەرێز کرا**

١- تاڵەبانی وەکو دۆستێکی ئێران لە زروفی شەڕی ئێران - عێراق وەکو سەرکردیەکی کوردی عێراق، کوشتنی لە گەڵ قاسملو بە یەکەوە زۆر قورستر دەکەوت لە سەر ئێرانییەکان.

٢- ئەگەری ئەوە هەبوو کە تاڵەبانی بە ئاگاداری پۆلیسی نەمساوی یان هیچ نەبێت بە ئاگاداری کوردەکانی عێراق پارێزگاری لە کۆبونەوەکان بکرێت، بەو پێیەش پلانەکەیان سەرناگرێت.

٣- تاڵەبانی بە حوکمی ئەوەی دەیان جار لە گەڵ کاربەدەستانی عێراق یان ئێران دانوساندنی کردووە و ڕەنگە وەفدی ئێران بهێنێتە ئەو بارە - محرج - ەی کە کورد ڕازییە ڕێک بکەوێت، بەڵام ئێرانییەکان نایانەوێت ڕێک بکەون. چونکە ئێرانییەکان مەبەستیان ڕێکەوتن نەبوو، بەڵکو تیرۆرکردنی د. قاسملو بوو.

## بەشی سێ یەم

اگلاعاتی ئێران وەکو هەمو دەزگاکانی تری ئیستخباراتی دونیا، سەرکەوتوو بون لە دڵنیاکردنی لایەنی کوردی وەکو نێچیرێک وە بڕوابونیان بەوەی کە ئێران نیازێکی پاکی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران.

لە لایەکی ترەوە دەفتەری سیاسی ح.د.ک. ا لە بڕیارەکەی خۆی کە لە جیاتی د. قاسملو، سادقی شەرەف کەندی وەکو لێپرسراوی لایەنی کوردی بەشداری کۆبونەوەکان بکات پەشیمان بووەوە.

ڕوژی ٢٧ - ٦ - ١٩٨٨ فازیل رەسول تەلەفۆن لە گەڵ د. قاسملو دەکات (ئەو کاتە گەڕابووەوە پاریس) و پێی دەڵێت کە لایەنی ئێرانی پێی ڕاگەیاندووە کە ڕەفسەنجانی دوای مردنی خومەینی زۆر بە پەرۆشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. هەروەها پێی دەڵێت کە ئێرانییەکان ئامادەن لە ٢٩ - ٦ - ١٩٨٩ وە لە گەڵ لایەنی کوردی دابنیشن.

ڕۆژی ٣٠ - ٦ - ١٩٨٩ د. فازیل بە فڕۆکە دەچێتە پاریس بۆ لای د. قاسملو، پاش قسەکردن، د. فازیل لە پاریسەوە بوزورگیان ئاگادار دەکاتەوە کە د. قاسملو ئامادەیە سەر لە نوێ لە گەڵ لایەنی ئێرانی وتوو ویژ بکاتەوە، هەروەها پێی ووتبو کە د. قاسملو تا ١٥ - ٧ - ١٩٨٩ وەختی هەیە، چونکە دوای ئەوە دەچێتە ئەمەریکا بۆ ماوەی مانگێک لە ئەمەریکا دەمێنێتەوە.

بۆ ئێرانییەکان چونی د. قاسملو بۆ ئەمەریکا هۆیەکی تر بوو بۆ ئەوەی پێشتر لە ناوی بەرن. د.فازیل ڕەسولیش، بە حوکمی ئەوەی کار دەکات بۆیە ئەویش لە ڕۆژی ١٢ - ٦ - ١٩٨٩ وەختی هەیە وەکو ناو بژیوان بەشداری کۆبونەوەکان بکات.

ڕۆژی ٦ - ٧ - ١٩٨٩ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەم ئاگادارییەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

بۆنەی چلەی مردنی خۆمەینی دەکەوێتە ڕۆژی ١٠ - ٧ - ١٩٨٩، هەرچەندە زانیاری تەواومان نیە کە لەو) ڕۆژە دا کاری تیرۆری دژی ئەمەریکاییەکان ئەنجام دەدرێت یان نا..؟ بەڵام پێویستە هەمو لایەکی پەیوەندی دار ئەو مەسەلەیە بە هەند وەربگرن)

ڕۆژی ١٠ - ٧ پاش نیوەڕۆکەی جەعفەری سەحرارودی گەیشتەوە ڤییەننا و ڕۆژی دوایی تر چووە هەمان ئوتێل کە مستەفا ئەجوادی تیا دەخەوت(مستەفا ئەجوادی پێشتر گەیشتبوە ڤییەننا)!

هەردووکیان تا ڕۆژی ١٤ - ٧ - ١٩٨٩ شوێنیان (حیجز) کردبو لە ئوتێلەکە. هەڵبەتە پۆلیس دوای کارە تیرۆریستییەکە بەو مەسەلەیەی زانی؛

ڕۆژی ٤ - ٧ - ١٩٨٩ د. قاسملو و عەبدوللای قادری دەگەنە ڤییەننا، لەوێ لە لایەن خەسرەوی بەهرامی و کەریمی پیرۆتی نوێنەرانی ح.د.ک.ا لە ڤییەننا پێشوازی دەکرێن. پاش چەند سەعاتێک دەچنە ماڵی د. فازیل ڕەسول بۆ بینینی سەرۆکی پێشوی جەزائیر ئەحمد بن بیللا.

ڕۆژی ١٢ - ٧ - ١٩٨٩ خولی سێهەمی کۆبونەوەکان دەستی پێکرد، شوێنی کۆبونەوەکە د. فازیل ڕەسول Linke Bahn Gasse 5 تەکبیری کردبوو، شوێنەکە خانویەک بوو لە قاتی سێهەم لە کوچەی کە دەکەوێتە گەڕەکی ژمارە سێ لە ڤییەننا. ساختمانەکە هایفۆنی تێدا بوو (واتە لە بەر دەرگای دەرەوە ئەبوایە زەنگ لێبدەیت، لە ماڵەوەش دەست بە دوگمەیەک دەنرێت، ئینجا دەرگای سەرەکی ساختمانەکە دەکرێتەوە)، کۆبونەوەکە چەند سەعەتێکی خایاند، ئێرانییەکان لە کۆتایی کۆبونەوەکە داوایان کرد کە ئەوان ئەبێت ئەنجامی کۆبونەوەکە بە تاران ڕابگەیەنن، بۆ سبەینێ ئامادەن دانیشنەوە. هەر ئەو ڕۆژە بوزورگیانیش چووبوە هەمان ئوتێل کە سەحرارودی و ئەجوادی لێی دەخەوتن؛

ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ سەعات ٤ پاش نیوەڕۆ، د. قاسملو بە یاوەری عەبدوللای قادری و خەسرەوی بەهرامی (نوێنەری حزب لە ڤییەننا) سەردانی وەزارەتی ناوخۆی نەمسایان کرد، لەوێ چاویان بە سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی گشتی وەزارەت کەوت، ئەوان ئەبوایە سەعات پێنج و نیوی پاش نیوەڕۆ لە گەڵ لایەنی ئێرانی دابنیشنەوە. بۆیە هەر لەوێوە بەڕێکەوتن بۆ شوێنی کۆبونەوەکە؛

هیلین قاسملو دەگێڕێتەوە و دەڵێت بەر لە چوونی د. قاسملو بۆ ڤییەننا، من لێمپرسی ئایا ناترسێ لەوەی پلانی لێبکەن. ئاخۆ هاوەڵە کوردەکانی دەیپارێزن..؟ لە وەڵامدا د. قاسملو وتوبووی کە ئەو هەموو شتێکی تەرتیب کردووە. هێلین دەڵی من وامزانی ڕەنگە پۆلیسی نەمساوی بیپارێزن،

هەر لەو ماڵەدا مەسعود بارزانی لە ڤییەننا بوو، هەر وەکو پیرۆت ئیبراهیم (نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق-) دەیگێڕێتەوە دەڵێت: کە بارزانی هەمیشە پۆلیسی نەمساوی پارێزگاری لێکردووە، چونکە بەر لە گەیشتنی وەزارەتی ناوخۆی نەمسای ئاگادار کردۆتەوە.

تاڵەبانیش کە لە کۆبونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەشدار دەبوو هەمیشە چەندین پۆلیسی نەمساوی دەیانپاراست؛

سەعات پێنج و نیوی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ کۆبونەوەی دووەم دەستی پێکرد، لایەنی ئێرانی بریتی بوون لە جەعفەری سەحرارودی، موستەفا ئەجوادی و مەنسور بوزورگیان ئەسڵ. ئەمانە لە خانووەکە چاوەڕییان دەکرد، د. فازیلیش لەوێ بوو. پاش چەند خۆلەکێک د. قاسملو و عەبدوللای قادری دەگەنە جێ؛

بوزورگیان وەکو پاسەوان بە پێوە دەوەستێت، هەر وەکو لە کاسێتەکە گوێی لێگیراوە، ئێرانییەکان بە هەگبەی بەتاڵەوە لەوێ بوون، پاش ماوەیەکی کورت بە دوو دەمانچەی بێدەنگ تەقە لە د. قاسملو فازیل ڕەسول دەکرێت، هەردووکیان دەکوژرێن، دوو گولله بەر قاسملو دەکەوێت، سێ گوللەش بەر فازیل ڕەسول . بە پێی بۆچونی لێکۆڵەرەوەکان عەبدوللای قادری بە بێ چەک بەرهەڵستی دەکات پاشان دەکوژرێت، ئەو حەوت گوللەی بەر دەکەوێت، بەڵام سەحرارودی لە کاتی تەقەکاندا گوللەیەکی وێڵ بەر قۆڵی چەپی دەکەوێت و لە شانییەوە دەرئەچێت؛ موستەفا ئەجوادی شوێنی ڕووداوەکە بە جێدێڵێ و هەروەها لە نەمساوە بەرەو شوێنێکی نادیار دەچێت کە تا ئێستا پۆلیس نازانێ چون و بە چ شێوەیەک نەمسای بە جێهێشتووە؛

سەحرارودی بە یارمەتی بوزورگیان لە ماڵەکە ئەچنە دەرەوە، لە بەر سەختی برینداریيەکەی لە دەرگای ماڵەکەی بەرامبەر ئەدەن، ژنێک دەرگاکە ئەکاتەوە، کە دەیانبینێ یەکسەر میردەکەی ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات، بوزورگیان کۆمەڵی پارە و کاغەز لە گیرفانی سەحرارودی دەرئەکات و دەچێتە سەر جادەکە(خیابانەکە)، سەحرارودی وورده وورده بە پێپلیکانەکان دێتە خوارێ؛

دەوری سەعات ٢٠،٧ ڕووداوەکە ڕوودەدات، سەعات ٢٧،٧ پۆلیس دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، دکتۆرێک دەکەوێتە تیمارکردنی سەحرارودی. بوزورگیان کە ئەزانێ هەر دەستگیر دەکرێ، چونکە جلوبەرگەکەی،.. (My friends,my friends) خوێناوی بوبو بوزورگیان دەگاتە پۆلیسێک هاوار دەکات لە گەڵ پۆلیسەکە بوزورگیان دەگەڕێتەوە شوێنی ڕووداوەکە، پۆلیس کە گیانی بوزورگیان دەگەڕێن مەبلەغێ پارە(١٤٠٠ دۆلار) و کۆمەڵێ کاغەز دەردێنن، پاشانکۆمەڵێک پۆلیس و لێپرسراوی پۆلیس و تیمی تایبەتی دژە تیرۆر دەگەنە جێی ڕوداوەکە؛

کە زۆر دۆستی ئێران بوو، یەکسەر باڵوێزخانەی ئێران ئاگادار دەکاتەوە؛ Bern Ender ڕۆژنامەوان ***

کەریم پیرۆتی، قەرار بوو دوای کۆبونەوەکە د. قاسملو و عەبدوللای قادری بەرێتەوە شوێنی خەوتنیان، کە ئەوان هەر دەنگیان نابێت، ئاگاداری خەسرەوی بەهرامی دەکاتەوە، پێکەوە دەچن بۆ شوێنی کۆبونەوەکە، کە چاویان بە پۆلیس و قەرەبالغییەکە دەکەوێت، یەکسەر تێدەگەن کە ڕووداوێک بە سەر د. قاسملو و هاوەڵەکانیدا هاتووە؛

لە کاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا (تحقیق اولی) بوزورگیان دەڵێت: من لە ڕێستورانێکی نزیک ئەو شوێنە بوومە، دوای ئەوە کە چوومەتە ئەوێ سەحرارودیم بە برینداری بینیوە، هاتومەتە خوارەوە و پۆلیسم ئاگادار کردۆتەوە، جارێکی تر وتبووی کە ئێمەش لە ژوورەوە بووین، چەند کەسانێکی نەناسراو هاتونەتە سەرەوە لە ساختمانەکە و دەرگای ماڵەویان کردۆتەوە و تەقەیان لێکردووین؛

بەڵام کە پۆلیس گوێی لە خەسرەوی بەهرامی و کەریمی پیرۆتی دەگرن، یەکسەر بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمە کارێکی تیرۆریستانەیە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە؛

١- هەر سێ کوردەکە کوژراون، سێ ئێرانییەکەش سەلامەتن، تەنها یەکێکیان بریندارە، یەکێکیانیش هەر زوو ڕایکردووە.
٢- دەرگای سەرەکی ساختمانەکە بە بێ زەنگ لێدان لە خوارەوە و بە بێ ئەوەی لە ماڵەوە دەست بە دوگمەیەکدا نەنێت، دەرگای سەرەکی ساختمانەکە ناکرێتەوە...! کەواتە ئەگەری کەسانی تر کە تەقەیان کردووە درۆیە؛
٣- لاشەی هەر سێ کوردەکە گوللەی (ڕەحم) بە سەریانەوە نراوە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (طلقە الرحمە)، کەچی بریندارە ئێرانییەکە بەر سەری نەکەوتووە؛
٤- بکوژەکان لەوە دەچێت کوردەکانیان پێشتر ناسیبێ، بۆیە بروسکە ئاسا تەقەیان لێکردون گوللەکان هەمووی بەر ئەوان کەوتووە، تەنها گوللەیەکی وێڵ نەبێت کە بەر سەحرارودی کەوتبو؛

٥- هەروەها بەوە دەچێت کە بکوژەکان شوێنی ڕووداوەکەیان پێشتر دیراسە کردبێ بۆیە کارە تیرۆریستیەکەیان سەری گرتووە؛

سەحرارودی دەبرێتە خەستەخانە و بوزورگیانیش بۆ مەرکەزی پۆلیس، نزیکەی ٧ کاتژمێر لێکۆلینەوەی لە گەڵ دەکرێت، ئەو هەر دەڵێت کە کەسانێکی تر تەقەیان لێکردوون؛ هەر ئەو شەوە کرێکارێکی شارەوانی کیسەیەک دەدۆزێتەوەکە دەمانچەیەکی بێدەنگ و جوتە کلیلی ماتورسکیلێکی تێدابوو لە گەڵ هەندێ کاغەز، ئەو کرێکارە دەیباتە پۆلیسخانە، پاشان پۆلیس لە شوێنێکی تر کیسەیەکی تریش دەدۆزێتەوە، دەمانچەیەکی بێدەنگی تری تیابوو لە گەڵ هەندێ شتومەک، کە فەحس دەکرێت، پەنجەمۆری بکوژەکانی پێوە دیارە؛

هەر بۆ سبەی ١٤- ٧ لە ژێر فشاری وەزارەتی دەرەوەی نەمسا بۆ سەر دادگای تاوانی ڤییەنناو پۆلیسی نەمسا (ئەبوایە دەستێوەردانی ئەو وەزارەتە پشتگوێ بخرابایە بۆ ئەوەی یاسا شارێی خۆی بگرتایە)؛ پرۆسەی دەرکردنی بەڵگەی تاوانبارکردن دژی ئەو دوو ئێرانییە دەرنەکرا. بە بیانوی ئەوەی ئیسپاتی تەواو نیە لە سەریان، هەڵبەتە ئەوە فشاری کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە لە ڕێگەی باڵوێزەکەیەوە لە ڤییەننا (ئاغای شیرازی) خرابووە سەر وڵاتی نەمسا؛ هەر بەو پێیەش، بوزورگیان دەبرێتە باڵوێزخانەی ئێران بە مەرجێک هەر کاتێک داوا کرا لە لایەن پۆلیسەوە پێویستە ئامادەبێت. کە لێکۆڵینەوە لە گەڵ سەحرارودی دەکرێت، قسەکانی جیاوازی زۆری هەبوو لە گەڵ قسەکانی بوزورگیان، سەرباری ئەم هەمو ڕاستییانە هێشتا دادگای ڤییەننا ئەوانە بە تاوانبار نازانێت، تەنانەتسەحرارودی کە بریندار بوو وەکو قوربانییەک تەماشا دەکرێت؛ یەک دوو جاری تر لێکۆڵینەوە لە گەڵ بوزورگیان کرا، بەڵام پاشان باڵوێزی ئێران حکومەتی نەمسا ئاگادار دەکاتەوە کە بوزورگیان وەکو دیپلۆماتێک بەولاوە چیتر ئامادە نابێت بۆ لیکۆڵینەوە؛ پۆلیس دەوری باڵوێزخانەی ئێرانی دەگرێت بۆ ئەوەی بوزورگیان ڕانەکات، چونکە دەنگوباسی ئەوە هەبوو کە ڕەنگە بەرەو ئێران ڕابکات؛

## بەشی چوارەم و کۆتایی

ڕۆژی ١٧ - ٧ - ١٩٨٩ بیرۆی مجاهدین خلق لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا، تەواوی زانیاری لە سەر سەحرارودی و بوزورگیانیان بڵاودەکردەوە، کە گەردووکیان نەک دیپلۆمات نین بەڵکو دوو لێپرسراوی پایە بەرزی دەزگای (اطلاعات) ی ئێرانن وە بە فەرمانی ڕەفسەنجانی و عەلی فلاحیان(وەزیری اطلاعات) ئەو کارە تیرۆریستەیان ئەنجامداوە؛ ئیستخباراتی نەمسا بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست بە دوی ئە زانیارییانەدا بکەوێت، بگرە لە لە ئێران؛ ئەوانەیان ئاگادار کردەوە (UN)بری ئەوە هەندێ کارمەندی نەمساوییان هەبوو لە کە ئێران بەجێبهێڵن بە تایبەتی شارەکانی کوردستانی ئێران، ئەمە وەکو هەنگاوێکی بە پەلە نەوا دوایی کوردەکان تۆڵەیان لێ بکەنەوە؛ هەر لەو کەینو بەینەدا، پۆلیس جارێکی تر

شوێنی ڕووداوەکەی پشکنی، یەکدوو قەوانی تری گۆللەی دەمانچەی دۆزیوە کە لە شوێنی دانیشتنی سەحرارودی کەوتبو، ئەوەش بەڵگەیەکی تر بوو کە ئەو دەستی هەبووە لە تەقە کردن. بەڵام هێشتا پۆلیس دەیگوت بەڵگەی تەواو لە سەر بکوژەکان نییە؛

**ئەوەی ڕۆڵی هەبوو لەوەی کە ئەو بکوژانە نەدرێنە دادگا ئەمانەی خوارەوە بوون؛**

١- فرانس لۆشناک وەزیری ناوخۆ – (Frans Loschnak)
٢- ئیگگموند فورئێگەر- وەزیری داد – (Eggmond Foregger)
٣- ئەلویس موک – وەزیری دەرەوە – (Alois Mock)
٤- تۆماس کلیستل- بەڕێوبەری گشتی لە و. دەرەوە، ئێستا سەرۆکی نەمسایە - (Thomas Klestil)
٥- فاشینگ – دادوەری گشتی دادگای ڤییەننا (مدعی عام)؛ – ( Fasching )

ڕۆژی ٢٩ - ٧ - ١٩٨٩ زیاتر لە ٣٠ کارمەندی اطلاعاتی ئێرانی لە بەرلینەوە گەیشتنە ڤییەننا و بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ ئوتێلیان حیجز کردبوو. پۆلیس بۆی دەرکەوت کە ئەوانە بۆ پاراستنی سەحرارودی هاتوون، تا لە خەستەخانەوە برەو فرۆکەخانەی ڤییەننا یاوەری بکەن و لەوێشەوە بەرەو تاران هەڵبەتە دیارە حکومەتی نەمسا گفتی بە ئێرانییەکان دابێت کە سەحرارودی ئازادە، گەر بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئێران. فەرماندەی ئە گرۆپە اطلاعاتییە ناوی موحسین زەعفەرانی بوو؛
ڕۆژی ١٩ - ٧ - ١٩٨٩ د. دانێسک دادوەر لە دادگای گشتی ڤییەننا، پاش وەرگرتنی ئیفادەی مایهارت - خاوەن فرۆشگاە -، بۆی دەرکەوت کە ئەو ماتورسیکلەی کە پۆلیس دۆزییەوە، سەحرارودی کڕیوێتی بە ناوێکی ساختە - موستەفا یالچین- ، هەڵبەتە لە ڕۆژی ڕوداوەکە کلیلی ئەو ماتۆرسکیلە لە گەڵ بڕێ پارە لە گیرفانی بوزورگیان لە لایەن پۆلیسەوە دەرهێنرابوو. بەڵام هێشتا دادگا ئەوانی بە تاوانبار نازانی بەڵکو وەکو قوربانی تەماشای دەکردن؛

ڕۆژی ٢٠ - ٧ - ١٩٨٩ بە هەزاران کورد و فەرەنسی و ئەوروپی بەشدارییان کرد لە ناشتنی تەرمی د. قاسملو لە پاریس، بەڵام یەک نوێنەری نەمساوی لەوێ بەشدار نەبوو؛

شایانی باسە ڕۆژی پێشتر واتە ١٩ - ٧ - ١٩٨٩ خاتو هێلین قاسملو ڕایگەیاند، ئەوانەی پیاوەکەیان تیرۆرکردووە هەرسێکیان اطلاعاتی ئێرانن و بە فەرمانی ڕەفسەنجانی و فلاحیان ئەو ئەنجام داوە وە لە ڕێگەی پارێزەرێکەوە داوای زیندانی کردنی تاوانبارانی کرد، بەڵام لە بەر ئەوەی کاربە دەستانی وڵاتی نەمسا بە تایبەت دادگای دەوڵەت لە نێوان

خۆیان ڕێکەوتبوون کە تاوانباران دادگایی نەکرێن، بۆیە داواکەی خاتو هێلینیان ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی کە بەڵگەی تەواو بە دەستەوە نییە؛

ڕۆژی ٢٢ - ٧ - ١٩٨٩ سەحرارودی لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە لە گەڵ چەند لێپرسراوێکی باڵوێزخانەی ئێران و بە یاوەری و پارێزەری پۆلیسی نەمسا دەچێتە فرۆکەخانەی ڤییەننا و لەوێشەوە بە سەلامەتی بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە - ئەمە پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاساکانی نەمسایە کە خۆی بە وڵاتێکی دیموکراتی و پارێزەری مافی مرۆڤ ئەزانێت. هەروەها ئەوە دەرئەخات کە هەرکات بەرژەوەندی و تیجارەت لە ئارادا بوو، ئەوا یاسا دەوری نامێنێ؛ بوزورگیان کە خۆی لە ناو باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەننا حەشاردابوو، ئەویش هەولی دەربازبوونی ئەدا، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕۆژنامەکانی نەمسا زۆر تانەیان لە حکومەتی نەمسا دا، تا چەند ڕۆژێک بۆیە تا چەند ڕۆژێک کۆنترۆڵی باڵوێزخانەی ئێرانیان بە توندی گرت. بەڵام پاش ماوەیەک لە سەر داوای تۆماس کلیستل– بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەتی دەرەوە-وورده وورده چاودێری و کۆنترۆلەکەیان خاوکردەوە و ژمارەی پۆلیسەکانیان کەم کردەوە؛

ڕۆژی ٢٥ - ٧ - ١٩٨٩ دادگای نێودەوڵەتی لە دانهاک (هۆڵەندا) وڵاتی نەمسای ئاگادار کردەوە کە تاوانبار بوزورگیان خۆی لە باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەنناشاەدۆتەوە، پێویستە حکومەتی نەمسا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارە؛

ڕۆژی ١٩ - ١٢ - ١٩٨٩ دادگای نەمسا ئینجا فەرمانی دەستگیرکردنی ئەو سێ تاوانبارەی دەرکرد، کە ئەمەش مایەی پێکەنین و حەسرەتە!! هەروەها داوای لە پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئنتەرپۆل) کرد کە کۆمەکیان بکات بۆ ئەو کارە؛

هەڵبەتە لێپرسراوانی نەمسا بۆیان دەرکەوتبوو کە بوزورگیان لە سەرەتای مانگی ١٢ - ١٩٨٩ وە لەنەمسا نەماوە ئینجا ئەو فەرمانەیان دەرکرد،. یەکی لە ڕۆژنامەنوسانی نەمسا لە کاتی خۆیدا نوسیبووی کە کوشتنی ئەو سێ کوردە نەک، بازارە بازرگانی وڵاتی نەمسا لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ، نەک هەر تێکی نەدا بەڵکو بەربڵا و بە هێزتری کرد؛ بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا کە ئەو کاتە ئەلویس موک نوسیبوی- پرۆسەی هەناردن (ئیکسپۆرت) بۆ ئێران لە ٥٨% زیادی کردووە؛

هەڵبەتە لە دوای ئە ڕووداە و لە سەرتای ١٩٩٠ زۆربەی وەزیرەکانی نەمسا(دەرەوە، بازرگانی، پیشەسازی،) پەیتا پەیتا سەردانی ئێرانیان کردووە و چەندین ڕێکەوتنامەی بازرگانی و پرۆژەیان لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران ئیمزا کردووە؛

خاتوو هێلین قاسملو هەموو هەوڵی بۆ ئەوە ئەوە بوو کە تیرۆرکردنی پیاوەکەی و هاوەڵەکانی بە تەواوەتی ڕونبکرێتەوە و تاوانباران و ئەو دەوڵەتەی لە پشتیانەوەن سزای خۆیان وەربگرن؛

لە ڕۆژی ٨ - ٢ - ١٩٩٧ دوبارە خاتوو هێلین قاسملو لە ڕیگەی پارێزەرەکەیەوە(مانفرید ڤایدلینگەر) ئیتهامێکی ڕەسمی حکومەتی نەمسای کرد، چونکە لێپرسراوانی ئێران پەیتا پەیتا سەردانی نەمسایان دەکرد. بۆیە لە ڕۆژی ١٥ - ٩ - ١٩٩٧ خاتوو هێلین لە دادگای ڤییەنناوە وولامی نیگەتیڤی درایەوە، بگرە داوای مەسرەفی دادگاکەشیان لێکرد؛ لە دوای شەهیدکردنی سادقی شەرەفکەندی(سکرتێری ح.د.ک.ا)، هەم دادگای ئەڵمان و هەمیش چەندین ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و نەمساوی و هەروەها خاتوو هێلین قاسملو و چەندین کەسانی سیاسی و خەلکی سادە ئەمەی خوارەوەیان بەیان کرد - ئەگەر بهاتبایە وولاتی نەمسا بکوژەکانی د. قاسملویان ئازاد نەکردایە، ڕەنگە سادقی شەرەفکەندی و ئەو قوربانیانەی تر کە بە دەستی تیرۆریستانی ئێرانی تیرۆرکران، ڕەنگە ئێستا لە ژیاندا بوونایە-؛

بێشک زۆربەی وولاتانی دونیا، تەنانەت ئەمریکاو وولاتانی پێشکەوتوو جارجار پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕەکانیانەوە، بەلام ڕژێمی ئیسلامی ئێران بە هەمو کاربەدەستەکانیەوە تیرۆرکردنی نەیارەکانی ئێران وەکو میتۆدێکی شەرعی و سیاسی پەیڕەو دەکەن، هەموو تواناو ئیمکانیەت و پارە و کەرەستەیان بۆ کاری تیرۆری تەرخان کردووە؛ ئەوانەی د. قاسملویان تیرۆرکرد لێپرسراوی گەورە بوون لە سوپای پاسداران و اطلاعاتی ئێرانی و لە ناوچە کوردییەکانی ئێران لە کرماشان دائەنیشتن و کاریان ئەکرد، ئەم شارە بارەگایەکی گەورەی سوپای پاسدارانی ئیرانی لێیەب بە ناوی – قرارگای هەمزە؛ لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کەکێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پێویستە چارە سەر بکرێت یان بە دروستکردنی دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان، یان بە شێوەی ئۆتۆنومییەکی پێشکەوتوو لە هەر وڵاتێک کە کوردستانی پێوەلکێنراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت؛

## پیتەر پیلز

### خوێنەری بەڕێز

دیارە تیرۆرکردنی د. قاسملو و هاوەڵەکانی کەلێنێکی گەورەی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کردەوە، زیانێکی گەورە بوو کە سەرکردەیەکی کورد بە قورسایی د. قاسملومان لە کیس چوو چ وەکو سیاسەتمەدارێکی لێوەشاوە، چ وەک سەرکردەیەکی بەناوبانگ، بەلام پێویستە ئێمەی کورد ئەم دەرس و پەندانەی لێوەرگرین:

**یەکەم**: وەختێک بەرژەوەندی وڵاتێک دەکەوێتە بارێکی ناسکەوە، ئیتر مەسەلەی یاسا و مافی مرۆڤ وەکو لاستیک بە پێی بەرژەوەوەندییەکانی ڕادەکێشرێت و فۆرمولە دەکرێت، واتە مەسەلەی ئەخلاق کەمتر ڕەچاو دەکرێت؛

**دووەم**: ئێمەی کورد نەمانتوانیوە ڕەتدانەوەی گونجاومان هەبێت (من نالێم تۆڵە بە کاری تیرۆر) بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕووداوی جەرگبڕی وەک ئەو کارەساتە، یان کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال ڕووبداتەوە؛

**سێهەم**: لاوازی لۆبی کوردی لە دەرەوە؛

**چوارەم**: کەم شارەزایی سەرکردەکانمان لە مەسەلەی میکانیزمی وتوویژکردن، مەبەستم دەستنیشان - کردنی وەخت و ستروکتۆری شوێنی کۆبونەوەیە لە گەڵ لایەنی بەرامبەر، مەبەستم ئایا لایەنی بەرامبەر بە چ ئاستێک و کام کەسانێک لە گەڵ لایەنی کوردی دائەنیشێت؟

**پێنجەم**: پەشێمانبوونەوەی دەفتەری سیاسی (ح.د.ک.ا) لەو بڕیارەی کە دابووی بەوەی کە لە جیاتی د. قاسملو، سادقی شەرەفکەندی بەشداری کۆبونەوەکان بێت، هەڵەیەکی گەورە بوو.

**شەشەم**: بەنهێنی کۆبونەوەکردن لە گەڵ لایەنی ئێرانی بە بێ ئاگاداری پۆلیسی نەمسا، دیسانەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، وە هەمیشە کاربەدەستانی نەمسا ئەو پرسیارە ئەکەن، کە بۆچی د. قاسملو داوای پۆلیسی نەکردووە بۆ ئەوەی ژیانی بپارێزن؟

**حەوتەم**: پێویستە ئێمەی کورد، هەروەک چۆن شیعەکان یادی (عاشورا)، یان یەهودییەکان مەسەلەی هۆلوکۆست هەموو ساڵێک بەرز ڕائەگرن، پێویستە ئێمەش یادی تیرۆرکردنی د. قاسملو و هاوەڵەکانی هەموو ساڵێک و لە کوردستان و لە هەموو وولاتێک بەرز ڕابگرین؛

## وەرگێڕ


ئەمەی سەرەوە وەکو لە سەرەتادا باسم کرد، بەر لە شەس ساڵ لە هەفتەنامەی هەواڵ بڵاوم کردۆتەوە ئێستەش لە یادی بیست و یەک ساڵەی شەهید کردنی د. قاسملو و هاوەڵەکانی، پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا دەکرێت ئێمەی کورد ئەو تاوانبارانە بدەینە دادگای نێودەوڵەتی؟ یان بە چ ئالییەتێک دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت؟

هەمان ئەو پرسیارگەلەم لە کابرایەکی نەمساوی کرد کە شارەزایە لە کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەو لە وولامدا ووتی کە ئێوەی کورد هێشتا دەوڵەتان نییە، تەنها دەزگا کە دەتوانێت ئەو سکالایەتان بداتە دادگای نێودەوڵەتی، سازمانی میلل ە(یو ئێن)، هەروەکو ئەو دزگایە لە زۆر شوێنی تر (وەکو لوبنان) کردویەتی، بەلام ئێوەی کورد هەر وەکو عەرەبەکان هەڵوێست وەردەگرن، سەددام حوسین بە دەیەها هەزار هاولاتی عێراقی کوشت، عومەر حەسەن ئەلبەشیر لە سودان بە هەزارەها دارفۆری قەتلوعام کرد، نەمان بیینی کۆمکاری وولاتانی عەرەبی، یان کۆنگرەی وولاتانی ئیسلامی داوای دادگایی ئەو تاوانبارانە بکەن، ئەوان ئەڵین بەر لەو مەسەلەیە پێویستە کاربەدەستانی ئیسرائیل بدرێنە دادگا، کەچی لە بۆسنە، کرواتیا، سربیا ئەوان حکومەتەکانیان هاوکاری دادگای نێودەوڵەتیان کرد هەر وەکو میلۆشەڤیچ و چەندین تاوانباری تریان ڕادەستی ئەو دادگایە کرد؛، ئێوەی کوردیش سەبارەت بەو مەسەلەی دادگایی تاوانباران هەمان هەڵویستی عەرەبەکانتان هەیە ماڵتان لە شووشەیە، ئێوە ئەو موستەشارە کوردانەی کە شان بەشانی هێزەکانی سەددام بەشدارییان لە قەتلوعامی میللەتەکەی خۆیان کرد، نەک هەر سزا نەدران بەڵکو پلە و پایەشیان دراوەتێ، بگرە هاوکاری دادگاکەی عێراقیش ناکەن کە داوای کردبو هەندێ لەو تاوانبارانە ڕادەستی دادگا بکرێن؛ وە ئێوە هێشتا بکوژانی سۆرانی مامە حەمە و د. عبد الستار و زەردەشت عوسمان تان نەداوەتە دادگا و پەردەپۆشی دەکەن، کەچی داوای دادگایی ئەو تیرۆریستە ئێرانیانە دەکەن؟

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان پۆست - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٠

## ئایا پۆلیسی نەمساوی دەستی هەبووە لە تیرۆر کردنی قاسملۆدا؟

(خوێندنەوەیەک لە کتێبەکەی کارۆڵ پرانهوبەر)




عەلی سیرینی

پێش چەند ڕۆژێک لە خوێندنەوەی کتێبی: The Passion and Death of Rahman the Kurd، Dreaming Kurdistan بوومەوە. ئەم کتێبە لە نوسینی ڕۆژنامەڤانی ڤەنزوێللی کارۆڵ پڕانهوبەرە. لە ڕۆژانی ڕابردوو، پەیوەندیم کرد بە کارۆڵ و چەندین پرسیارم ئاراستە کرد. پێم باش بوو خوێنەری کورد بە خوێندنەوەیەک لەم کتێبەدا ئاگادار بکەمەوە و تیشکیش بخەمە سەر هەندێک لە وەڵامەکانی کارۆڵ، کە داوام لێیکرد ئەم پرسیار و وەڵامانە بڵاو بکەمەوە، بەڵام ئەو پێی باش نەبوو بڵاو بێتەوە چونکە ڕاستیەکەشی من یەکەم جار کە پرسیارەکانم بۆی نارد، بە ناوی ئەوە نەبوو بڵاوی بکەمەوە. من ٢٩ پرسیارم ئاراستەی کارۆڵ کرد و هەموو پرسیارەکانی وەڵام دایەوە. بەڵام من تەنها تیشک دەخەمە سەر وەڵامەکانی ئەو، دوای پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەک لە کتێبەکەیدا.

ئەم کتێبەی ناوبراو، یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی دەربارەی ئەم دۆسیە نوسراون. ئێستا لە ئالوگۆڕدام لە گەڵ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی لوبنانی بۆ تەرجومەکردنی ئەم کتێبە بۆ زمانی عەرەبی. ڕۆژێک پێش ڕوداوی تیرۆرەکەی ١٣ی جوولای ١٩٨٩، دکتۆر قاسملۆ میزاجی خۆشساز بووە، چونکە ڤیزای ئەمریکای وەرگرتبوو، هەروەها هیواشی هەبوو، گفتوگۆی لە گەڵ ئێرانیەکان سەربگرێ. لەگەڵ دوو ئەندامانی حزبەکەی لە ڤیەننا، کە خێزانەکانیان نەمساوین، دەچنە چێشتخانەیەک لە بەرزاییەکانی ڤیەننادا، بۆ خواردنی نیوەڕۆ. قاسملۆ پێشتر بە نوێنەرانی خۆی لە نەمسا گوتووە کە کەس ئاگادار نەکەنەوە، کە ئەو لە ڤیەننایە، کەچی ڕۆژی ١٣ی جوولای ١٩٨٩، دەوروبەری ئێوارە کاتێک قاسملۆ دەرچووە بۆ دیداری ئێرانیەکان، بە مەبەستی گفتوگۆ، پانزە کەس لە نوسینگەی حزبی دیموکرات لە ڤیەننا چاوەڕێی دکتۆر قاسملۆ دەکەن بۆ ئەوەی سەعات ٤ی ئێوارە بیبینن! ل ١٨

هەروەها هەفتەیەک پێش هاتنیی بۆ ڤیەننا، قاسملۆ چەند کەسایەتیەکی فەرەنسی و نەمساوی بەم سەفەرەی ئاگادار دەکاتەوە. پاشان حکومەتی نەمساوی دەزانێ قاسملۆ لە ڤیەننایە و ڕۆژی تیرۆر کردنەکەی سەردانی وەزارەتی ناوخۆی نەمسا دەکا بەڵام ناتوانێت دکتۆر ماتزکا ببینێ کە ئاسانکاری کردبوو تا قاسملۆ ڤیزای نەمساوی وەربگرێ. ل ١٧.
لە نێوان سەعات ٧ تا سەعات ٢٠ - ٧ ی ئێوارە تاوانەکە ڕوو دەدات. دکتۆر قاسملۆ سێ گوللەی لێدەدرێ. فازڵ ڕسول پێنج گوللە و عەبدوڵلا قادری ئازەریش یانزە گوللە، واتە کۆی نۆزدە گوللەیان بەرکەوتووە، کەچی پۆلیسی نەمساوی تەنها چواردە قەوانی فیشەکی لە ژورەکەدا دۆزیوەتەوە! ل ١٧.

ڕێنێتا، ئەو ئافرەتەیە، دکتۆر فازڵ کلیلی شوقەکەی لێوەرگرتبوو بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان قاسملۆ و ئێران. بەڵام ڕێنێتا بۆ گەشت و گوزار دەچێتە میسر! ل ١٩ بە دواوە.

سەحڕارودی کە بریندار دەبێ لای پۆلیس دەسگیر دەکرێ. بوزرجیانیش هەروەها. ئنجا قازی (مایکڵ دانیک) لە ٢٠ - ١٣ دەچێتە خەستەخانە بۆ بینینی سەحرارودی. پۆلیس ئاوێنەی شکاوی ماتۆڕسایکلێک و کلیلەکە و فۆرمی فرۆشتنەکەشی لە نێو تەنەکەی زبڵدا دۆزیەوە. فرۆشیار دەدۆزرێتەوەو دەبردرێتە خەستەخانە، چەندین وێنەی جیای پیشان دەدەن بۆ ئەوەی بڵێ کامیان ماتۆڕسایکلەکەی کڕیوە، ئەویش سەحڕارودی دەناسێتەوە و پەنجە دەخاتە سەر وێنەکەی ئەو. بەڵام سەحرارودی هەر بەردەوام دەبێ و ئینکاری ئەم مەسەلە دەکا! ل ٢٧، هەروەها لە لاپەڕە ٢٤ بەدواوە.

ئیفادەی بوزرجیان و سەحرارودی بە هیچ شێوە تێک ناکەنەوە و ناکۆکن. بەڵام دادگای ڤیەننا هەردووکیان ئازاد دەکا و بوزرجیان گەڕایەوە ئێران و لە ٢٢ - ١٣ سەحرارودی لە گەڵ چەند دیپلۆماتێکی ئێرانی ڕەوانەی ئێران کرایەوە. ل ٢٧،

٢٨ و ٢٩.

مستەفەوی یەکێک بووە لەوانەی تەقەی کردووە و سێ کوردی کوشتووە، هەر نەبینرایەوە. هەر زوو جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند کە مستەفەوی ئازادانە لە نێو شەقامەکانی تاران پیاسە دەکات. شایەنی باسە ژنەکەی مستەفەوی کوردە و بارزانیە! ل ٢٩، ٢٣٣.

جەلال تاڵەبانی لە لایەک دەڵێ "قاسملۆ دەبوایە بزانێ کاتێک ئێران ئێمەی یەکێتی وەلا نا لە گفتوگۆکە مەبەستیان لەناوبردنی قاسملۆ بوو" بەڵام لە لایەکی تر دەڵێ "قەت خەیاڵم نەدەکرد ئێران بیەوێ قاسملۆ بکوژێ"!! ل ٢٠٢ ، ٢١٨ ، ٢٢٠ و ٢٢٢.
قاسملۆ گوێ نادا بەو هەموو ئاگادار کردنەوانەی پێی گوتراوە. بەڵکو چەند جارێک بە پێکەنین و شۆخیەوە ئەم ئاگادار کردنەوانەی بەرێکردووە! ل ١١، ١٢، ١٣ و ٣٥.

پۆلیسی نەمساوی هەوڵ دەدا فێڵ لە سەرۆکی پێشووی جەزائیر ئەحمەد بن بیللا بکا. پۆلیس بە بین بیللای گوتووە، بەپێی تۆمارکراوێک قاسملۆ داوای کردووە تۆ لە گفتوگۆ ئامادەبیت و ئێرانیش نەیویستووە. پۆلیس لێی دەپرسن ئایا تۆ لە شوێنی تاوانەکە ئامادە بووی؟ ئایا فارسی قسە دەکەیت؟! ئنجا بین بیللاش دەڵێ: کوا تۆمارکراوەکە؟ پۆلیسەکان تەماشای یەکتری دەکەن و دەڵێن: تۆمارکراوەکە وجودی نیە!! لێرەدا بین بیللا زۆر تووڕە دەبێ و بە پۆلیس دەڵێ ئێوە لە گەڵ ئێرانیەکان بەشداریتان کردووە و ئەوان چەکیان لە ئێوە کڕیوە! ل ٢٠٩ و ٢١٠.

بەنی سەدر دەڵێ، زانیاریمان هەیە لە ئێرانەوە کە قسە لە نێوان پاسداران کراوە، بە ئامادەبوونی پێشەوای پاسداران موحسین ڕەزا، کە یەکێک پرسیاری کردووە بۆ فازڵ ڕەسولیان کوشت؟ پێشەوای پاسدارانیش دەڵێ چونکە فازڵ مونافیق بوو، لە گەڵ ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانی کاری کردووە دژ بە ئێمە! ل ٢١١.

**تاڵەبانی**ددان بەوە دەنێ کە لە خولەکانی پێشووتر لە ڤیەننا ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاسەوانی شوێنی گفتوگۆکە بوونە و هەمووشیان چەکدار بوونە! ل ٢١٩.

**هەروەها تاڵەبانی دەڵێ:** کورد نهێنی پێ ناپارێزرێ!! ل ٢٢٢.

بەنی سەدر دەڵێ: فازڵ تەلەفۆنی بۆ کردم کە زۆر مەشغولەو دەیەوێ بێتە پاریس بۆ ئەوەی من ببینێ، بەڵام گوتی کۆبوونەوەم هەیە، بەڵام بە هیچ شێوە باسی ئەوەی نەکرد گفتوگۆ لە نێوان قاسملۆ و ئێران هەیە. فازڵ لە ژێر زەختی هەر دوو لا بوو، چونکە گەر نهێنی دڕکاندبوایە تۆمەتی خیانەتیان دەدایە پاڵ. ل ٢١٠، ٢١١، ٢٢٤ و ٢٢٥

ئازاد ئەندامی حزبی دێموکرات و جێی متمانەی قاسملۆ، وەک ئەوەی قاسملۆ پێی گوتبوو ئێوارە بێت بە شوێنی، کە دەچێت، دەبینێ ئەو ناوە پڕە لە پۆلیس. هەست دەکا شتێک ڕوویداوە. دەچێتە شوێنەکەو پۆلیس دەیبەنە ژووری شوقەکەی ڕێنێتا، دەبینێ سێ لاشە سارد و سڕ کەوتوون لە خەڵتانی خوێندا. بەڵام ئەو شێواز و وێنەیەی ئازاد پاش ماوەیەکی کەم لە کاتی ڕوودانی ئەم تاوانە دەیبینێ، زۆر جیاوازە لەو وێنانەی دواتر پۆلیس نیشانی ئەو و کەسیتری داون!! ل ٢١٤ و ٢١٥.

ئەو کاسێتانەی پۆلیسی نەمساوی پاش چەند ساڵێک لە ڕوودانی ئەم تاوانە، ڕادەستی حزبی دیموکراتی کردوون، زۆر جێگای گومانن. کاسێتەکان لە گەڵ چۆنیەتی تاوانەکە یەکناگرنەوە. ئنجا لێرە پرسیار دێتە کایەوە: ئایا دکتۆر قاسملۆ ئەو کاسێتانەی ڕێکۆرد کردووە یان ئێرانیەکان، یان پۆلیسی نەمساوی؟!

هەر چەندە کاڕۆڵ بە تێر و تەسەلی باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام بابەتەکە پرسیاری زۆری لای من وروژاند بۆیە چەند پرسیارێکم ئاراستەی کاڕۆڵ ڕاپەڕاندن... هەندێکیان هەر ناتوانرێ وەڵامیان چنگ بکەوێ، چونکە تازە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە بە سەر ئەم ڕووداوە. بەڵام هەندێکیان پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی ڕەسمی، گەر بکرێ، هەندێک وەڵامی ئەم پرسیارانە وەدەست دێن. کاڕۆڵ لە وەڵامی پرسیارەکە ئایا خۆی گوێ بیستی کاسێتەکان بووە؟ دەڵێ: نەخێر، بەڵام هیلین کرۆلێچ بێوەژنی قاسملۆ بە نوسراویی دەقی کاسێتەکانی نیشان داوە. هەروەها لە وەڵامی ئایا ڕاستە لە کاسێتی سێیەم دکتۆر قاسملۆ پرسیار دەکا بۆ تاڵەبانی نەهاتووە؟ ئێرانیەکانیش دەڵێن ئێمەش نازانین! کاڕۆڵ دەڵێ: من ناتوانم ئەم پرسیارە وەڵام بدەمەوە دەربارەی تاڵەبانی!!

بەڵام با سەیرێکی کتێبەکە بکەین. لە لاپەڕە ٢٣٧ ەوە لە ژێر ناونیشانی "وتووێژ" کاڕۆڵ بە تێر و تەسەلی باسی ئەم کاسێتانە دەکات.

**کاڕۆڵ دەڵی:** ئەو کاسێتانەی لە ناو جانتای قاسملۆدا دۆزراونەتەوە، پێدەچێ دەستکاری کرابن و هەمان کاسێت نەبن کە ئەو ڕۆژە ڕێکۆرد کراون! ل ٢٣٧.

بەڵام خۆ ئێرانیەکان و کوردەکان لە سەر ئەوە ڕێک کەوتبوون نهێنی بپارێزن. چۆن قاسملۆ توانیویەتی کاسێت ڕێکۆرد بکا بە تایبەتی لە کاتێکدا کاسێتێک تەواو بووە پێویستی بە گۆڕین هەبووە؟!

وا دەردەکەوێت هەندێک شوێنی کاسێتەکان سڕاوەتەوە! ل ٢٣٧ تا ٢٥٠ و ل ٢٥٢ و ٢٥٣.

ئنجا لە بابەتی "گەوزان و ناڵەی سەر زەوی" لە لاپەڕە ٢٥١ ەوە بە تایبەت ل ٢٥٣ فازڵ ڕەسول باسی مەسەلەی کات دەکا و قاسملۆش لە وەڵامدا دەڵێ: سبەی دوای نیوەڕۆ باسی هەر مەسەلەیەک دەکەین حەز بکەیت. یەکێک داوای زیاتر کات دەکات، یەکێکیش دەڵێ گرنگ نیە یا دەڵێ کات مەسەلەیەک نیە. لێرەدا فازڵ دەڵێ دەتوانین بەردەوامی بە گفتوگۆ بدەین تا درەنگی ئێوارە. قاسملۆش بە سوعبەت پێی دەڵێ: بۆ خواردنی شێوان دەعوەتمان دەکەیت؟ فازڵ وەڵام دەداتەوە: گەر ئێوە هەمووتان حەز بکەن، پاش ئەوەی تەواو دەبین دەتوانین بچین بۆ شوێنێک. قاسملۆ دەڵێ: باشە، نان و پەنیر دێنین و لێرە نان دەخۆین! پاشان قسەو باس دەبیسترێ.. فازڵ قسە دەکا... کاسێتەکە دیسان سڕاوەتەوە... فازڵ بە شێوازێک قسە دەکات وەک بڵێی بۆ برادەرانێک مەسافە لە نێوانیان هەیە... بە کاک لە گەڵ قاسملۆ و قادری ئازەر دەدوێ...پاشان قاسملۆ دەربارەی گفتوگۆ دەڵێ قەبولمە... فازڵ دەڵێ بۆ ئەوەی بزانین (بۆ گفتوگۆ) چی دەکەین...

**کارۆڵ دەڵێ:** ئەگەر ئەم کاسێتانە ڕاست بن خۆ دەبێ لێرەدا پێنج چرکەیەک هەبێ دەنگی هەنگاوەکانی پێ و قاچی تۆمار کردبوایە... کەچی نە دەنگێک دەبیسترێ، نە هاوارکردنێک و نە هاوارێکیش... ئایا ئەم سێ کوردە هێشتان زیندوون لە کاتێکدا کاسێتەکە ئەم بێ دەنگیە تۆمار دەکا؟ پاش پێنج چرکە تەقە دەست پێدەکات، بەڵام لە کاسێتە کە تەنها دەنگی سێ چوار تەقەیەکی دەنگ خامۆش (کاتم یۆت) دێ. لێرەدا لە پشتەوەی (باکگراوند) کاسێتەکە چەند دەنگێکی نەناسراو بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێ، بە فارسی قسە دەکەن و بە پێکەنین دەنگەکان ناوبڕ دەکرێن و یەکێک دێ بە زمانی ئەڵمانی قسە لە گەڵ ئەوانیتر دەکات!! ل ٢٥١ تا ٢٥٥.

ئنجا با ئێمەش ئەم پرسیارانە لێرەدا بکەین: ئەم دەنگە ئەڵمانیە هی کێیە لە باکگراوندی کاسێتەکە دەبیسترێ؟ بۆ کاسێتەکان چەندین جار تێک دراون و پچڕاون؟ بۆ دەنگی هاوار و شەڕ نایێت؟ ١٩ گوللە لە قاسملۆ و هاوڕێیانی دراون و کەچی دەنگی تەنها ٣ - ٤ گوللەیەکی دەنگ کپکراو دێ، بۆ؟ کێ ئەم کاسێتانەی لە نێو جانتای قاسملۆ داناون؟ بۆ پۆلیسی نەمساوی دوای چەندین ساڵ ئەم کاسێتانەی ئاشکرا کرد و لە ساڵی ١٩٩٧ لە لۆمۆند دیپلۆماتیک بڵاو بوویەوە؟ بۆ ڕێنێتا ئەو کات نەمسا جێدەهێڵێت و دواتریش کە گەڕایەوە دەعوەتی سەفارەتی ئێران دەکرێ؟!

ئەوە ماوە بڵێین، لەم کتێبەدا هاتووە کە نەمسا دوای ئەم ڕوداوە، نەیهێشتووە دکتۆر سادق شەرەفکەندی بێتە نەمسا!! ل ٢٧١.

ئنجا قاچاغچییەکی چەک و تەقەمەنی کە ئەڵمانیە، لە کاتی گیرانیدا لای پۆلیسی ئیتاڵیا ساڵی ٢٠٠٩ لە "تریستێ" ددانی بەوە ناوە کە لە هەفتەی یەکەمی مانگی هەفتی ١٩٨٩ نیو دەرزەن چەکی سوکیی بردووەتە ناو باڵوێزخانەی ئێران لە ڤیەننا و بەردەوام پەیوەندی لە گەڵیاندا هەبووە. لە کاتی بردنی چەک لە هەفتەی یەکەمی مانگی تەمموزی ١٩٨٩ لە کۆبونەوەکەدا سێ کەس ئامادە دەبن یەکێکیان زۆر بە تەئکید ئەحمەدی نەژاد بوو!! ل ٢٧٤.

پێش ئەم ڕووداوە نەمسا بازرگانی زۆری هەبووە لە گەڵ ئێران و چەکیان بە ئێران فرۆشتووە. دواتر بازرگانیکردنەکە زیاتر بووە. دادگاش ملی بۆ حکومەتی نەمسا کەچ کرد.

**ئەم بابەتە ئاوی زۆری دەوێ. لە کتێبێکدا بە وردی باسی دەکەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەری دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠١٠**

# قاسملو.. کەڵە پیاوی مێژوو.



**هیوا ناسیح**

پێم وایە (ڕەسول هەمزەتۆڤ)ە کە دەڵێت ((هەر گەلێک بە سەرکردەکانیدا بناسە.))، سەرکردە واتە کەشتییەوانی چارەنوسی ئەو گەلە، واتە دروستکەر و بنیادنەری مێژووی، ئەندازیاری ڕەنگرێژی تانوپۆی داهاتووی، شارەزا و (ڕێناس)ی تۆنێلە تاریک و ئاڵۆزەکانی سیاسەت و تاکە شۆڕەسواری هات و نەهاتی. ئەگەر بۆ گەلانی سەربەخۆی جیهان سەرکردە ئەو واتایانە بگەیەنێت، ئەوا بۆ گەلێکی بێبەش کراو و دابەش و داگیرکراو و هەمیشە سەرکوتکراوی وەک کورد زیاد لە مانا و مەغزایەک هەڵدەگرێت و ڕەهەندێکی زیاتری هەیە.

من بەش بە حاڵی خۆم، لە ژیانمدا بۆ مەرگەساتی کەم کەس گریاوم، بەڵام کارەساتێک لەوانەی زۆر هەژاندمی و لە دڵەوە گریاندمی مەرگی ناوادە و شەهیدکردنی حیزفرسەتانە و ناجوامێرانە و نامەردانەی د.قاسملو بوو. ئاخر من سەرەڕای ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا کتێبی (کوردستان و کورد) ەکەی ئەم گەورەپیاوەم خوێندبووەوە، کە باشترین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی بوو لە سەر کورد، بەردەوامیش لە ڕێگەی ڕادیۆی حزبی دیموکراتەوە ئاشنای بیروبۆچون و کەسایەتی قاسملوی نەمر بووم، ئەویش لە ڕێگەی ئەو وتارانەی کە دەینوسین و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵیدا ساز دەکران.

## بەشی سێهەم

قاسملو یەکێک لە دیارترین و هەڵکەوتوترین ڕابەر و سەرکردەی کورد بوو، ئەم مەزنە مرۆڤە لە هۆڵەکانی زانکۆدا مامۆستایەکی بەویقار و فەیلەسوفێکی شارەزای زانستی ئابوری، لە نێو کەژ و کێوەکاندا پارتیزان و سەرکردەیەکی مەیدانیی خاکی و پێشمەرگەیەکی وریای بەرەی شەڕ و پێکدادان، لە میانی کۆبونەوە و کۆنفراسەکاندا دیپلۆماتێکی شارەزا و کارامە و ڕامیار و ڕۆشەنبیر و دووربین و هۆشمەند، لە هۆڵەکانی شانۆ و کۆنسێرتی موسیکی هەندەراندا شانۆیار و هونەردۆست و گوێگرێکی بەسەرنج و سەلیقەی سیمفۆنیاکانی باخ و بتهۆڤن و مۆزارت. لە گفتوگۆی نێو حزبە کوردستانییەکاندا غەمخۆر و ڕابەرێکی بە مشور و لێوەشاوە، لە کۆڕ و کۆبونەوەی حزبی و جەماوەریدا، وتاردەرێکی ڕەوانێژ و بالا ئاست و کارامە، لە کاری سیاسیدا فرەزمانزان و بیریار و بەئاکار و دیموکراتخواز و بیرتیژ، لە گفتوگۆی دۆستانە و هاوڕێیانەدا کۆمەڵایەتی و قسەخۆش و پڕبابەت، لە نووسیندا ڕەواننووس بالادەست و بیرمەند، لە چالاکی شۆڕشگێرانەدا قالبوی خەبات و تێکۆشان، لە کوردایەتیدا کوردستانییەکی پێشکەوتوخواز، لە ئەدەبدا خوێنەرێکی شارەزا و ئەدەبدۆست، بوو. کورت و کرمانج ئەم مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو بەڵکو شێرکۆ بێکەس گوتەنی (گوڵەشەستپەڕەی بەهرە) بوو.

ئەم وەسف و ستایشانەی سەرەوە هی نوسەری ئەم وتارە نییە، بەڵکو هی کەسانی وەک هێمن و هەژار و عەبدوڵای حەسەن زادە و د. کەمال مەزهەر و د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ و د. مارف خەزنەدار و ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئێران عەلیڕەزا نوریزادە و کریس کۆچێرای نوسەری گەورەی بیانی و د. بێرنارد کوشنەری وەزیری پێشوی کاروباری مرۆڤایەتی فەڕەنسا یە، بە جۆرێک ئەمەی دواییان نازناوی (پێغەمبەری ئاشتی) بە قاسملو دابوو.

کاک ڕەحمان (وەک هاوسەنگەرانی خۆی پێیان دەگوت) تا ئەو سەردەمەی خۆی ناسراوترین ڕابەر و سەرکردەی کورد بوو لە جیهاندا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەسانی دیپلۆمات و سیاسەتمەدار و نوسەر و ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنوسانی لە سەرتاسەری جیهاندا دەناسی و پەیوەندی دۆستایەتیی و هاوڕێیەتی گەرمی لەگەڵیاندا هەبوو. هەر بە هەوڵ کۆششی ئەم بوو کە حزبی دیموکرات، وەک یەکەم حیزب لە مێژووی کورد دا، بووە ئەندامی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالی جیهانیی. تاکە ڕابەری کورد بوو کە لە ئەوروپا خوێندبێتی زیاتر لە حەوت زمان بە باشی بزانێت، تاکە سەرکردەی کورد بوو کە کاندید کرابوو بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ. ناوبراو چل ساڵ بێ دابڕان لە ناو حزبی دیموکراتدا کاری کرد و هەژدە ساڵیش سکرتێری ئەم حزبە بوو.

هەڵبەت لێرەدا دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە قاسملوش وەک هەر سەرکردەیەکی سیاسی تر لەپاڵ ئەو هەموو لێهاتویی و زانایەتییەیدا (مەعسوم) نەبووە و بە سەر هەڵەشدا کەوتوە، گەورەترینیشیان بە ڕای من ئەو خۆشباوەڕی و دڵپاکی و متمانەیەی بووە بە دوژمن و داگیرکەرەکەی، کە ئەنجامەکەی بە داخەوە کارەساتی شەهیدبوونی خۆی و هاوڕێکانی

لێکەوتەوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەڵەکانی لە ئەنجامی دڵسۆزی و کارەوە بووە نەک بە مەبەست و نیاز. جێگەی داخە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نە لەسەر چۆنێتی شەهید بوونی وە نە لەسەر کار و خەبات و نووسینەکانی ئەم سەرکردەیە نەکراوە، کە ئەمانە بابەتی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆران.

بە داخەوە ئەم کەڵە سەرکردەیەی کورد لە بەرواری ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا لە ڤییەننای پایتەختی نەمسا (ئوێستریش) بە هاوڕێیەتی عەبدوڵای قادری ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات و فازڵ مەحمود ڕەسوڵ نوسەر و مامۆستای زانکۆ، تیرۆر کران. ئەوەی جێگەی داخ و کەسەریشە تا ئێستا دۆسیەی ئەم کارەساتە لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی دیزە بەدەرخۆنە کراوە و نهێنیەکانی لە لایەن حکومەتی نەمساوە شاردراونەتەوە.

تیرۆرکردنی نامەردانە و ناجوامێرانەی ئەم شەهیدانە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و لە کاتی گفتوگۆدا جارێکی تر سەلماندیەوە، دوژمنانی کورد زۆر لەوە دڕندەترن  کە بیری مرۆڤ بۆی دەچێت و بۆ شکست پێ هێنانی کوردیش کۆ لە هیچ ڕێگایەکی ناڕەوا و نامرۆڤانە ناکەنەوە هەروەها خاوەنی هیچ بەها و ڕەوشتێکی سیاسی نین. قاسملو هەر لە کیس حزبی دیموکرات و کوردی ڕۆژهەلات نەچوو بەڵکو لە کیس هەموو گەلی کوردستان چوو، بگرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێک لە دیموکراتخواز و تێکۆشەر و چەپە پێشکەوتوخوازە دەگمەنەکانی لەدەستدا. لە یادی حەڤدە ساڵەی شەهیدکردنی ڕابەر و سەرکردە د. قاسملو و هاوڕێکانیدا هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکیان و گۆڕەکانیان پڕ لە گوڵ و روناکی بێت.

لە کۆتایی دا دەمەوێت بەم چەند دێڕە لە پەخشانە شیعرەکەی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، کە لە یادی دە ساڵەی شەهید بوونی د. قاسملو دا گوتویەتی وتارەکەم تەواو بکەم..

زەمان چۆن و چەند ئەڕوا با بڕوا
قاسملو بووە بە ئاو
ئاخر ئاو چۆن لە یاد ئەکرێ؟
قاسملو بووە بە هەتاو..
ئاخر هەتاو چۆن بیر دەچێتەوە؟
قاسملو بووە بە کۆتر..
ئاخر کۆتر چۆن ناو دڵمان بەجێ دێڵێ؟
قاسملو بووە بە هاواری ئازادی

## ئیتر هاواری ئازادی چۆن ئەمرێ؟


سەرچاوەکان :

* مستەفای مەعروفی، رۆژنامەی ئاسۆ، ژ ١١٣ی ١٤ - ٧ - ٢٠٠٥
* مانگنامەی کوردستان، ئۆرگانی حدکا، ژ ٢٠ ی ١٣ - ٧ - ١٩٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی ژوئیەی ٢٠١٠

---

# بەڵگەیەکی ویکیلیکس لە مەڕ دیدارێک لە گەڵ دوکتور قاسملوو



**وەرگێڕان لە ئینگلیسی یەوە: حەسەنی قازی**

بەڵگەیەکی ویکیلیکس سەبارەت بە دیداری کاربەدەستێکی ئەمەریکایی لە گەڵ دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ئەم بەڵگەیە لە ١ی سێپتامبری ٢٠١١دا لە لایەن ویکیلیکسەوە بڵاو کراوەتەوە ڕاپۆرت لە سەفارەتخانەی ئەمەریکا لە بەغداوە بۆ بەشی پێوەندیدار لە وەزارەتی دەرەوە

ڕاپۆرتی ژمارە: ٨٥٥ ٨٨ بەغدا

بەرواری ناردنی ڕاپۆرت : ١٦ی فێڤریەی ١٩٨٨

**بابەت: بۆچوونەکانی ڕێبەری کوردی ئێرانی**

١- تەواوی دەقەکە نهێنییە

٢- کورتەی باس

٣- قاسملوو گوتی پێوەندیی لەگەڵ تاڵەبانی باشە، ئەگەر چی سیاسەتی قاسملوو بۆ بێلایەنیی تەواو لە نێوان تاڵەبانی و عێراقییەکاندا جارجار گرژی ساز دەکا. قاسملوو باوەڕی بە هەبوونی ئیئتیلاف و هاوکاری لە گەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێرانی هەیە، بەڵام لەمەر ڕەجەوی کە ئەو وەک "ئاماتۆر" ناوی برد، پێدەچێ مەیلێکی ئاوای بۆ هاوکاری تێدا نەبێ. کردەوەی نیزامیی بەرتەنگی ڕەجەوی لە باکوور (ی عێراق) پێوەندیی نێوان قاسملوو و تاڵەبانیی ئاڵۆز کردوە و، ئێستا ڕەجەوی چالاکییەکانی بەرەو باشوور(ی عێراق) دەگوێزێتەوە، بەپێچەوانەی ڕەجەوی، قاسملوو

هەمیشە خۆی لەوە دەپارێزێ لەگەڵ سەدام وێنەی لێهەڵبگیرێ. قاسملوو بارودۆخی کوردستانی ئێرانی بەئارام باس کرد،لەکاتێکدا پێی وابوو هەلومەرج لە کوردستانی عێراق لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا (لە ڕوانگەی دەستەڵاتی نێوەندی لە بەغداوە) "بە توندی بەرەو گرژی ڕۆیشتوە". سیاسەتی وێرانکردنی گوندەکان کە عێراق بەڕێوەی دەبا بەو ڕادە بەربڵاوە هێشتا لە ئێران لاسای ناکرێتەوە.

## کۆتایی کورتەی باس.

٤- دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ساڵی ١٩٨٨ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران (حدکا)، سکرتێری گشتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە چیاکان هاتە خوارێ بۆ ئەوەی لە ١٠ی فێڤرییە چاوی بە سەدام حوسێن بکەوێ. کاتێک قاسملوو دێ بۆ بەغدا لەبەر هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێرانی لەسوێد و فەڕانسە بەئاسایی پێوەندی بە سەفیرەکانی سوێد و فەڕانسەوەش دەکا، ئەو هەر پێنج تا حەوت مانگ جارێک سەر لە بەغدا دەدا. سەرۆکی سیاسی ( مەبەست لەو کاربەدەستە ئەمەریکاییەیە کە ئەم ڕاپۆرتەی نووسیوە) داوای لە سەفیری سوێد تۆرەن کرد چاوی بە قاسملوو بکەوێ و ئەویش لە ١٢ی مانگی فێڤرییە میوانییەکی ساز کرد بە سفرە وخوانی نێوەڕۆ کە ٦ سەعاتی پێچوو. قاسملوو هەتا بڵێی کەسێکی کراوە، مووقەڵێش و، خۆشبەیانە، تەنانەت بە زمانی ئینگلیسش کە تەنێ یەک لەو شەش زمانانەیە کە باشیان دەزانێ (بە دوای کوردی، فارسی، عەرەبی، فەڕانسەیی، و چێکیدا (دیارە ئەو گوزارشتنووسە، ترکی ئازەری و بڕێک ئاسۆری لە بیر کردوە). لەو میوانییەدا دوکتور قاسملوو بەڕێوەبەرانی دەفتەرەکانی حدکای لە پاریس، ستۆکهۆڵم و بەغداش لە گەڵ بوو (عەبدوڵا قادری، ئیبراهیمی جۆرابچی نووسەر پاشنێوی خودالێخۆشبوو جۆرابچی بە هەڵە نووسیوە (جورابسکا) و سەلام عەزیزی.

## داوخوازی پشتیوانی مەعنەوی

٥- قاسملوو داوخوازییەکی پتەوی کرد بۆ "پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی" ئەمەریکا. ئەو دەستنیشانی کرد سیاسەتی حدکا هەمیشە بریتی بووە لە دژایەتیی توند بە دژی تێرۆریزم و خەڵک بەبارمتەگرتن و نوسخەی بابەتێکی دا بەسەرۆکی سیاسی کە ئەو لەو دواییانەدا (بە ڕێگای نوێنەرێکەوە) لەسیمپۆزیۆمێک لەپاریس پێشکێشی کردبوو لەمەڕ تێرۆریزم و لەو نووسینەدا دژایەتیی کردوە لەگەڵ تێرۆریزم وەکوو ئامرازێکی خەباتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە شۆڕشگێڕییەکان. ئەو گوتی زۆری پێسەیرە سەرۆککۆماری دەوڵەتە یەکگرتووەکان کاتی داوە بۆ چاوپێکەوتنی "کۆمەڵێکی دواکەتووی کەللەکۆنی بنچینەگری ئەفغانی"، لەکاتێکدا هیچ سەرنجێک ناداتە سەر "گرووپە دێمۆکراتە ڕاستەقینەکان" کە لە پێناو "مافە

مرۆیی‌یە ناسراوەکانی جیهانی" دا شەڕ دەکەن.

٦- سەرۆکی سیاسی بە نۆرەی خۆی رایگەیاند لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیروڕای گشتی هەستی هاوپێوەندی‌یان تێدایە لە گەڵ بارودۆخی کورد بەڵام لە مەڕ ئەو هەلومەرجە زۆر نازانن. ڕەنگە کارێکی باش بێ ئەگەر قاسملوو هەوڵ لە گەڵ ڕۆژنامەنووسان بدا لەو بارەیەوە بنووسن. قاسملوو گوتی ئەوە یەک لەو شتانەیە کە کردوویەتی و ئەم جارەی کە لە بەغدایە حەوڵ دەدا ڤیزا وەربگرێ بۆ هەواڵنووسی واشنگتۆن پۆست لە پاریس جاناتان ڕانداڵ (بۆ سەردانی کوردستان). قاسملوو گوتی ڕانداڵ ئێستا خەریکە کتێبێک لەسەر کوردەکان دەنووسێ و بۆ ئەو کارەی چاوپێکەوتنێکی ١٤ سەعاتەی لە گەڵ قاسملوو کردوە. (کتێبی جاناتان ڕانداڵ: "دوای ئەو زانیاری‌یە، چ لێبووردنێک" کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و فارسییش یەکێک لە باشترین کتێبە ڕۆژنامەنووسی‌یەکانە کە لەو ساڵانەی دوایی‌دا سەبارەت بەکوردان نووسرابێ. تێبینی وەرگێڕی کوردی). قاسملوو زۆر لەوە بە داخ بوو کە "سۆڤییەتی‌یەکان هەمیشە وای دەبینن کە حدکا لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیی لێ‌دەکرێ و ئەمەریکایی‌یەکانیش هەمیشە گومانی ئەوەیان هەیە کە سۆڤییەت پشتیوانی لە حدکا بکا" لەکاتێکدا حدکا هیچ دۆستی نیە. "دۆستی ئێمە چیاکانن".

## بارمتە ئیتالیایی یەکان

٧- قاسملوو پێی لێنا کە تازە چاوی بە سەفیری ئیتالیا لە بەغدا، تۆسکانۆ کەوتوە و بەڵێنی پێداوە ئەوەی لە توانای‌دا بێ دەیکا بۆ ئەو سێ ئیتالیایی‌یەی لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ینک)ی تاڵەبانی‌یەوە ڕفێندراون. ئەو گوتی لە ڕابردووش‌دا جاروبار لە مەڕ ڕووداوی ئەوتۆ خۆی تێوە گلاندوە و لەوەدا سەر کەوتوە تاڵەبانی پێمل بکا بۆ بەردانی بەبارمتەگیراوان و، ئەو "بەتەواوی دڵنیایە" کە دیسان ئەوجاریش لەو حەولەی خۆی‌دا سەرکەوتوو دەبێ.( ئەمن وای لێ تێگەیشتم کە ئەوە هەوەڵ جارە ئیتالیاییەکان ڕوویان لێ ناوە و وابزانم پێشتر ئەو هیچ حەوڵێکی نەداوە بۆ ئازادیی ئەو خەڵکە مەدەنی‌یانە.) قاسملوو بێزاریی خۆی پێ وەنەشێرا لەوەی کە ئامادەیی دەستەکانی دیکە بۆ بەکارهێنانی تێرۆریزم هەمیشە سەرنجێکی زۆر زیاتری دەدرێتە سەر تا حدکا، سەرەڕای ئەوەی کە حدکا "ڕێکخستنێکی زۆرجەماوەریتر و پتەوترە."

## پێگەی پشتیوانیی حدکا

٨- قاسملوو گوتی ١٢ - ١٠ هەزار شەڕکەری چالاکی هەیە و لە بەر نەبوونی دەرەتانی لۆجیستیکی "ناتوانێ لەو ژمارەیە زیاتر بحاوێنێتەوە" بەڵام هەر کاتێک پێویست بێ دەتوانێ "چەندین هەزارکەس" زیاتر لەو ژمارەیە وەگەڕ بخا. ئەو

ئیددیعا ده‌كا له‌نێو كورده ئێرانی‌یه‌كاندا هیچ هێزێک نیه كه بتوانێ ڕقه‌به‌ری ڕاسته‌قینه‌ی له‌گه‌ڵ بكا.

(٨٠ "له سه‌دی خه‌ڵک له پشتمن") و گاڵته‌ی به بارودۆخی عێراق كرد: (له ئێرانێ هیچ شتێک وه‌ک ئه‌وه نیه كه ته‌ها محیدین ێک (كورده) "جێگری سه‌رۆک‌كۆمار بێ یان كوردی ئاوای كه پله‌ی وه‌زاره‌تیان هه‌بێ. هه‌ر وه‌ها ئه‌و ژماره زۆره "جاش" ه‌ش كه لێره هه‌یه له‌وێ نیه (جاش زاراوه‌یه‌كی نه‌رێنی‌یه بۆ ئه‌و هێزه عه‌شیره‌تی‌یه كوردانه‌ی كه دراو له ده‌سته‌ڵاتی نێوه‌ندی وه‌رده‌گرن و به دژی كوردان شه‌ڕ ده‌كه‌ن).

٩- قاسملوو له داوخوازه‌كه‌ی له ئه‌مه‌ریكا "بۆ پشتیوانیی مه‌عنه‌وی و سیاسی" جه‌ختی كردوه‌ كه ئه‌و داوای دراو یان چه‌ک و چۆڵ ناكا." هه‌ڵبه‌ت مرۆ هه‌میشه هه‌بوونی شتی زۆرتری پێخۆشه، به‌ڵام ئێمه زۆرمان هه‌یه." ئه‌و ده‌ڵێ حدكا توانیویه‌ته، به‌درێژایی ساڵان ده‌ست به سه‌ر چه‌كێكی زۆری ئه‌رته‌ش و سپای پاسدارانی ئێراندا بگرێ. ئه‌و پێی خۆش نه‌بوو باسی سه‌رچاوه دارایی‌یه‌كانی خۆی بكا، به‌ڵام به ده‌م قسه‌كردنمانه‌وه بۆم ڕوون بووه‌وه هه‌م حدكا و هه‌م ینک تا ڕاده‌یه‌كی زۆر به‌ڕێگای وه‌رگرتنی بارانه له ماڵی قاچاغ به‌ڕێچوونی خۆیان دابین ده‌كه‌ن .

قاسملوو گوتی ئه‌وان "ته‌نێ" سێ‌له‌سه‌د بارانه وه‌رده‌گرن له‌و كه‌لوپه‌له‌ی له عێراقه‌وه ده‌بردرێ بۆ ئێران له‌ئاست ئه‌و له‌سه‌دابیسته‌ی كه له‌لایه‌ن تاڵه‌بانی‌یه‌وه وه‌رده‌گیرێ. نموونه‌ی ئه‌و جۆره كه‌لوپه‌له‌ی ده‌چێته ئێران له‌وانه ویسكی و ڤیدیئۆیه و ئه‌و كه‌لوپه‌له‌ی ده‌چێ بۆ عێراق مافووره و پسته‌یه. پێشتر چا له عێراقه‌وه ده‌هات و شه‌كر له ئێرانه‌وه، به‌ڵام له‌و دوایی‌یانه‌دا هه‌م چا و هه‌م شه‌كر له عێراقه‌وه ده‌بردرێ بۆ ئێران. قاسملوو گوتی له‌و دوایی‌یانه‌دا پرسیاری له تاڵه‌بانی كردوه كه له ڕووی دارایی‌یه‌وه چه‌ند ده‌توانێ به‌رگه بگرێ بێتو له پڕ سه‌رچاوه‌ی دراوی وشک هه‌ڵێ و تاڵه‌بانی وه‌ڵامی داوه‌ته‌وه" دوو مانگ"، له‌كاتێكدا قاسملوو ئیددیعا ده‌كا ئه‌و به‌لانی كه‌مه‌وه "بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ" هیچ دژواری‌یه‌كی نابێ.

١٠- قاسملوو بارودۆخی كوردستانی ئێرانی به "ئارام" له قه‌ڵه‌م دا،له سه‌رده‌می دوای ساڵی ١٩٨٠، واته ئه‌و كاته‌ی كه حدكا كۆنترۆڵی خۆی به‌سه‌ر شاره‌كاندا له‌كیس دا و تاكتیكی شه‌ڕی خۆی له شه‌ڕی به‌ره‌یی‌یه‌وه گۆڕی به شه‌ڕی پارتیزانی. ئێستا ئێرانی‌یه‌كان شاره‌كان كۆنترۆڵ ده‌كه‌ن به‌ڵام كۆنترۆڵی جاده سه‌ره‌كی‌یه‌كانی ده‌ره‌وه‌ی شاران ته‌نێ له سه‌عات ٨ی به‌یانی‌یه‌وه تا پێنجی ئێوارێ به ده‌ست وانه، شه‌وانه كۆنترۆڵی جاده‌كان ده‌كه‌وێته‌وه ده‌ست حدكا. قاسملوو گوتی سه‌باره‌ت به‌داهاتوو "خۆشبین"ه، چونكه پشتیوانی‌لێكردنی له كوردستانی ئێران زۆر پته‌وه. ئه‌و گوتی ئاماده‌یه تا ٢٥ ساڵ له شاخه‌كان هه‌ڵبكا، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌و زووانه خومه‌ینی بمرێ" له‌وانه‌یه بشێوێنی‌یه‌كی زۆر له‌تاران ساز بێ و، چلۆنایه‌تیی

ئابووریی ئێران زۆر شپرزێوە. کاتێک لێم‌پرسی ئەو یان تاڵەبانی و بارزانی سەرزەوی‌یەکی زۆرتریان لە ژێر کۆنترۆڵدایە قاسملوو وەڵامی داوە سێ ساڵ لەمەوپێش ئەو ناوچەی زیاتری لەژێر دەستەڵاتدا بوو، بەڵام ئێستا کوردە عێراقی‌یەکان ناوچەی زیاتر کۆنترۆڵ دەکەن. گوتیشی ئەوە لەبەر ئەوە نیە ئەو وەزعی خراپ بووبێ - بە پێچەوانە وەزعی زۆر باشیشە - بەڵام زیاتر هۆی ئەوەیە بارودۆخی ڕێژیمی بەغدا لە کوردستانی عێراق لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا "بە توندی بەرەو خراپی" چووە. قاسملوو دەڵێ ئەو چەند ساڵ لەوەپێش دەورێکی سەرەکیی گێڕا بۆ ئەوەی تاڵەبانی و سەددام بۆ ماوەیەکی درێژ شەڕ ڕاگرن و بەیەکەوە وتوویژ بکەن، بەڵام ئەو وتوویژانە بە هیچ کوێ نەگەیشتن.

## ناچار بوو مەقەری سەرکردایەتی ڕاگوێزێ

١١- قاسملوو پێی لێدەنێ ئەو بەو دوایی‌یانە ناچار بووە مەقەری سەرکردایەتیی خۆی لە بەر بۆمبارانی خەستی ئێرانی‌یەکان ڕاگوێزێ. شوێنی پێشووی سەرکردایەتی - ئەو لە سەر نەخشەیەک کە بەداخەوە زۆر ڕوون و ورد نەبوو نیشانی دام - وێدەچێ لەنیزیک زێی پچووک بووبێ لەوجێیەی کە بەرەو عێراق لووزەو دەبەستێ (بە تەخمین ٣٦٠١ دەرجەی باکووری، ٤٥٢٠ دەرجەی ڕۆژهەلاتی). ئەو لەوێندەرێ نەخۆشخانەیەکی گەورەشی هەبووە کە هەموو مانگێک دوکتورانی فەڕانسەیی بە نۆرە کاریان تێدا دەکرد وحدکا زۆر جار تووشی هەلومەرجی نائاسایی دەهات و دەبوو لەوێ هاوکات هەم بریندارەکانی تاڵەبانی و هەم ئی ئەڕتەشی عێراق وەربگرێ. شوێنی نەخۆشخانەکە ئیدی نەدەپارێزرا چونکە ئەڕتەشی ئێران لە لای ڕۆژهەلات و ئەڕتەشی عێراق لەلای ڕۆژئاواوە لێی نیزیک کەوتبوونەوە و هێزەکانی تاڵەبانییش لەپشتەوەی ئەڕتەشی عێراق بەرەو ڕۆژئاواتر دامەزرابوون "هەموو کەس هەمووکەسی تۆپباران دەکرد." ئێستا ئەو گوێستوویەتەوە شوێنێک کە نیزیکەی ٣٥ کیلۆمیتر بەرەو باکوورە (بە تەخمین ٣٦٢٠ دەرجەی باکووری ، ٤٥١٥ دەرەجەی ڕۆژهەلاتی)، دیسان ڕاست لە سەر سنووری ئێران، جا بۆیە قاسملوو دەڵێ زۆربەی کات لەنێو خاکی ئێراندایە، بەڵام ئێرە شوێنێکە کە ئەڕتەشی عێراقیش هێندێک بەرەو ڕۆژئاواتر لێی دامەزراوە. کەوابوو، وا وەبەرچاو دێ ئێستا مەقەری سەرکردایەتی‌یەکەی لە شوێنێک بێ کە ئی هیچ کەس نیە و لەوێ حدکا بە تەواوی دەستی دەڕوا. قاسملوو دەڵێ لەو شوێنە نەخۆشخانەکەی دروست کردووەتەوە و دوکتورە فەڕانسەیی‌یەکان بەردەوامن لە سەر هاتنیان بۆ ئەوێ.

١٢- قاسملوو سەبارەت بە شەڕی ماوەت لەسەر چۆمی جۆگەسوور کە لە لای خوارووی مەقەری پێشووی سەرکردایەتیی وی هەڵکەوتوە گوتی، ئامانجی ئێرانی‌یەکان ئەوەیە کە ڕێگای بەرەو ڕۆژهەلات - ڕۆژئاوا بۆ تاڵەبانی بکەنەوە. ئەو لێی زیاد کرد بنکەی سەرکردایەتیی تاڵەبانی، لەڕۆژهەلاتی خوارووی ماوەت هەڵکەوتوە (شوێنێک بە تەخمین لە دۆڵی چۆمی شلێردا کە لە خوارووی ماوەت لە گەڵ جۆگەسوور تێکەڵ دەبێتەوە، نیزیکەی ٣٥٤٧ دەرەجەی باکووری، ٤٥٤٠ دەرەجەی

ڕۆژهەلاتی). ئێرانییەکان ئەو بەرزاییيانەیان بەدەستەوەیە کە بەلای ڕۆژهەلاتەوە دەڕواننە ماوەت، عێراقییەکانیش کۆنترۆلی تەپۆلکەکانی ڕۆژئاوای باشووری ماوەتیان بەدەستەوەیە و، لەوێ شەڕی زۆر ڕووی داوە و هەر وەها لە چیایەکی ڕۆژئاوای ماوەت کە بەشێکی لە بن کۆنترۆلی ئێرانییەکاندایە. هەر ئەو ڕۆژە سەر لە بەیانی قاسملوو لە بنکەی سەرکردایەتییەکەیەوە تەلەفۆنی بۆ کرابوو کە عێراقییەکان هەر ئێستا دەستیان کردوە بەهێرشێکی تازە بۆ سەر سەنگەری ئێرانییەکان لەڕۆژئاوای ماوەت. بەقسەی قاسملوو ماوەت بۆ خۆی، وەک "پێنجوێن" بەتەواوی چۆل کراوە.

## پێوەندی لەگەڵ تاڵەبانی

١٣- قاسملوو دەڵێ ئەو "دۆستێکی زۆر چاکی" تاڵەبانییە. لەو دواییيانەدا داوای لە تاڵەبانی کرد هێندێک خاویاری دەریای خەزەری بۆ بێنێ و کاتێک تاڵەبانی ئەوەی بۆ هێنا بەشۆخی بە قاسملووی گوت بۆ ئەوەی بتوانێ خاویارێکی زیاتر لەوەی ئێستا کە بەشێوەی ئاسایی ئیزن دەدرێ وەدەست بهێنێ دەبوو بە ڕێگای کاناڵی تایبەتییەوە ئەوە جێبەجێ بکا و ئەگەر دەستەلاتدارانی ئێرانی زانیبایان ئەو خاویارە بۆ کێیە"جەلتە لێی دەدان". قاسملوو پێی لێنا دیارە جاری وا هەیە زۆر بابەتی ناسک دێتە گۆڕێ. بۆ وێنە، بەو زووانە ٥٢ عەسکەری عێراقی، کە شەش ئەفسەریان لەنێودا بووە، داڵدە دەهێننە بەر حدکا و تاڵەبانی داوایان لێدەکا ئەو عێراقییانە بدرێن بەو. قڕە لە سەر ئەو بابەتە دوو حەوتووی پێدەچێ بەلام قاسملوو پێکێشی دەکا کە حدکا بە گردبڕی لە هەموو کاروبارێکی نێوان عێراقییەکان و کوردەکان "لایەک ناگرێ" و، دوا جار عەسکەرەکان و ئەفسەرەکان ڕادەستی ئەرتەشی عێراق دەکاتەوە. قاسملوو لە قسەکانیدا لەکاتێکدا بە شێوەیەکی چاوڕاکێش کراوە بوو، بەلام حەولیشی دەدا ئەو وشانەی دەکاریان دەکا ورد بن و، هیچ ئامادە نەبوو باسی پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ مەسعوود بارزانی بکا، هەر ئەوەندە نەبێ بەتانەوە ئەو بیرەی بەرپەرچ دەداوە کە "پدک"ی بارزانییەکان قەت "پارتییەکی ڕاستەقینە" بووبێ. " ئەوان تەنێ عەشیرەتێکن".

## سەدام بەرپرسیارە

١٤- قاسملوو چ برِ مەیلی ئەوەی تێدا نەبوو باسی دیداری خۆی لەگەڵ سەددام بکا، یان تەنانەت ڕاستەوخۆ پێی لێبنێ کە دیدارێکی ئاوا هەر کرابێش (ئەگەرچی لەدیداری تایبەتی لە گەڵ سەفیری سوێددا زۆر ڕەپ و ڕووتر قسەی کردبوو)، لە قسەکانیدا ئەو مەتۆڵەکە فارسییەی بە شاهید هێناوە کە دەڵێ: "ئەگەر بتوانی خودای ببینی ئیدی هیچ پێویست ناکا بۆ هاتنەڕەدایێ لە گەڵ یەکێک لە دوازدە ئیمامەکان خۆت سەغلەت کەی. "قاسملوو گوتی بە پێچەوانەی ڕێبەری موجاهیدینی خەڵق ڕەجەوی،"ئەو بە گردبڕی هیچ پێی خۆش نیە" لە گەڵ سەددام وێنەی لێهەڵبگیرێ یان هیچ بانگەشە و تەبلیغات

سەبارەت بەسەفەری بۆ بەغدا بکرێ، چ دەگا بە دیداری سەددام. "کاری ئاوا وەنەبێ لە ئێران زۆر بە دڵێ خەڵک بێ." کاتێک سەرۆکی سیاسی پێکێشیی لێکرد کە پێی بڵێ لە نێو عێراقی‌یەکاندا کێ بەرپرسی کاروباری لەمەر کوردەکانە، قاسملوو وەڵامی داوە سەددام. ئەو بەرپرسیاری هەموو شتێکە. ئەو درێژەی پێدا و گوتی: ئەوە بە جێی خۆی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە سێ کەسی گرنگ لە عێراق هەن: سەددام، (عەدنان خەیروڵا، وەزیری بەرگری، ئامۆزا (خاڵۆزا دروستە) و ئاواڵ زاوا (ژنبرا دروستەی سەدام)، کە بەرپرسیاری باشوورە؛ و عەلی حەسەن ئەلمەجید زڕبرا (ئامۆزا دروستە)ی سەددام کە بەرپرسی باکوورە. لەگەڵ ئەوەشدا، قاسملوو گوتی ئەو زۆر کەم چاوی بە عەلی حەسەن کەوتوە. بەڕواڵەت لەبەر ئەوەی ئەو بەبینینی "خودا" پێویستی بە کەسی دی نیە.

## تێکدانی لادێکان

١٥- سەرۆکی سیاسی کاردانەوەی قاسملووی پرسی سەبارەت بە کردەوەی ڕووخاندنی لادێ کوردیی‌یەکان لە لایەن عێراقەوە. قاسملوو گوتی "زۆربە"ی گوندەکان تێک ڕووخێندراون ، بەڵام وێدەچوو سۆز نەیگرێ کاتێک باسی ئەوەی دەکرد. سەرۆکی سیاسی لێی‌پرسی داخودا ئەو کردەوەیە دەرئەنجامی بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە و پەنابەران. ئەو وەڵامی داوە تێکدانی گوندەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی پێشمەرگە بەڵام نە ئەو و نە تاڵەبانی پەنابەرەکانیان هان نەداوە کە بچنە نێو خاکی ئەوانەوە، ئەوەش لە بەر دژواری‌یەکی زۆری کە بۆ ناندان و ئاگاداری‌کردن لەخەڵک هەیە. ئاکامی ئاشکرای کەمپەینی ڕووخاندنی گوندەکانی عێراق بە بۆچوونی قاسملوو، تێکدان و نەهێشتنی نیزیک بەتەواوی شێوەژیانی کشتوکاڵیی کوردەکانی عێراقە. پیاوی کورد لە عێراق تەنێ دوو ڕێگایان لەبەرە، یان بچنە شارەکان یان ئەوەی لەو نێوەندە موجەممەعە تازە دروستکراوانەدا بژین کە لەوێش تەنیا شتێکی کە بتوانن پێی بژین "جاشایەتی" یە. قاسملوو گوتی ئێرانی‌یەکان تا ئێستا لە کۆی زیاتر لە حەوت هەزار گوند لە کوردستانی ئێران هەر ٢٥ گوندیان ڕووخاندوە (و ئەو دەڵێ کە حەشیمەتی کورد لە ئێران حەوت میلیۆنە). قاسملوو گوتی دیارە هەر لایەک دەیەوێ خوو و خدەی خراپ لەلایەکەی دیکە فێر بێ. ئەو گوتی یەکێک لە خووە خراپەکانی ئێرانی‌یەکان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی‌یە، هەر دووک لا بەکاری دەهێنن، ئەگەرچی عێراقی‌یەکان زۆر زیاتری بەکار دەهێنن. سەرۆکی سیاسی پرسیاری لێکرد بە لەبەرچاوگرتنی تەبیعەتی ڕووت و قووتی زۆربەی کوردستان، داخوا هێرشی هیلیکۆپتێران و هێرشی هەوایی دیکە کێشەیەکی جیددی بۆ هێزی پێشمەرگە ساز ناکا، قاسملوو گوتی نە ئێمە و نە کوردەکانی عێراق زۆر لە هیلیکۆپتێران نیگەران نیین. دەتوانین خۆمان لە ئاست ئەوان بپارێزین، بەڵام تۆپخانە موشکیلەیەکی جیددی‌یە بۆ ئێمە. دیارە چەکی کیمیاییش کێشەیەکە.

## بۆچوونی کوردەکان سەبارەت بە عێراق

١٦- قاسملوو وەنەبێ سەری قسەکانی لە دەست دەربچێ و ڕەخنە لە عێراق بگرێ، بەڵام دیارە ئەو خۆی پێ ڕانەدەگیرا کە بەقسەی تیژ بە ئاشکرایی نەفرەت و بێزاریی خۆی لە عەرەبان و ڕێژیمی عێراق نیشان نەدا، ئەو بەتایبەتی گوتی، بەغدای یەکجار زۆر پێناخۆشە و ئەگەر بەگردبڕی پێویست نەبێ پێی تێنانێ. ئەو بە نابەدڵی پێی لێنا کە ئێران کۆمەڵەیەکی زۆر لە گۆڕانهاتووتر و دینامیکترە لەعێراق. بە حەسرەتەوە گوتی:" بەڵێ لە ورمێ خەڵک دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێ دەست بدەنە تەلەفون و تەلەفۆن بکەن بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکان و، ئەوان ئازادن بۆ سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام بە دوای ئەوەدا بە خێرایی دایگرتەوە لە چاو ئێران لە عێراق دەستتێوەردانێکی زۆر کەمتر هەیە لە ئەخلاقیاتی تایبەتیی خەڵکدا و عێراق زۆر "کراوەترە بۆ بیروڕای مۆدێرن"، ئەو گوتی نەفرەتی لە شا کردوە،" بەڵام خومەینی زۆر لە شا خراپترە. قاسملوو لە ساڵی ١٩٧٩دا دوو جار چاوی بە خومەینی کەوتوە و بە شێوەی بێشەرمانە درۆی لەگەڵ کراوە ، قاسملوو بەردەوام بوو لە سەر ئەوەی دەرسێکمان پێبڵێ سەبارەت بە عادەتی "تەقیە" لە نێو شیعەدا (بریتی‌یە لە درۆ و تەفرەدان بۆ خزمەت بە مەبەستێکی بەرزتر) وەکوو بەشێکی جیانەکراوە لە کەسایەتیی شیعە. سەرۆکی سیاسی بە نۆرەی خۆی ڕایگەیاند کە ئێمە خۆشمان لە دوایی‌یانەدا چەند دەرسێک سەبارەت بەو بابەتە فێر بووین.

## ڕەجەوی

١٧- قاسملوو ڕایگەیاند حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستیی بە هاوپەیمانی لە گەڵ گرووپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە، چونکە ئاشکرایە کە تەنێ بە سەری خۆی ناتوانێ ڕێژیم برووخێنێ. ئەو پەژراندی کە ڕێژیمی ئێران پشتیوانی‌یەکی بەربڵاوی لێدەکرێ ("بە سەدان هەزار ئاخوند کە بە تێکقرمانی ڕێژیم بژیوی خۆیان لە مەترسی‌دا دەبینن") و ڕووخاندنی وەنەبێ کارێکی هاسان بێ. سەرۆکی سیاسی پرسیاری ئەوەی لێکرد داخوا ئەگەری هاوپەیمانی لە گەڵ ڕەجەوی هەیە،چونکە هەرچۆنێک بێ، قسەی ئاوا هەیە کە ئەو لە باکووری عێراق عەمەلییاتی نیزامی کردوە. قاسملوو ڕەجەویی وەک "ئاماتۆر"ێک نێوزەد کرد "کە بەوپەڕی‌یەوە" ١٢٠٠ شەڕوانی هەیە، بەڵام ماشێنێکی پڕوپاگاندەی زۆر باشی هەیە. ئەو گوتی ڕەجەوی لە باکوور حەولی چەند کردەوەیەکی دابوو، بەڵام بە پێچەوانەی حدکا موجاهیدینی خەڵق "لە ئێران هیچ پێگەیەکی واقیعیی هێزیان نیە". قاسملوو جەختی کردەوە " لەڕاستی‌دا، لە نێو گشت گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا، "تەنێ حیزبەکەی من خاوەنی هێزی گرنگە لە نێوخۆی ئێراندا." قاسملوو گوتی کردەوەکانی ئەو دوایی‌یانەی ڕەجەوی لە باکوور کێشەی بۆ حدکا ساز کردوە، چونکە جاروبار لەگەڵ هێزەکانی تاڵەبانی تێکهەڵچووە.

قاسملوو گوتی لەوەودوا ئیدی ڕەجەوی لە باکوورەوە عەمەلییات ناکا و ئێستا گوێستوویەتەوە بۆ باشوور. ئەو گوتی "بە ڕواڵەت ڕەجەوی پێی خۆش نیە لەگەڵ هیچ هاوپەیمانی‌یەک بکەوێ." "ڕەجەوی خەیاڵی گەورەی لە مێشکی‌دایە، پێی وایە لە وزەی‌دایە گشتی بە سەری خۆی پێک بهێنێ".

## کۆنگرەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

١٨- لەو نێوەدا، نوێنەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە پاریس (کە بڕیارە لە گەڵ هاوڕێیەکەی ستۆکهۆڵمی لە ١٥ی فێڤریە بگەڕێنەوە ئوڕووپا) گوتی "نیزیکەی ٢٠٠ نوێنەری حیزب لە کۆنگرەدا بەشدار بوون و ئەو کۆنگرەیە لە بنکەی نوێی سەرکردایەتی بەڕێوە چووە. پێشتر هەمیشە کۆنگرەکانی حیزب بە دووساڵ جارێک دەگیران، بەڵام لەبەر ئەو دژواری‌یانەی کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب لە گەڵی ڕووبەڕوون بۆ سەفەرکردن لە بەشە دوورەکانی کوردستانی ئێران و پەڕینەوەیان لە سنوور بۆ ئەوەی بگەنە بنکەی سەرکردایەتی لە عێراق ئێستا بڕیار دراوە کە کۆنگرەی داهاتوو تا سێ ساڵی دیکە نەبەسترێ. قاسملوو لەکاتێکدا لەسەر تەبیعەتی دێمۆکڕاتیکی حیزبەکەی و سیاسەتەکانی پێداگریی دەکرد و دووپاتەی دەکردەوە(و شیی‌کردەوە کە مەبەستی لە "دێمۆکڕاتیک" بەمانا ڕۆژئاوایی‌یەکەیەتی نەک ڕۆژهەڵاتی‌یەکەی) ئەوەشی دەپەژراند کە هیچ ڕقەبەرێکی نەبووە بۆ پلەی سێکرتێری گشتی. سەرۆکی سیاسی پرسیاری کرد داخوا هیچ لە نوێنەرانی حدکا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە کۆنگرەدا بەشدار بوون، وەڵامی ئەوە بوو بەڵێ ئەوان لە کۆنگرەکانی پێشووتردا بەشدار بوون، بەڵام هیچیان نەهاتن بۆ ئەم کۆنگرەیە.

## کۆمەڵە

١٩- سەفیری سوێد واقورمانی خۆی لەوە نیشان دا کە دوو حەوتوو لەمەوبەر ڤیزایەکی توریستیی بۆ سەردانی سوێدی داوە بە کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتووی کوردی ئێرانی، شێخ عێزەدینی حوسێنی، و ئێستا ئەو (لەوێ) داوای پەنابەری دەکا. ئەو ڤیزایە لە سەر بانگەوازی زاواکەی، بەنێوی شەمسی دەرکراوە، کە نوێنەری کۆمەڵەیە لەبەغدا (گرووپێکی پچووکی مارکسیستی کوردی ئێرانی). قاسملوو گوتی شێخ حوسێنی گرینگی‌یەکی ئایینی ئەوتۆی نیە و کۆمەڵەش زۆر گرنگ نیە.

٢٠- قاسملوو لە ساڵی ١٩٣٠ هاتووەتە دنیاوە. لە سەرەتاوە لە ورمێ خوێندوویەو دواتر لە کالیجی ئەمەریکایی لە تاران درێژەی بەخوێندن داوە. ئەو لەپاریس دەستی بە خوێندنی زانکۆ کرد، بەڵام لە بەر چالاکیی شۆڕشگێڕانە لە دژی ئێران دەر کرا. لە زانکۆی پڕاگ بورسێکی وەدەست هێنا، و دواتر بۆ ماوەی بیست ساڵ لە پڕاگ مامۆستای ئابووری بوو. کاتێک

سۆڤێتییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ هێرشیان کردە وێندرێ ئەوێی بەجێ هێشت. تا ساڵی ١٩٧٠ هەر لە هاتوچوودا بوو و لەو ساڵەدا وەکوو ئابووریزانێک لە وەزارەتی تەختیت لە بەغدا دامەزرا و دەڵێ لەو ماوەیەدا پلانێکی ئابووریی هەموولایەنەی سەرەکیی بۆ عێراق نووسیوە. باڵای مامنێونجییە و لاوازە، مووی ماشوبرینجی بووە بەڵام وەک لاوێک چوستوچالاکە. ئەو نەقڵی خۆش دەگێڕێتەوە وهەمیشە قسەکانی تیکەڵاو دەکا بەنوکتەی خۆش.

سەرچاوە: وێبلاگی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# مێژوویەک بۆ دەرس لێوەرگرتن



دوکتور سەلاحەدینی خەدیو

١- ٦ ساڵ بەر لەئێستا کارناسێکی سیاسی بۆ لێکدانەوەی ئەم قەیرانە سیاسی و ڕێکخراوەیی‌یە کە داوێنی حدکای گرتبوو و بەرەو لێرەواری لەتبوون و لێکدابڕانی پەلکێش دەکرد، کەڵکی لە دەستەواژەی «قۆناخی پاش قاسملوو (پسا قاسملو)» وەرگرت. بە پێی ڕاڤەی ئەم چاوەدێرە، حیزبی دیموکرات واریدی قۆناخی پاش قاسملوو بووە و لە ئەگەری ئینشیعابدا - کە ماوەیەکی دواتر ڕووی دا - بەشێکی زۆر لەڕەوایی و پرێستیژی کۆمەلایەتیی خۆی لە دەست دەدا و تووشی دووپاتبوونەوەی بارودۆخی نالەباری چلەکان (شێستەکانی سەدەی زایینی پێشوو) دەبێتەوە.

٢- دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ شیکاریی هەراوی قۆناخی پاش قاسملوو کەڵک لە »تیۆریی فشە» وەرگیرا. بە پێی ئەم تیۆرییە ئەگەرەکانی پێشبینیکراو لە شیکارییەکەی ٦ ساڵ پێش بەشی زۆریان هاتوونە دی و دووپاتبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی چلەکان لە هەشتاکاندا بەر لە هەموو شتێک پۆلینبەندیی جیددی و ناجیددی وەک سەرەکیترین کەرەسە بۆ شیکاریی هەراوی حیزبی دیمۆکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە دێنێتە گۆڕ.

سەرەکیترین کەرەسە؛ چونکە پێوانەی جیددیبوون و جیددینەبوون بەر لە هەر شتێک پرسێکی ئانتۆلۆژیک دەوروژێنێ. بە واتایەکی دیکە بەر لە قەزاوەتکردن لە مەڕ چاک یان خراپبوون و یا جوان و ناحەزبوونی ئاکار و کردەوە و تەنانەت کارکردە ناراستەوخۆکانی حیزبێکی سیاسی، پرسیار لە جیددیبوون و کاریگەرییەکانی حیزبێکی سیاسی لەسەر ڕەوتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی دەوروبەری خۆی دەکرێ. بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەمڕۆکە بۆ زۆربەی خەڵک پرسی

سەرەکی ئەوەیە:حیزبی دیمۆکرات بۆ وای لێهاتوە؟ حیزبی دیموکرات لە کوێیە؟ تازە ئەوە بۆ کەسانێکە کە هێشتا ئەم کەیسەیان لەبیر نەچۆتەوە. زۆر کەم هەڵدەکەوێ خەڵکی ئاسایی بکەونە پێکگرتنی دوو دیموکراتەکە و بڵێن کامەیان باش یان باشترە. بۆ زیاتر روون بوونەوەی مەبەست، نموونەیەک دێنمەوە؛ سازمانی موجاهیدینی گەلی ئێران وەک دیموکراتەکان هێزێکی ئوردووگانشینە. بەلام ئوردووگانشینیەکی چالاکانە لەناو کەمپێک کە بە ئاگرونس دەوری دراوە.

موجاهیدین لە غیابی چالاکیی ناوخۆ و هەروەها لە حاڵەتی بە بونبەستگەیشتنیان لە ولاتی عێراق، تەواوی هزر و وزەیان بۆ چالاکیە ناو نەتەوەییەکان تەرخان کردوە و وەک جیددیترین و سەرەکیترین هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە حیسابیان بۆ دەکرێ. پرسی سەرەکییش لە ناوخۆی ولات لەمەڕ موجاهیدین ئەوەیە؟ موجاهیدین نادیموکراتن. ئەگەر بێنەوە لە ئێستا خراپتر دەبێ... بۆ پژاک و پ.ک.کەش ئەم حاڵەتە بوونی هەیە. واتا بیرورای گشتی هەوەڵ پێشێ بەهێزی جیددیان دەزانن. ئەوەیکە باشن یا خراپ دەمێنێتەوە بۆ دوایی. ئێمە لە درێژەی ئەم وتارەدا تێدەکۆشین دروستیی ئەم دوو گریمانەیە - کە ئەز لە کۆمەڵێک وتاری رابردووشمدا هێناومنە گۆڕێ- بسەلمێنین.

## چەرخەی هەڵکشان و داکشان

قاسملوو رێبەری قۆناخێکی جیددی و هەستیار لە مێژووی شێستوحەوت ساڵەی حیزبی دیموکرات بوو. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم قۆناخە بریتین لە سانترالیزەبوونی حیزب لە چاو پاشاگەردانییەکەی چلەکان، چوونەسەری ئاستی پرێستیژ و نفووزی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت ناونەتەوەیی حیزب، تەقینەوەی پێگەی جەماوەری و رابەریی شەڕێکی چەکدارانەی کەموێنە و نامۆ لە چاو سوننەتە مێژووییەکانی کوردستانی ئێران بوو. ئەگەر دوو قۆناخی جیددی لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا لەبەر چاو بگرین، یەکەم دەورانی کۆماری کوردستان بەڕێبەرایەتیی قازی موحەممەد و دووهەمیان شەستەکانی ئەم حیزبە بەرێبەرایەتیی قاسملوویە. قازی موحەممەد کۆمەڵەی ژێ کافی بژاردەخواز (نخبەگرا) و شارستانیی کردە حیزبێکی جەماوەری و قاسملووش حیزبی پارچەپارچەکراو و ماندوو و شەکەتی چلەکانی بەرەو حیزبێکی سیاسی بەبەرنامە و دیسیپلین و خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی و رێکخراوەیی برد. تێفکرینێکی کورت لەم دێڕانەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەم ئاکامگیرییە کە بۆ خوێندنەوەی مێژووی دووردرێژی حیزبی دیموکرات لەم ماوە ۷۰ ساڵەیدا (بە کۆمەڵەی ژێ کافەوە) دەتوانین چەرخەیەکی هەڵکشان و داکشان پێناسە بکەین.

حیزبی دیموکرات پاش ماوەیەکی کورتی هەڵکشان و گەشە لە سەردەمی کۆماردا، بەرە بەرە لە کزی دا، هەندێک چالاکیی پچڕپچڕ و جاری وایە بەبێ هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانیک بە یەکەوە، بەسترانەوەی رێکخراوەیی بەحیزبی توودە تا

ناوەڕاستی سییەکان و پاشان بە پارتی دیموکرات لە چلەکاندا، نەبوونی ریبەرێکی بە وەج و دیاریکراو و... تاقمێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەی ژیانی حیزبی دیموکراتن. بەستنی کۆنگرە لە سەرماوەزی ١٣٤٣دا، یانی نزیکەی ٢٠ ساڵ پاش کۆنگرەی یەکەم نە تەنیا ناتوانێ کۆتایی بەم دۆخە گونجاوە بێنێ ، بەڵکوو دەبێتە کانگایەکی تازە بۆ لێکدابڕان و پەرتەوازەیی و سەرهەڵدانی ناکۆکیی نوێ. لە کۆنگرەی ٣ لە سەرەتای پەنجاکان بەم لاوەیە کە گەشەی دووبارەی حیزب دەست پێدەکاتەوە و شانسی مێژوویی شۆڕشی ١٣٥٧ وەک دەرفەتێکی زێڕین دێتە بەردەمی و حیزب لە جوگرافیایەکی گەورەتر لە زەمانی کۆماری کوردستاندا دەگەشێتەوە.

## حیزبی دیموکرات و دووپات بوونەوەی مێژوو

ئەگەر قایل بەوە بین کە چەرخەی هەڵکشان و داکشان، کەمتر وەک جەبرێکی مێژوویی کە حیزب توانای خۆلەدەست قوتارکردنی نەبێ و زۆرتر وەک جۆرێک دووپاتبوونەوەی مێژوو - وەک پارادایمێک دەتوانرێ بۆ خوێندنەوەی مێژووی حیزب کەڵکی لێوەرگیری، لێرەدا بە ناچار ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە کە ئێستا حیزب لە کام فازی ئەم چەرخەیەدایە و مێژووی کام چاخیشی دووپات کردۆتەوە؟

ڕەنگە بۆ وەلامێکی پوخت و پاراو بەم پرسیارە لەپێشدا پێویست بێ بۆ نموونە بە کتێبی بیرەوەرییەکانی کەسانێکی وەک کەریم حیسامی، موحەممەد خزری، سەعید کوێستانی، ئەمیر قازی و... دا بچینەوە و پاشان بۆ ساتێکیش بێ، وا فەرز کەین لەچلەکاندا (شەستەکانی سەدەی پێشوو) تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت و کەرەسەی پێوەندی وەک فەیس بووک هەیە و بابەتی ئەم کتێبانە لەوێدا بڵاو دەبنەوە. ڕەنگە زۆر دوور لەراستی نەبێ ئەگەر بڵێین کە ئەم سیمایەی کە لەحیزب لە زەینی خەڵک و خوێنەردا دروست دەبوو، شتێکی نزیک لە سیمای ئێستای هەردووبەشی حیزب دەبوو. سیمایەک کە لەلایەک بەهۆی کێشە و دووبەرەکیی تاکەکان و لایەنەکان و نوقمبوون لە کێشەی لاوەکیدا خەوشدار بووە و لەلایەکی دیکە بە هوی کاریگەری و تایبەتمەندییەکانی دونیای سایبێری تا رادەیەکی زۆر تووشی پیرۆزیداڕنین بووە و لە کۆمەڵگایەکی کە تا ١٥ - ١٠ ساڵ لەمەوبەر چەشنی «ئەمری قودسی» سەیری چەمکی وەک حیزبایەتی و خەباتی سیاسیی دەکرد، لەرادەبەدەر سێکولاریزە و «عورفی» بووە.

## هۆکارەکانی نوشوست و داکشانی حیزبی دیموکرات

ئەگەر زۆر نەچینە ناو وردەکارییەوە و پێکهاتەخوازانە چاو لە پرسەکە بکەین. دەتوانین بڵێین کە گەشەی حیزبی دیموکرات بەتایبەتی و تەقینەوەی کێشەی کوردی ئێران بەگشتی، زۆرتر لە کاتێکدا بووە کە دەسەلاتی ناوەندی یان

تووشی لاوازی و ناسەقامگیری هاتوە و یان لە ئەساسدا تووشی دەستاودەستبوون بووە. قۆناخی سەرەتای بیستەکان (ڕۆیشتنی ڕەزاشا و هاتنی کوڕەکەی) و هەروەها سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ سەلمێنەری ئەم ڕاستی‌یەن. هۆکارێکی دیکەی پێکهاتەیی ڕەنگە جۆری پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد لە عێراق و یان بە واتایەکی دەقیق‌تر ساتوسەودای ڕێبەرانی کوردستانی گەرمێن لەگەڵ دەسەلاتدارانی تاران بووە. لە هەمووی ئەم ماوە حەفتا ساڵەیەدا جگە لە دوو قۆناخی کۆماری کوردستان و شەستەکان ، هەمیشە گرنگایەتیی کێشەی کورد لەعێراق لە هاوتا ئێرانی‌یەکەی زۆرتر بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هۆکار و فاکتەری جۆراوجۆر و لە هەمووان گرنگ‌تر قورسایی ژێئۆپۆلیتیکی کێشەی کوردی عێراق لە چاو ئێران.

کوردستانی عێراق چەشنی کوردستانی تورکیا یەک لە چواری حەشیمەتی عێراق پێک دێنی و لە باری ژێئۆئێکۆنۆمیکیشەوە بایەخ و گرنگایەتی‌یەکی زۆرتری هەیە. لەحاڵێکدا لە کوردستانی ئێران ئەم نیسبەتە یەک بە دەیە و بەهەمان ئەندازەش گرنگایەتیی کەمترە. قورسایی ژێئوپۆلیتیکی کێشەی کورد لە عێراق زۆرجار بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر بە ئاسانی پشتیوانیی دەرەکی و یان لانی‌کەم مەیلی دەستێوەردان لەلایەن هێزە بیانی‌یەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ. دەرک بەم ڕاستی‌یانەش هەمیشە بۆتە سەبەبی ئەوە کە ڕێبەرایەتیی شۆڕش لە گەرمێن زۆر ڕیئالیستی‌یانە سیاسەت بکا و زۆر جاریش لە قوربانی‌کردنی براکوردەکانیان لەم دیوە نەسڵەمێتەوە. بە پێچەوانە لەدیوی ئێران زۆر ئیدەئالیستی چاو لەسیاسەت کراوە و باجی قورسیشی لە پێناو دراوە.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٦٠دا کە چەکدارانی پارتی شان‌بەشانی سپای پاسداران ناوچە باکووری‌یەکانی کوردستانی ئێرانیان «پاکسازی» دەکرد، لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتدا مشتومڕ لەسەر جۆری پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق کۆتایی پێ‌نەهاتبوو!

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بۆ خەباتکارانی سیاسی لە دیوی ئێران، هەمیشە گەرمێن وەک پشتی جەبهە چاوی لێ‌کراوە و هەربەم پێیەش ئەم حکوومەتانەی کە لەبەغدا دەسەلاتدار بوونە، دەبوو خوێندوەیان بۆ کرابا. دیارە پێچەوانەکەشی بوکوردی عێراق هەر وایە. بەڵام بەم جیاوازی‌یە کە بۆ ستراتژیستەکانی گەرمێن قووڵایی ئەم پشتی جەبهەیە تا دەروازەکانی تەورێز و تارانیش دەڕۆیی و لەسنوورەکانی سنە و سابلاغ دا کورت نەدەبۆوە.

هەروەک لە پێشدا باس کرا هەمیشە حیزبی دیموکرات لە فازی داکشانی‌دا لەگەڵ دوو واقیعییەتی پێکهاتەیی گرنگ ڕووبەڕوو بووە. یەکەم دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز و دووهەم شۆڕشێکی بەهێز لە کوردستانی گەرمێن. بە زۆر هۆکاری

مێژوویی، سیاسی، ژێئۆپولیتیکی ئەم دوو فاکتورە بەهێزە زۆر جار پێکەوە لکاوون. ئەم یەکگرتنەش هەمیشە زیانێکی ستراتژیکیی لەئامانج و بە رژەوەندیەکانی حیزب داوە. لەچلەکاندا کە رێژیمی پاشایەتی بەرەو بەهێزبوون و گەشەکردن دەچوو و خولیای بوون بە هێزێکی ناوچەیی و ژاندارمی کەنداوی لەمێشکدا بوو، دەستی بە پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلوول کرد. ئاکامی ئەم پشتیوانییە بۆ پاشماوەکانی حیزبی دیموکرات کارەساتبار بوو.

لە ساڵی ١٩٦٦دا تیرۆر و رادەستکرنەوەی ئێرانی کادرە حیزبییەکان گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. سی ساڵ دواتر لەساڵی ١٩٩٦ ئەم داستانە بەشێوەیەکی ترسناکتر لە هەرێمی ژێر دەسەلاتی یەکیەتی دووپات بۆوە. ئەگەر تراژیدیای سولیمانی موعینی لە بەهاری ١٣٤٧دا سالانێکی زۆر بووە مایەی پڕۆپاگەندا و تەبلیغات بۆ دژبەرانی پارتی و بە تایبەت یەکیەتیی نیشتمانی، دووپاتبوونەوەی مێژوو لە دەروازەی کۆیە لە ساڵی ١٣٧٥دا هەم کارتە تەبلیغاتییەی لە دەست یەکیەتی دەرهێنا و هەمیش سەلماندی کە ئەم جۆرە رووداوانە نەک هەڵقوڵاو لە حەز و مەیلی کەس و حیزبەکان بەڵکوو وەک قاعیدەیەکی سیاسی وان کە لەمکتەبی ریئالیستیی سیاسەتکردن لە کوردستانی عێراق دووپات دەبنەوە.

ڕەنگە هێنانەوەی نموونەیەکی سیمبولیک بۆ سەلماندنی دووپاتبوونەوەی مێژوو بۆ حیزبی دێموکرات و یان وەبەرهاتنی رووحی چلەکان لە هەفتاکان و هەشتاکانی ئەم حیزبەدا سەرنجراکێش بێ؛ هاتوچۆی بەئاشکرای سەرهەنگ سەیادیان بە بەردەم بنکەکانی حیزبدا لە سەرەتای چلەکاندا (بیرەوەرییەکانی محەممەد خزری) لەگەڵ هاتوچۆی بە ئازادیی جەعفەری سەحرارووی لە سەرەتای حەفتاکاندا نموونەیەکی دیکە لەم تەوارودە مێژووییانەن.

هەروەک چۆن هاتنەوە و لە ناوچوونی تیمە چەکدارەکان لە سالانی ٨٦ و ٨٧دا، تیشکێکی کاڵی خۆرەتاوی شۆڕشە لەخوێندا گەوزاوەکەی سالانی ٤٧ - ١٣٤٦ی تێدا بوو. تازە ئەگەر مارکس گوتەنی نەڵێین دووپاتەی کومیدی تراژیدی ٤٦ - ٤٧ بوو.

هەلبەت بەرجەستەکردنەوەی هۆکارە پێکهاتەیییەکان بە مانای لەبەرچاونەگرتنی فاکتورە ئینسانییەکان نیە.

داکشانی حیزب لەنێوەراستی حەفتاکان بەملاوە هەرچەند بەشی زۆری سەرچاوەگرتوو لە گۆرانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و لاوازبوونی دەسەلاتی بەغداو سەرهەڵدانی حوکوومەتی تاران وەک هێزێکی ناوچەیی بوو، پشکێکشی بەلام وەبەر لاوازی و نائاشنابوونی رێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ چەمکە ستراتژیکەکان و خوێندنەوەی ناڕیئالیستی لە کێشە سیاسییەکان دەکەوێ. واقیعبینانەترین شیکارییەکان ئەوانەن کە لە دەلاقەی دیالیکتیکی پیکهاتە - بەرکار را رافەی

بابەتەکان دەکەن. کەیسی حیزبی دیموکراتیش لەم چوارچێوەیە ناتراژێ. واتە پرسی سەرەکی ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی لە گەڵ ئەم جووتە پێکهاتەیە چ جورە سەودایەکی ستراتێژیک دەکا. لە قۆناخی شەستەکاندا - جیددیترین و کاریگەرترین حزووری حیزبی دیموکرات لە مەیدانی سیاسەت - حیزب وەکوو گەورەترین و مەترەحترین حیزبی کوردی چوارپارچە لەرابیتەیەکی تەعادولی لەگەڵ هەردووک فاکتۆری پێکهاتەیی گۆڕین و هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەدا بوو. سەربەخۆیی سیاسیی حیزب دروشمێکی ستراتژیک بوو کە وەک گلێنەی چاو دەپارێزرا. چەمکی سەربەخۆیی سیاسی کە زۆری جەخت لەسەر دەکرا، زیاتر مەبەستی سنووردانان لە بەرانبەر دەستێوەردانەکانی حیزبی توودە (زیاتر لە سیەکان) و پارتی دیموکرات (زیاتر لە چلەکان)دا بوو. حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەدا نەتەنیا لە بەهێزترین قۆناخی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا بوو، بەڵکوو بە واتای نۆشیروان مستەفا لە کتێبی «پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن»دا زیرەکانە تێدەکۆشا، سەرەڕای نێوان ناخۆشی لەگەڵ پارتی، نەیەڵی هاوسەنگیی نێوان پارتی و یەکیەتی کە ئەودەم دووهەمیان بەتایبەت لەباری سەربازی بەهێزتر بوو، بەتەواوەتی بەزیانی پارتی بشکێتەوە. تەماشای ڕۆڵی گرنگ و بکەری حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەدا لەگەڵ کێشی ئێستایان بەباشی ئەم وەدواکەوتنە گەورەیە نیشان دەدات. داکشان و نوشوستی حیزب کە لە ناوەڕاستی هەفتاکانرا بەرە بەرە دەستی پێکرد بە کەوتنەناو هەڵدێری لەتبوون و ئینشیعاب لە ساڵی ١٣٨٥دا کەوتە قۆناخێکی چارەنووسسازەوە.

ئینشیعاب ئەم پەتایە بوو کە حیزبی بە خێراییەکی زۆرتر و توندترەوە واریدی «قۆناخی خەسیوی» کرد. لایەنی جیابۆوە پێی وابوو کە بە هەندێک ریفۆرمی رووکەشی و لیبرالیزەکردنی ڕێژەیی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی شاکلیلی سێحراویی کردنەوەی قەیرانەکانی حیزبی دێتوتەوە. خافل لەوە کە ئەوە چارەی دەردی حیزب یانی قەیرانی نەبوونی ستراتژی و ڕێبەری کارامە نیە و ئەوەی لەراستیدا ئەو پێوەی نووساوە »فەرعە» کە لە بڕی «ئەسڵ» دایناوە.

ئەگەر قەیرانی سەرەکیی حیزب بە کورتی بە قەیرانی ئینفیعال و ناچالاکی پیناسە بکەین ،ریفورمکردن لە پیکهاتەی تەشکیلاتی وەک کاری جوانکاری بۆ نەخوشێکی جیددیی لێدێ کە دەرمانەکەی شتێکی ترە. ئەوپەرەکەی ئەگەر ئەم ڕێفۆرمە سەریشی گرتبا حیزبیکی مەسەلەن ناچالاکی لیبرالی لێدەکەوتەوە. واتە بەجێی ئەوە کە حیزب لە تەنگانەرا بگەیەنەتە فەرعانە، تەنیا سیمایەکی جوانتر و درەوشاوەتری پێدەبەخشی. سیمای لێقەوماوێکی نەجیب و ڕەسەن کە بەختی خراپ و سازی ناسازی ڕوژگار تووشی ئەم نەهامەتیەیان کردوە.

لایەنی بەرانبەریش بەخوێندنەوەی هەڵەی بارودۆخی مێژوویی پێی وابوو کە »مەشرووعیەت» لە ساڵۆنی کۆنگرە بەرانبەرە لەگەڵ «مەقبوولیەت» لە کۆمەڵگادا. حاشاهەڵنەگرە کە لەدەستدانی زۆرێک لە پێوانەکانی جیددیبوون و کەمبوونەوەی

کاریگەری لەسەر خەڵک و بەکورتی ڕەوینەوەی هێژموونی گوتاری سیاسیی حیزب، لە مێژساڵە کەلەبەرێکی گەورەی لەنێوان دوو چەمکی «مەشرووعیەت» و «مەقبوولیەت» پێک هێناوە. بۆ نموونە هەر ئێستا مەقبوولیەتی پارتی و یەکیەتی لە پانتای بیرورای گشتیی کوردستانی ئێران زور لە حیزبی دیموکرات زیاترە. لە هەشتاکانیش بو پ.ک.ک وابوو.

لە شەستەکاندا ڕێک بە پێچەوانەی ئێستا بوو. هێژموونیی بێئەملاوئەملای گوتاری حیزب و لە سۆنگەی ئەوەوە مەقبوولیەتی کۆمەڵایەتیی فراوانی کە لە چالاکی و حزووری حیزب لە ناوخۆ و ڕێبەرایەتیی بە هێز و کارامە و خاوەنداریتیی ئیمکاناتی تەبلیغاتی وەک ڕادیۆ - ئەویش لە دونیای ئەوەدەمدا - پێک دەهات، تەنگی بە جیابۆوەکان و موخالیفان هەڵدەچنی کە ئەزقەزا قامکیان لەسەر مەشرووعیەت و بەهاکانی، وەک بڕیاراتی کۆنگرەی چوار بۆ «پێڕەوانی کۆنگرەی چوار» و یان لیستەی فیکس بو «ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر» دادەنا. کەوابوو لەو سەردەمەدا دوو چەمکی مەشروعیەت و مەقبووڵیەت لە مەیدانی کردەوەدا حاستەم بوو لێک جیا کرێنەوە. لایەنی زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی سێزدە پێی وابوو کە بە ڕۆیشتنی دژبەرانی، داستانی کۆنگرەی چوار و هەشت دووپات دەبێتەوە. بەڵام لەڕاستیدا هەشتاکانی حیزبی دیموکرات دووپاتەی چلەکان بوو نەک شەستەکانی ئەم حیزبە.

### قۆناخی پاش قاسملوو (پسا قاسملو) بە چ مانایەکە؟

لەڕاستیدا قۆناخی «پاش قاسملوو» لەگەڵ قوناخی «بێقاسملوویی» جیاوازیی هەیە. دووهەمیان دەستەواژەیەک بوو کە لەمانگ و سالانی هەوەڵی دوای تیروری د. قاسملوودا هاتە سەر زاروزمانی میدیاکانی حیزب و مەبەستی زیاتر هەوڵ و تێکۆشان بۆ پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵی ئەم سەرکردە کاریگەرەی حیزب بوو. دیارە کە لەباری کردەوەشەوە، کۆی چالاکی و تێکۆشانەکانی حیزب بەرەو مەبەستی پڕکردنەوەی جێگای ئەو و درێژەدانی ڕێگای بوو. بەلام ئەوەی ئەمڕۆ باسی لێوە دەکرێ هەم لەگەڵ قاسملووی زیندووی شەستەکان و هەم هی قۆناخی بێقاسملوویی جیاوازیی گەورەی هەیە. لە قۆناخی بێقاسملووییدا (سالانی ١٣٦٨ - ١٣٧٥)، هێشتا حیزبی دیموکرات وێکچوونی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو حیزبەی کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد. بەلام ئەم قاسملوویە کە هەنووکە هەیە، بەرهەمی سەنعەتی تەبلیغاتی هەردووک بەشی حیزبە. هەرچەندەی کە شتێک کۆن دەبێ و هەردەم لەسەری دەنووسرێ و دەگوترێ، مەودای لە واقیعیەت زیاتر دەبێ. قاسملووی ئێستا بەرهەمی بیرەوەریە ڕتووشکراوەکان، دوژمنایەتیە شەخسیەکان و خوشەویستی و ئەوینە لە ڕادەبەدەرەکانە. زاڵبوونی فەزای هەست و سۆز و عاتیفە ئێستاشی لەگەڵ بێ، دەرفەتێکی لەباری بۆ هەڵسەنگاندنی کارو کارنامەی ئەم کەسایەتیە گرنگەی مێژووی هاوچەرخی ئێمە نەرەخساندوە. گوتن و گوتنەوەی دووبارەگوتراوەکان لە میدیا حیزبیەکاندا لەسەر قاسملوو، کلێشەیەکی بێمەسرەفی لێ دروست کردوە، کە ساڵ لەگەڵ ساڵ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ حەز و مەیلی بەردەنگ بۆ


بیستنی کەم دەکاتەوە. دەڵێی بەئەنقەست دەزگای پروپاگەندا بیهەوێ بیخاتە گۆشەی فەرامۆشخانەوە.

شک لەوەدا نیە کە ئەگەر قاسملوو ئێستا مابا، حیزبی دیموکرات لەوەی کە ئێستا هەیە زۆر جیاوازتر دەبوو. بەهەمان ئەندازەش ئاشکرایە کە حیزبی دیموکراتی ئێستا بە هەردووک باڵیەوە لە هەمیشە زیاتر جیاوازی لەگەڵ حیزبی قاسملوو هەیە. سەربەخۆیی سیاسی کە تایبەتمەندیی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی ئەو زەمان بوو، ئێستا لەبەرابنەر هێژموونی سیاسیی پارتی و یەکیەتیدا، وەک خەونێکی ئاڵۆز دەچێ. پاش قاسملوو بەمانای بەتاڵ بوونی حیزب لە روح و میرات و مەعنەویاتی قاسملوویە. لەحاڵێکدا بێ قاسملوویی تەنیا لەدەستدانی جەستەی فیزیکی قاسملوویە. وەک جیاوازیی نێوان گورانکاریی فیزیکی و شیمیایی. ئەوەیکە ئایا حیزب دەیتوانی پێشی هاتنی ئەم قوناغە بگرێ یانا، وەڵامەکەی دەچێتەوە سەر باسەکەی پێشوو. واتا رادەی ستراتژیک بیرکردنەوە و ستراتژیک سیاسەتکردنی بەرکار لە قوناغی بێقاسملوویی‌دا.

لە دوا برگەی ئەم وتارەدا دیسان داواتان لێدەکەم کتێبە بیرەوەرییەکانی باسکراو لە سەرەتای ئەم نووسینەدا بخوێننەوە. قاسملوو قارەمانی هیچ کام لە داستانەکان نیە. ئەگەر ناوێکیشی هەبێ لە پەراوێز دایە. داستانی قاسملوو لە سەرەتای پەنجاکانڕا دەست پێدەکا. دەسپێکی فازێکی دیکە لە هەڵکشان و گەشەکردن، با لێمان تێکنەچێ مەبەست پەسن و پێداهەڵگوتنی ئەم دەورانە نیە، هەڵسەنگاندنی بە چاک و خراپی ئەم قۆناخە باسێکی جیاوازە، مەبەست تەنیا جەخت لەسەر جیددی بوونی ئەم چاخەیە. دەورانێک کە بە قەرا مەودای زەمین و ئاسمان لەگەڵ ئێستا جیاوازە. هەروەک قۆناخی بێ قاسملوویش لەگەڵ قۆناخی پاش قاسملوو لە باری چەندایەتییەوە جیاوازیی بەرچاوی هەیە. مانشێتی رۆژنامەی هاوولاتی چاکی پێکابوو کە نووسیبووی کامیانی ئەم سکرتێرانە دەبنە ئەحمەد تۆفیق؟ لەراستیدا ئێستا قۆناخی ئەحمەد تۆفیقە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٢

## ڕەشەکوژی بە نهێنی لە "ڤییەن"، توماس هامابێری.



**نووسینی: توماس هاماربێری Thomas Hammarberg**

**وەرگێڕانی لە سویدی: حەمید تەیموری**

ئەمە وەڵامێکی پڕ لە ڕق و کینە بوو. ئەو دەستەی کە بۆ ئاشتیخوازی درێژ کرا، لە داو خراو بە گوللەی چەکی ئۆتوماتیکی وەڵامی درایەوە.

ئەو ڕەشەکوژییە قێزەونە لە ڤییەن زەربەیەکی کاریگەر بوو هەم لە کورد و هەم لە پرسی ڕەوای کوردیش، هەروەها دژی چارەسەری ئاشتیخوازانە و خەباتی مافی مرۆڤ. تێروری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادریئازەر و فازڵ ڕەسووڵ کاردانەوەی نێونەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو ڕێژیمەی کە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیییەوە فشاری لەسەرە بۆ ئەوەی دڵان بە ئاشتی و مافی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بێنێ، بەڕەشەکوژیی نهێنی هەموو ئەو مافە نێونەتەوەییانەی پێشێل کردوە. جەلادەکانی تاران هیچ بایەخێک بە بیروبۆچوونەکانمان نادەن.

ئەم تێرۆرە ناجوامێرانەیە مێژوویەکی تاڵە کە بووە هۆی وەستان و قەتیسمانەوەی پرۆسەیەکی ئاشتیخوازانە. کاتێک قاسملوو لەسەردانێکدا بۆ ستۆکهۆڵم لەمانگی ژوونی ساڵی ١٩٨٩دا باسی هەندێک مەرجی نوێی کرد کە بەتەمان لەگەڵ

ڕێژیمی تاراندا دەست بە وتووێژ بکەن. ناوبراو ئاگای لە مەترسییەکانی ئەو وتووێژەش هەبوو، بەڵام بۆچوونەکەی وابوو کە دەیگوت ئەمە ئەرکێکە و دەبێ بەجێی بگەیەنم. عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێکی لێهاتووی گەلی کورد بوو کە لە باری سیاسییەوە بە سەر دەسەڵاتدارانی ئێراندا زاڵ بوو. ناوبراو لە سەرەتای ساڵانی هەفتاوە سکرتێری یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە گەورەترین حیزبی کوردییە لەو وڵاتەدا (ئێران. ئەو پێوەندییە بێ وێنانەی کە ناوبراو لە بلۆکی ڕۆژهەڵات و هەروەها لە ڕۆژئاوادا هەیبوو، وایان لێکردبوو کە لەجیهاندا تاکە ڕێبەرێکی کورد بێ کە لەبواری کێشەی کورددا بایەخ بەقسەکانی بدەن. قاسملوو سوسیال دێموکرات بوو هەر لەو پێوەندییەشدا بۆ کۆنگرەی ئێنترناسیونالیست لەمانگی ژووئەندا بۆ ستۆکهۆڵم بانگهێشت کرابوو. (ساڵی ۱۹۸۹)سەرەڕای ئەو هەموو ساڵەی کە بە ناچاری لە دەرەوەی وڵات ژیابوو، پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆی وڵات هەر بەردەوام بوو. بەناوبانگبوونی قاسملوو لە کوردستاندا لە پلەی یەکەم نە تەنیا لەسەر ڕێفۆرمی کۆمەڵایەتی بەڵکوو لەسەر گۆڕانکاریی قوتابخانەکان و کلینیکی تەندروستیش بوو.

ناوبراو بیرێکی پان کوردیستیی هەبوو، بەڵام لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی لە ئێراندا سەرکەوتوو نەبوو. ئەو کاری زۆر و ڕێگای نوێی گرتبووە بەر بۆ باش کردنی پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان لە وڵاتانی تردا و بەتایبەتی کوردستانی عێراق. قاسملوو ڕێبەرایەتیی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێرانی دژی ڕێژیمی شا لەئەستۆ بوو و هیوای بە شۆڕشێک بۆ باشترکردنی ژیانی داهاتووی گەلان لە ئێراندا و بەتایبەتی بۆ کوردەکانی ئەو بەشەی کوردستان هەبوو. بەڵام ڕێژیمی خومەینی پێشنیاری ئاشتیخوازانەی قاسملووی ڕەد کردەوە و بە پێچەوانەی خواستەکانی ئەوان، داوای لێ دەرکردن خۆیان بەدەستەوە بدەن.

قاسملووی دوور ئەندێش دژی ئەم بۆچوونە بێ نێوەڕۆک و توندڕەوانەیە ڕاوەستا. حیزبەکەی ئەو نەیدەویست بە تەواوەتی لە ئیران جیا ببێتەوە، هێڵە گشتییەکانی ناوبراو ئەوە بوو کە کورد مافی چارەی خۆنووسینی لە کوردستان لە نێو چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا بە دەستەوە بێ. ئەو جۆرە سیاسەتوانانە کە سیاسەتێکی وەها (ئاشتیخوازانە) ڕەد دەکەنەوە، جگە لە سیاسەتوانانی شێت و گێژوویژ شتێکی تر نین.


ئەی ئێستا چارەنووسیان چ دەبێ؟ تووڕەیی، تاڵی و تفتی و شکوگومان برینێکی وا قووڵیان پێک هێناوە کە تاکوو ماوەیەکی درێژ سارێژ نابێت. تیرۆری وییەن کارەساتێکی نوێ نیە کە لەلایەن ڕێبەرانی سەرەڕەو و کۆنەپەرەستی ئیران دژ بە کورد ئەنجام دەدرێ: چۆن مرۆڤ بتوانێ لەگەڵ ئەو ڕەشەکوژە تیرۆریستانە بئاخفێ؟

بەڵام لە هەمانکاتدا، لەوانەیە ئەم تێرۆرە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆشوخرۆش و هەڵچوونێکی نوێ، لێرەدا دەبێ ئەگەری هەلێک پێک بێ بۆ یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی گەلی کورد. ئەمەش شتێکی زۆر پێویست و گرنگە. سەرەڕای ئەمانەش بەم زووانە بۆ ڕێبەرانی تاران دەردەکەوێ کە ئەو تێرۆرە خوێنڕێژانەیەی ویەن چەندە کارێکی نەزانانە و شێتانە بوو. بەم کردارانەیان سەروەری و ئابڕووی وڵاتەکەیان قیزەون و لاواز کردوە. بەم کردەوانە خۆیان و حکیومەتەکەیانیان لە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی خستوە و دووریش نیە لە داهاتوودا لە نێوخۆی وڵاتدا دەسەڵاتدارانی ئێران ببن بە چەند دەستە و تاقم. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا هیوادار بێ کە ئەو بەشانەیان کە باشتر بیر دەکەنەوە بتوانن هەلومەرجێکی گونجاوی وا بڕەخسێنن کە حکوومەتەکەیان بە ئاقارێکی باشتردا بەرن.

**ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە: گرنگی و پشتیوانی لە مافی گەلی کورد ئەمڕۆ لە هەموو شتێک گرنگترە.**

سەرچاوە: (Kurdistan bulletinen. Nr.2 – 89) ڕێکەوتی: ٩ی جووڵای ٢٠١٢

# عەبدولڕەحمان قاسملوو.. پیاوێکی وڵاتپارێز، ئاشتی و دیالۆگ



عەبدولڕەحمان قاسملوو

قاسملوو بە وەفدی ئێرانی گوتبوو"کاتێک مرۆڤ قورئان دەخوێنێت و نەڵێت بسم الله الرحمن الرحيم، ئێوە ئەوە قبوڵ دەکەن؟"، ئەوانیش گوتبوویان "نا". قاسملوو پێیاندەڵێ "سەربەخۆیی بۆ ئێمەی کورد وایە"

قاسملوو لە هەموو بۆنەیەکدا ئەم ئامۆژگارییەی باوکی دەگێڕایەوە "ئەگەر کەسێکی عەجەم (فارس)تان بینی، لێی دوورکەونەوە" یانیش "ئەگەر شەڕتان لەگەڵ کرد، یان بیکوژن یانیش لێی دوورکەونەوە" بەڵام ئەم ئامۆژگارییانە نەبوونە بەربەست لەبەردەم کوشتاری بێبەختانە

**سەڵاحەدین چەلیک**

ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩ لە شاری ڤیەننای نەمسا، قاسملوو لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی لەلایەن چەند بکوژێکی دەوڵەتی ئێرانەوە تیرۆرکران. دوای تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا و بەهۆی گرنگی وانەکانی ئەو ڕووداوە، بەپێویستم زانی جارێکی دیکە لەسەر کوشتارەکە بوەستم. بەپێی زانیارییەکان، شایەتحاڵەکان کەندال نەزان، سەرۆکی ئینستتیوتی کوردی لە پاریس، خەسرەو عەبدوڵڵا، بەرپرسێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارێزەر کامیران کیکی بوون.

## تەڵەی مردن

فازڵ رەسول، یەکێک بوو لە قوربانییەکان، کە (رەناتا. ڤ) هاوسەری فازڵ بووە. دیداری کورد و ئێرانییەکان لە ناوەندی ڤیەننا لە کۆڵانی (Bahngasse 5) لە ماڵی رەناتا بووە. قاسملوو لەگەڵ عەبدوڵڵا قادر عەزیز، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران و محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، حاجی مستەفەوی و عامر مەنسوور بازرگانی ئێرانی کۆببوونەوە. بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە فازڵ رەسول بووە و مەبەست لەو کۆبوونەوەیە گفتوگۆکردن بووە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام کورد لە بەختی رەشی خۆی کەوتبووە تەڵەی مردنەوە.

## پێش ڕووداوەکە

لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ و کانوونی دووەمی ١٩٨٩، لە ڤیەننا لەوانەیە دوو کۆبوونەوە ئەنجامدرابن لە ماڵی خەبات مەعروف، کادیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نێوان شاندی حدکا و حکومەتی ئێران بە نێوبژیوانی جەلال تاڵەبانی. بە پێی قسەکانی خەسرەو عەبدوڵڵایی، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشداری ئەو کۆبوونەوانە ببوو. دواتر ئێرانییەکان بێ وەڵام بوون. دەیانگوت بوونی تاڵەبانییان کردبووە بیانوو کە ئەو قسەکانی نێو کۆبوونەوەکە بڵاودەکاتەوە و کۆبوونەوەکان ئاشکرا دەبن.

لەوانەیە بیانووەکە تەڵەبوویێت، لەبەر ئەوەی تاڵەبانی ئەمنییەتی خۆی باش لەبەرچاو دەگرت، بە پێی قسەی قاسملوو "لەسەر شاخیش کە دەچووە سەرئاو ٢٠ - ٣٠ پاسەوانی لەگەڵ خۆی دەبرد". لەو ماوەیەدا ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٩ ئایەتوڵلا خومەینی، کە خودای بۆ بەرژەوەندییەکانی بەکاردەهێنا و سەرۆکە کوردەکانیشی بە "دوژمنایەتی خوا" تۆمەتبار دەکرد و فەتوای (جیهاد)ی لە دژی کورد دەرکرد، مردبوو. عەلی ئەکبەر رەفسنجانی کە وەکو کەسێکی واقعبینانە دەناسرا، ببووە سەرکۆمار. خومەینی ئاشتی لەگەڵ سەدام حوسێن بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسلام دەزانی. بەڵام ناچاربوو لەگەڵ عێراق رێکبکەوێت، کەواتە بۆچی لەگەڵ کورد پێکنەیێن؟

لە حوزەیرانی ١٩٨٩ قاسملوو بۆ کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال بەرەو ستۆکهۆڵم بەڕێکەوتبوو. جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش لەوێ بوون، ئەوە یەکەمین جار بوو قاسملوو و بارزانی لەگەڵ یەکدی کۆببنەوە.

خەسرەو عەبدوڵڵایی، کە لە نووسینگەی حدکا بوو لە پاریس. تەلەفۆنێکی لە ڤیێەنناوە بۆ دێت. ئەو کەسە خۆی بە فازل

ڕەسوڵ دەناسێنێ و دەڵێت دەیەوێ بۆ کارێکی گرنگ قسە لەگەڵ قاسملوو بکات. خەسرەو تەلەفۆنەکەی ناداتێ، لەبەر ئەوەی نایناسێت. کاتێک کە لە سوێدەوە عەبدوڵڵا قادری ئازەر تەلەفۆن بۆ نووسینگەی پاریس دەکات، ئاگاداری قسەکانی فازڵ ڕەسوڵ دەبێت. ئێرانییەکان لەڕێی ڕەسوڵەوە گفتوگۆی دیکەیان کردبوو. دوای کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی، قاسملوو دەچێتە پاریس. لە ١٨ی حوزەیران ئامادەکاری بۆ چوون بەرەو ئەمریکا دەکات. بەڵام لە ١١ی حوزەیران نیوەڕۆ ئەو و کەنداڵ نەزان کۆدەبنەوە.

بۆ "کارێکی بچووک" دەبێت بچێتە ڤییەننا و لە ١٤ی حوزەیران بگەڕێتەوە. هەروەها ئەو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە ١١ی حوزەیران دەگەڕێنەوە ڤیەننا. دوای گەیشتنیان تەلەفۆن بۆ کەنداڵ نەزان دەکات. لە ڤیەننا کەریم پیرۆتی ئەندامی حدکا، قاسملوو و ئازەر لەبەردەم هۆتێلی هێڵتۆن دادەنێت و لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە ئێوارە لەوێ بیانباتەوە.

## لە ماڵی کۆمەڵکوژییەکە

ئەو ژوورەی کە نزیکەی ٢٥م چوارگۆشەیە. لەلای دیوارەکە قەنەفەیەک هەیە. هەر سێ کوردەکە لەوسەر و قاسملوو لە ناوەڕاست. ڕەسول لای چەپ، عەبدوڵڵاش لەلای ڕاستەوە دادەنیشێت. لەبەرامبەریشیان سێ کورسی بۆ ئێرانییەکان دانراوە. لەنێوانیاندا مێزێکی بچووک هەیە و کۆبوونەوەکە بە کاسێتێک تۆمارکراوە. بەپێی تۆمارکراوەکە کۆمەڵکوژییەکە لە نێوان کاژێر ٧ - ٨ی ئێوارە بووە.

بەپێی قسەی کامەران کیکی، یەکێک لە ئێرانییەکان قسەی ناشرینی وەکو "ئێوە باوەڕتان دەکرد کە ئێران لەگەڵ کەسێکی وەکو ئێوە دانیشێت" دەکات. بەپێی قسەی خەسرەو عەبدوڵڵایی، قاسملوو پێیاندەڵێت "کاتێک مرۆڤ قورئان دەخوێنێت و نەڵێت بسم الله الرحمن الرحیم، ئێوە ئەوە قبوڵ دەکەن؟"، ئێرانییەکان دەڵێن "نا". قاسملوو بەردەوام دەبێت و دەڵێ "سەربەخۆیی بۆ ئێمەی کورد وایە."

عامر مەنسوور بوزورگیان رووەدەکاتە دەرگاکە کە شتێک بهێنێت. بەڵام دەرناکەوێت. کوشتنەکە ئەو کات دەسپێدەکات. لە تۆمارەکەدا تەنیا دەنگی گوللەی چەکی بێدەنگ دێت. قاسملوو سێ گوللەی بەرکەوتبوو. دوو لە گوللەکان بە نێوچەوانی کەوتبوو، گوللەی سێیەمیش بەر چەنەگەی کەوتبوو و چووبووە دیوارەکە.

عەبدوڵڵاش ١١ گوللەی بەرکەوتبوو. عەبدوڵڵا کەسێکی بالابەرز و قەڵەو بوو، قوڕگی سەحراڕوودی گرتبوو و تا مردنی

دەستی لێ بەرنەدابوو، تاوەکو لەنێو پەنجەکانیدا گوشتی بکوژەکە دەمێنێتەوە، دەگوترێ سەحراڕوودی لەو رووداوە بریندار بووە، پێدەچێ برینەکە هەر شوێن دەستی عەبدوڵڵا بووبێ. بوزورگان "بە هاوار" تووشی پۆلیس دێت. سەحراڕوودی دەبرێتە نەخۆشخانە. بەڵام حاجی مستەفەوی خۆی ناداتە دەست.

باسی گرووپێکی دیکەی بکوژانیش دەکرێت. بەڵام بە بۆچوونێکی زۆر نزیک لە راستی، بکوژەکان ئەو سێ کەسەن. ناوی ئەحمەدی نەژادیش دێت. لەبەر ئەوەی ئەو فەرماندەی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی (پاسداران) بووە. بازرگانێکی چەکی ئەڵمانی ئەم زانیارییانەی بە پۆلیسی ئیتاڵی دابوو، ئەو لە سەرەتای حوزەیراندا سێ دەمانچەی بێ دەنگی بە سێ کەسی ئێرانی دابوو کە ئەحمەدی نەژاد لە نێوانیاندا بوو.

## دوای کۆمەڵکوژییەکە

ئەوکات کەندال نەزان زۆر کاروباری پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێرانی ئەنجام دەدان. رۆژی هەینی (١٤ی تەمموز) کامەران کیکی بەناوی ئەو دەچووە ڤییەنا. داوودەزگای ئەمنیی نەمسا هەوڵدەدەن رێگری لەکارەکانیان بکەن. بەپشتیوانی باڵیۆزی فەرەنسا جەنازەی قاسملوو و عەبدوڵلا دەبەنە پاریس بۆ بەخاکسپاردنیان.

## رۆڵی فازڵ رەسول

رەسول خەڵکی شاری هەڵەبجە بوو، سەر بە کۆمەڵە و پەیڕەوکاری رێبازی ماویستی بوو. ئێستاش براکانی سەرباری دەوڵەمەندییان وازیان لە چەپڕەوی نەهێناوە. رەسول پرۆفیسۆر بووە و نیشتەجێی ڤییەنا بووە.

دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران کاریگەری زۆری لەسەر رۆشنبیرانی ناوچەکە هەبوو، ئێران هەوڵی زۆری دەدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ رۆشنبیران و بە تایبەت رۆشنبیری عێراق. بۆچوونەکانی رەسولیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوو. پێیوابوو کە مرۆڤ بەهۆی ئایینەوە دەتوانێ زیاتر بگاتە خەڵک. هەروەها پەیوەندیشی لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئێران هەبوو، گۆڤارێکی ئاینیشی دەردەکرد. رەسول پێیوابوو کە ئەو هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد بووە. هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئێرانییەکان شتێکی وا لە وڵاتێکی ئەوروپی ئەنجامبدەن. ئەو لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەکارهێنرابوو. رەسول کوردێکی وڵاتپەروەر بووە و بووە قوربانی دڵپاکی خۆی. تەرمی رەسول لەسەر داوای بنەماڵەکەیان رەوانەی شاری هەڵەبجە کرا و لەوێ بەخاک سپێردرا.

## رۆڵی بن بێللا

لەو ڕووداوەدا ناوی ئەحمەد بن بێللا، سەرکۆماری پێشووتری جەزائیر دێت. دیارە لەناو سەرۆک وڵاتانی عەرەبیدا ناسر و بن بێللا (١٩٦٣ - ١٩٦٥) باسی مافی کوردیان کردووە. ئەوان دەیانگوت "نابێ ئێمە پشتیوانی دۆزی فەلەستینییەکان بکەین. بەڵام پشتیوانی دۆزی کورد نەکەین". بن بێللا دەیگوت "من تێناگەم بۆچی ئێران مافی کورد نادات."

کەندال نەزان، بن بێللای بە قاسملوو ناساندبوو. بەڵام لە دیدارەکەیاندا ئامادە نەبوو. لەوانەیە مەبەستی لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە ئەوە بێت کە ببێتە شایەتی پەیمانێک. بەپێی هەندێک سەرچاوە فازڵ ڕەسول بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسییەوە پەیوەندی لەگەڵ بن بێللا و بەنی سەدر، سەرکۆماری پێشووی ئێران هەبووە. بن بێللا بانگهێشت کرابوو بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی جەنازەی ڕەسوڵ. بەڵام بەپێی زانیاری بەردەست رۆڵی بن بێللا بەتەواوەتی ئاشکرا نەکراوە.

## ئێران چی کرد؟

ئێران بەشێوەیەکی فەرمی دانی بە کۆمەڵکوژییەکەدا نەنا. لە رادیۆی خۆیاندا باسی "شەهیدبوونی قوربانیان"ی کرد. هەوڵیاندا لە ڤییەنا بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنی جەنازەی فازڵ ڕەسول بکەن، بەڵام دەرکران. لەڕاستیدا ئەو سێ تاوانبارەی کە گەڕانەوە ئێران، خەڵاتکرابوون. حەجی مستەفایی ببووە بەرپرسی پاراستن، تەنانەت پەیوەندییەکانی ئێران و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشی بەڕێوەدەبرد و بەشداری هەندێک کۆبوونەوەش دەبوو لە باشووری کوردستان. دۆخەکە لە ساڵانی ١٩٩٦ - ١٩٩٧ کاردانەوەی کوردی باشووری لێکەوتەوە. بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی دەیانگوت "ئێمە چی بکەین، بەشێوەیەکی فەرمی بەناوی ئێران کاردەکات!" محەممەد جافەر سەحراڕوودیش بووە جەنەراڵ بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆر و کوشتنکاری.

دیارە کوشتنی سیاسەتمەداری کورد کار و پیشەی دەوڵەتی دەسەڵاتدارە، ئەمە بووەتە دیاردە سەرباری دەستەواژەی "مێژووی هاوبەش و برایەتی ئیسلامی". دیارە ئێران لە ریزبەندی یەکەمدایە بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆر. ئێران بە هەموو پێوەرێکی نێونەتەوەیی دەوڵەتێکی تیرۆریستییە، دەبێ دادگایی بکرێت لەسەر کۆمەڵکوژییەکانی، بەتایبەتیش کۆمەڵکوژی ڤییەنا.

## هەڵوێستی نەمسا

تاوانباران بە وێنە، ناسنامە و ناونیشان ئاشکرابوون و کەوتبوونە دەست. بەڵام دەوڵەتی نەمسا شانۆی کەڕولاڵ و کوێری گێڕا. هەرسێ تاوانبارەکە بەهۆی لێبووردنێکی دیپلۆماسی و لەژێر چاودێری کاربەدەستانی نەمساییدا سواری فڕۆکەبوون و وەکو قارەمان گەڕانەوە تاران.

نەمسا لەکاتی شەڕی ئێران و عێراق ١٩٨٠ - ١٩٨٨ چەکی دەفرۆشتە ئێران. زۆر سیاسەتمەدار و بیرۆکراتەکانی ئەو وڵاتە پشکیان لەو بازرگانییەدا هەبووە. ئێران هەڕەشەی ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییانەی لە نەمسا کرد، لە کۆتاییشدا نەمسا ملکەچی تیرۆری ئێران بوو. تەنانەت کەیسەکەشیان نەکردەوە و هەوڵیاندا خەتای بەدوادانەچوونی دۆسیەکە بخەنە ئەستۆی هاوسەری قاسملوو.

دیارە شەرەف نەک تەنیا بۆ مرۆڤان پێویستە، بەڵکو بۆ دەوڵەتانیش. دەوڵەتێک ئەگەر بەرژەوەندی ناپاک بەسەر مافەکانی مرۆڤ و دادوەریدا فەرز بکات، ئەو دەوڵەتە رێز و کەرامەتی لەکەدار دەبێ، ئەوەی نەمساش کردی هەمان کار بوو. ساڵی ٢٠٠٥ ئاڵۆزی و سەرئێشە لەنێوان ئێران و نەمسادا دروستبوون. وەزیری کاروباری ناوخۆی نەمسا ئاماژەی بە رۆڵی ئەحمەدی نەژاد لە کۆمەڵکوژییەکەدا کرد، ئەوە گەورەترین "پیاوەتی"یان بوو! پیتەر پیلتس، پەرلەمانتاری پارتی سەوزەکان هەندێک شت دەکات و هیچی دیکە. هەڵوێستی نەمسا رووڕەشییە. دەبێ کەیسەکە بکاتەوە، داوای تاوانباران لە ئێران بکات و ئەو دەوڵەتە بە ئەنجامدانی تاوانەکە تۆمەتبار بکات. نەمسا قەرزاری کوردە بۆ داوای لێبووردن. بەڵام دەبێ کورد ئەم داوایەی لێبکات.

## لاوازی یان دڵپاکی

بەرپرسیارانی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران متمانەیان بە ئێرانییەکان نەبوو، ئەم بۆچوونەیان پێشکەشی قاسملووش کردبوو. هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی دیدارەکاندا داوای گەرەنتییان دەکرد.

بەگشتی سیاسەتمەدارە کوردەکان و بەتایبەتیش قاسملوو بەسەرهاتیان هەبووە لەگەڵ هەوڵی کوشتن و تیرۆری دوژمنان. بۆ خۆی هەمیشە و لە هەموو بۆنەیەکدا ئەم ئامۆژگارییەی باوکی دەگێڕایەوە "ئەگەر کەسێکی عەجەم (فارس)تان بینی، لێی دوورکەونەوە" یانیش "ئەگەر شەڕتان لەگەڵ کرد، یان بیکوژن یانیش لێی دوورکەونەوە" بەڵام ئەم ئامۆژگارییانە بەشی

ئەوەیان نەدەکرد کە ببنە بەربەست لەبەردەم کوشتاری بێبەختانە.

قاسملوو پیاوی ئاشتی بوو. هەوڵی دەدا کێشەکان بە ڕێگای دیالۆگ چارەسەر بکات. بووە شایەتی وێرانکاری لە باشووری کوردستان. ئاشتی و دیموکراتی لە ریزی پێشەوەی پەیڕەوەکانی ژیانیدا بوون. زۆر ژیر و لێهاتووبوو، بەڵام خۆی دابووە دەستی دڵپاکی.

لەوانەیە کورد دەرفەتی کەم بێت. بەڵام بێ وەڵام هێشتنەوەی تاوانەکە، جورئەت بە تاوانباران دەدات. ئەم راستییە لە ڕووداوەکانی سمایل ئاغا (سمکۆ)، عیسمەت شەریف وانلی و تاوەکو میکۆنوس (بەرلین) و پاریس دووبارە دەبێتەوە. دەڵێی ئێمە بە ویستی خۆمان سەرمان لەبەردەم جەلادەکانمان دادەنێین بۆ سەربڕین. قاسملوو وەکو پێشەنگ و قارەمانی ئاشتی، دیموکراتی و دانوستاندن لە دڵماندایە. بەڵام ئەوە بەس نییە. ئەو هێرش و کۆمەڵکوژییانەی لەسەرەوە ریزم کردن بە وردەکارییەکانیانەوە هێشتا ئاشکرا نەکراون. ئێمە خێرا دوێنێ لەبیردەکەین و تاوانباران بە تاوانەکانیانەوە دوور دەمێننەوە. یادکردنەوەی شەهیدەکان بەس نییە، دەبێ تاوانباران سزابدرێن. ئەوە ئەرکی هەموومانە وەکو کەسایەتی، پارت و دەسەڵات. ئێمە دەبێ لەم بوارەدا خاوەن هۆشێکی زەلال، هەڵوێستێکی هاوبەش و کاردانەوەیەکی توند بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠١٣

# عەزیز حاج: بیرەوەرییەکانم لەگەڵ قاسملوو



**و: فەیسەڵ خەلیل**

ئەو ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو لەئێران، لەلایەن پیاوانی فەیلەقی تیرۆرستی قودس لەڤیەنا لەساڵی ١٩٨٩ تیرۆر کرا.

قاسملووم لەپراگ ناسی، ئەو کاتە من نوێنەری حیزبی شیوعی عێراقی بووم لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی شیوعی و لەنێوان ١٩٦١ - ١٩٦٦ بەرپرسی حزبیش بووم لەوێ، کە ئەوکات چیکۆسلۆڤاکیا بوو، قاسملووش لە یەکێک لە کۆلیژەکانی پراگ مامۆستای ئابووریی سیاسی بوو. بۆنە و ڕۆژەکەم بیر نەماوە، بەڵام زوو بووین بە برادەر، زۆر لەبارەی مەسەلەی کوردی دەدواین، زۆرجاریش ڕەشنووسی چەند بەشێکی کتێبەکەی "کورد و کوردستان". لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری"ی نیشان دەدام و مشتومڕمان لەسەر بابەتەکە دەکرد. ئەو زانیارییەکی زۆروزەوەندی هەبوو، شرۆڤەکردنەکانی لەبارەی کورد زۆر بوو. بەتایبەتی لەسەر کوردی ئێران، ئەو کتێبە گرنگەی لەساڵی ١٩٧٠ لەلایەن (دەزگای لوبنان بۆ وەشاندن) لە بەیرووت کرایە سەر زمانی عەرەبی و دواتریش بەزمانی دیکە بڵاو کرایەوە.

قاسملوو چەندین زمانی دەزانی، بەو زمانانەش دەیخوێندەوەو دەینوسی و وتاری دەدا، لەوانەش جگە لە کوردی و فارسی و عەرەبی، چیکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسیی دەزانی، ئەو کۆچکردووە، کەسایەتییەکی خۆشویستراوی هەبوو، نوکتەچی بوو، خۆشمەشرەب بوو، ژیانی خۆش دەویست، ئەو ژیانەی کە پەیوەست بوو بە مەسەلەیەکی سیاسییەوە، ئەویش مەسەلەی گەلی کورد بوو لە ئێران.

وەک مارکسیـیەکی کـراوە ئەوم ناسی. نەتەوەخـوازێکی لیبـرال، عەلمـانی، بـوێر لە ڕەخنەگـرتن، ئەو لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان بوو، کاتێک ئاژاوە کەوتە سیستەمەکانیەوەو روخساری لادانەکانیـان دەرکەوت، کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت پراگی داگیـر کـرد لە ١٩٦٨ - ئەو کـات من گەڕابـوومەوە عێـراق - بەڵام ئەو ئیـدانەی ئەو داگیرکردنەی کـرد، کەچی مـن لەگەڵ داگیرکردنـیدا بـووم بەبیـانوی ئەوەی راستڕەوەکان لایـان داوەو کەوتـوونەتە سـەرووی دەسـەڵاتەوە لە چیکۆسلۆڤاکیا. بەڵام قاسملوو لەمن دووربینتر بوو، لە شرۆڤەکردنەکانیشی وردتر بوو.

قاسملوو دواتر گەڕایەوە گۆڕەپانی سەخت و راستەقینەکەی خەبات لە کوردستانی ئێران، هەر زوو بۆوە رێبەری یەکەمی ئەو گۆڕەپانە، جیا لەو تێکەڵپێکەڵـیەی کە لەنێوان سەرکردەکانی کورد هەبـوو، تەنـانەت لەعێراق و شوێنی دیکەیش وابوو، قاسملوو دەیتـوانی پرەنسیپەکان لەگەڵ ستراتیژ و تەکتیک لە یەکتر جیا بکـاتەوە، نەیدەویست قوربـانی بە یەکەمیـان بدات لە پێنـاو ئامانجی خێرا و بەرتەسک، وەک ئەوەی چەندین جار رووی‌دەدا، جا هەرچەندە ئەو داوای گۆڕینی رژێمی شـای دەکرد، لەژێر دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێـران، بەڵام ئەمەش مانـای ئەوە نەبـوو، کە رازی نیە بە تەکتیکی تەندروست و پلەبەپلە و هەرچ بەشە داواکـاری‌یەک کە لەئامـانجە ستراتیژی‌یەکەی نزیکـی بکـردایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر عەقڵانـی بـوو، بەڵام زێـدەرۆیی لە داواکاری‌یەکـان نەدەکرد، نەیدەویست جەمـاوەر و حیـزب بە داوای جیابوونەوە رۆشنبیر بکات، بەڵکوو جەختی لەسەر ئامانجی خودموختاری دەکردەوە.

کاتێک سەرکردایەتیی کوردی لەعێراق لەگەڵ رژێمی بەعس گەیشتە رێکەوتنە بەناوبانگەکەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، کە تێـیدا بەڵێنی ئۆتۆنـۆمی درابـوو لەمـاوەی چوارسالّدا، کە بەشێک لە هەنگاوەکـانی بـۆ هـاوێژرا، لایەنە پێشکەوتووەکان و لایەنە کوردی‌یەکان پێشوازی‌یان لێکرد، قاسملوو و حزبەکەشی پێشوازی‌یان لەو رێکەوتنە کردو لەو سەروبەندە دا قاسملوو چەنـدین جار سەردانی عێراقی کرد، بەڵام رێگەی بەخۆی و حزبەکەی نەدا ببێتە ئـامێرێکی پڕوپاگەنـدە بەدەست دەسـەڵاتی حیزبـی بەعسـەوە بـۆ یەکلاییکـردنەوەی ململانـێ و بەرژەوەنـدی‌یە ئیقلیمی‌یەکـانی. بـۆ بیرهێنـانەوە باسـی دەکەم، کە لەو مـاوەیەدا چەندین سەرکردەی چەپڕەوی عەرەبی هاتنە عێراق، بەتـایبەتی لە میسـرەوە، رژێمیش چـاک هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردن، ئەمەش مانـای ئەوە نەبـوو، کە رژێـم لەگەڵ بیروبـاوەڕی ئەوان هاوسـۆزە، بەڵکـوو لە پێنـاو پڕوپاگەنـدە و بەرژەوەنـدیی تەکتیکیی ناوخۆیی و عەرەبی بوو.

جارێکیـان لەبەغـدا بە قاسـملوو گەیشـتمەوە، جـارێکی دیکەیـش لە پـاریس، برادەرێتیمـان نـوێ کـردەوە، ئێوارەخوانمـان لەچێشتخانە پاریسی‌یەکان ساز دەکرد، هەر ئەویش شوێنەکانی ئەو ئێوارەخوانەی دیـار دەکرد، وەک گـوتم سـەرەڕای ئەوەی ژیانی خۆی بۆ مەسەلەی کوردی تەرخـان کردبـوو، لەگەڵ ئەمەشدا وەک گوتم ئەو پیـاوی ژیـان بـوو، وەک جەواهیری دەڵێ

"خۆشەویستیی ژیـان بەخۆشەویستیی مردن، تەفرەم دەدا". ئەوەی جێگـای سەرنجە، وڵاتـانی رۆژئـاوا کەمێک نەبێ ئەگینـا هاوسـۆزییان لەگەڵ حیـزبەکەی قاسـملوو نەبـوو، تەنـانەت واشـنتۆن رێگـای بە قاسـملوو نەدا بچێـتە ئەوێ، تەنهـا لەسـەروبەندی تیرۆرکـردنەکەی نەبێـت، کە ئەمـیش ئەنجـام نەدرا، کە ئەو دەیویسـت ئەنجـام بـدرێت لە بەرژەوەنـدیی نەتەوەکەیدا بێت، رژێمی خـومەینی لەسەروبەندی دروستبوونیدا دەسـتی کـرد بە دژایەتـی هەمـوو ئەو هێـزە دیموکراسی و عەلمانییـانەی کە پاڵپشـتی شۆرشـیان کردبـوو، سـەرەڕای ئەمەش جەنگێکـی نـوێی لەدژی کـورد راگەیانـدبوو، قاسـملووی کۆچکردوو لە نیازپاکی بە رژێمەکەی خومەینی تێکەوت، کاتێک رژێمەکە بانگەشەی دانوستاندنی لەگەڵ قاسملوو کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، رێکەوتنەکە لەسەر ئەوە بوو دیدارەکان لەڤیەنـا بێت، رژێمی ئێران تەڵەیەکی خوێنـاویی بـۆ قاسـملوو و دوو هـاوڕێی دانـابۆوە، رژێـم گرووپێکـی لە ئەنـدامانی فەیلەقـی قـودس لەژێـر نـاوی دانوسـتاندن نـاردبوو، کۆبوونەوەکە ئەنجام دراو دواتر بەوپەڕی ناپاکی و ترسنۆکی تیرۆریان کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران سەرەداوی پیلانەکانیـان ئاشکرا کـرد، لەگەڵ ئەنـدامانی جێبەجێکـار، بەڵام راسـتەوخۆ ئەوان ئێرانیـان تاوانبـار نەکـرد، تەنـانەت ئێسـتاش رژێمی "ولایت فقیە" هەوڵ لەگەڵ نەمسا دەدات ئەو راستییانە رەش بکاتەوە، مەهدی دادستان و دیمیتری جانیۆ لە کتێبەکەیـاندا بەنـاوی (رژێمی مەلاکان و سەمای سەربڕاو) کە بەزمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە، باس لەوە دەکەن، کە جەعفەر شەهروودی بەشدارییان لەتیرۆر کردنی قاسملوو کردوە، دواتـریش شەهروودی بـووە بـە یەکێک لە سەرکردەکانی فەیلەقـی قـودس، کە کەسێکی نزیکـی ئەحـمەدی نەژادە، پەرلەمانتـارێکی نەمسـاوییش کە نـاوی (پیـتەر بێلتـز) ە، لەگەڵ رۆژنـامەی ستانداردی نەمساوی ئاشکرای کردبوو، کە ئەحمەدینەژادیش بەشداریی لەو تیرۆرکردنە کردوە، هەر ئەو پەرلەمانتـارە سکاڵای لەسـەر حکومەتی نەمساوی تۆمارکردو بەوەی تـاوانبار کرد، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بازرگانی ئەو بابەتەی شاردۆتەوە.

لەو کاتەدا نەژاد سەردانی نەمسای کردبوو بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوە بۆ تیزەکەی، واتە بەڕێکەوت. جا کتێبەکە بـاس لەوە دەکـات، کە ئەرکـی ئەنجامـدانی تیرۆرکردنـی قاسـملوو بـۆیە بە نەژاد و هاوڕێیـانی سـپێردراوە، چـونکە ئەوان بەتەواوی شارەزای بارودۆخی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەوێن، بەتایبەتی شارەزای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن، هەر لەسەر ئەو بابەتەش وەزیری دەرەوەی ئێران موتتەکی، ئەویش ئەندامێکی دیکەی گرووپە تیرۆریستییەکەی فەیلەقـی قـودس بوو.

لەمڕۆدا کێ بـابەتی جەنگی رژێمی "فقیە" لەسـەر کـوردان دەورووژێنـێ؟ رژێمی ئێـران بە ناشیرینی لەئێـران و نـاوچەکە هەڵسوکەوت دەکات، هێزێک نیە ئەو سیاسەتە ترسناکەی ئێران بوەستێنێت. مەگەر هەڕەشەکانی ئۆباما نەبێت بە سزادان کە ئێسـتا ئەوەنـدە دووبـارە بـۆتەوە کەڵکـی نەمـاوە. سـەبارەت بەتـاوانی کوشـتنی قاسـملوو و هاوڕێیـانی وای لێهـاتووە بەتەواوی لەبیر بچێتەوە، ئەمیش بەهۆی فشارە بەردەوامەکانی ئێرانەوە بەسەر نەمساوە، کە مەبەستیەتی ئەو لاپەڕە

خوێناوییە دابخات، کە رژێمە فەقیهی‌یەکەی و سوپا(شۆرشگێڕەکەی) و فەیلەقە تیرۆریستی‌یەکەی پێی هەڵساون.


خوێنی قوربانی‌یەکان تا ئێستا لەبیر کراوە، تەنها چەند وشە و وتارێک نەبێت، کە کاتی خۆی بۆ لاواندنەوەی قاسملوو نووسرا، بەڵام دواتر باسی ئەو بابەتە نەکرا، تەنانەت لەناو کوردانی عێراقیش!! بەڵام ئەو هێشتا لەناو قوڵایی دڵی خۆشەویست و هاوڕێیانی بزووتنەوەکەی ماوە. پێشتر وتارێکم نووسیبوو بەناوی "عەبدولڕەحمان قاسملوو: لەشەوی تاریکدا!" نووسیومە "ڕاستە ئەگەر بگوترێت قاسملوو قوتابخانەیەکی سیاسیی پێشکەوتووە، لەنێو ئەزموونی سیاسیی کورددا، تەنانەت لەعێراقدا".

سەرچاوە: ماڵپەڕی سڤیل - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## روانگەی سێ کەسایەتیی کورد لەسەر دوکتوور قاسملوو

لەبەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا تەلەڤیزیونی کوردکانال ڕێزە وتووێژێکی لەگەڵ هێندێک لە کەسایەتییەکان لەبارەی کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو کردبوو کە لەبەرنامەی "کاوش"دا فارسییەکەیان بڵاو بۆوە، لێرەدا سەرنجتان بۆ پیادەکراوەی وتووێژی سێ کەسایەتیی کورد لە بارەی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملووەوە ڕادەکێشین:

دەربارەی دۆخی حیزبی دیموکراتی لەکاتی هاتنی دوکتور قاسملوودا و ئەو تایبەتمەندییانەی دوکتور قاسملوو بە خەبات و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی دەبەخشێ،



### دوکتور ڕەحیم سورخی بەم شێوەیە دەدوێ:

سەرەتا ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لە ١٣ ساڵییەوە ئەندامی یەکیەتیی لاوان بوو کە خۆی ئەزموونێکی باش بوو، دواتر کاک دوکتور لە ڕێگەی بنەماڵەکەیەوە کە یەکێک لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی کوردستان بوون بە باشی مێژووی کۆماری کوردستانو ئەزموونەکانی لە مەهاباد بینیبوو، هەروەها شارەزای بزووتنەوە میللی و سیاسی. مێژوویییەکانی کورد دژی دەوڵەتە ناوەندییەکان بوو، کەواتە دوکتور قاسملوو لە باری بنەماڵەیی، نەتەوەییو کوردپەروەربوونەوە وەک شۆرشگێرێک بەهزرو فیکرو ئایدیاوە ببوو بەئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها لەو شارەی کە قۆناغی ناوەندیو دواناوەندیی لێ خوێند دەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستا ببوو بەناسیار کە زیاتر لەسەر ڕەوتی چەپو بزووتنەوە چەپەکانی ئێران بوون. کەواتە دەبێ بڵێین دوکتور قاسملوو لە بواری هزری و کردەییو پەروەردی بنەماڵەیییەوە ئامادە بوو تیکەڵ بەرەوتێکی سیاسی بێ. دوکتور قاسملوو ڕووخانی حکوومەتی ئازەربایجانو کۆماری کوردستانو ئەو جینایەتانەی دەوڵەتی

ناوەندی لە کوردستان کردنی‌و بەتایبەت لە سێدارەدانی پێشەوای کوردستانی باش لەبیر مابوو پاشان لە تاران و ئورووپا و خوێندن لە فەرانسەو دواتریش پراگ، دوکتور قاسملوو لەبواری پراکتیکی‌و تیئۆری‌و زانستی‌یەوە تێکەڵ بەرەوتە سیاسی‌و چەپەکان ببوو بەباشی شارەزای بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکان بوو، دوکتور قاسملوو کاتێک هاتە حیزبەوە کە حیزب یەک کۆنگرەی خۆی تێپەراندبووو هێز و چالاکی‌یە سیاسی‌یە کلاسیکەکان لە سەر بنەماو پرەنسیپەکانی کۆماری کوردستان حیزبیان دارشتبۆوەو درێژەیان بە خەباتو شۆرش دەدا. زۆربەیان کاراکتێرێکی سیاسیی خۆجێیی‌و لۆکاڵی بوون،

بە تەواو لۆکاڵی هەم لە بواری زانیاری، خوێندەواری‌و چالاکی‌یە سیاسی‌و چەشنەکانی خەبات، کەمتر شارەزای مۆدێلە مۆدێرنەکانی ڕێکخستن‌و ڕێکخراوەیی بوون.

واتا حیزب کۆمەڵە هێزێکی نەتەوەیی لێکبڵاو بوو کە زیاتریان لە کوردستانی عیراق (باشوری کوردستان) دەژیان، بەهەرحاڵ بناخەکانی حیزب دارِشترابوو و چالاکان‌و خەباتگێرانی نەتەوەیی کورد رۆڵێکی چالاکیان تێیدا هەبوو، کەواتە حیزب بەر لەهاتنی دوکتور قاسملوو هەبوو. بەڵام دەگەڵ هاتنی دوکتور قاسملوو، بەو شارەزایی‌یەی کە لە جیهانی ئورووپاو خەباتی سەراسەریی ئێران‌و بەتایبەت رەوتە چەپەکانی ئێران هەیبوو، هەروەها تەواو شارەزای ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران‌و ئورووپا و بە تایبەت ئورووپای رۆژهەڵات و وڵاتێکی وەک فەرانسە بوو، خوێندەوارێکی زانکۆدیتوو و شۆرشگێرێکی شارەزا لە مێژووی کورد کە بەتایبەت لە تێزی دوکتوراکەشی‌دا لە باری زانستی و تیئۆریک شرۆڤەی کوردستان دەکا. واتە دوکتور قاسملوو لەئاستی رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەر چوار پارچەی کوردستانی بە باشی دەناسی و ئاشنا بوو بە زارو دیالێکتە کوردی‌یەکان، لانی کەم دوو زاری سەرەکیی کوردیی بەباشی دەزانی و سەرەڕای ئەوەش ئەو زمانە جۆراوجۆرانەی کە دەی‌زانین ڕوومایەکی ڕێبەر و ئۆلگوویەکی سیاسیی تەواویان پێبەخشیبوو و ببوو بە کەسایەتی‌یەک کە دەی‌توانی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکا.


دیارە پێم‌وایە سەرەڕای ئەوەی دوکتور قاسملوو کێشە و ئاڕیشەی نێوخۆیی و تەشکیلاتیی هەبووە بەڵام بوونی دوکتور لەحیزبدا کاریگەریی لەسەر دێمۆکراتیزەبوونی بزووتنەوە و خودی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە و هەروەها سیاسی‌یەکانی بە جیهانی مودێرن‌و ئەو ئەزموونانەی ئورووپایی‌یەکان دوای شەڕی جیهانی دووەم بەدەستیان هێنابوو، هەروەها چۆنیەتیی پێکهێنانی دەوڵەت نەتەوەکان‌و پێوەندیی نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ، تێگەیشتنی دروست لە سیاسەت ئاشنا کرد.

دوای ساڵی ٥٧ دوکتور لە بواری بلووغی فیکری‌و خوێندەواری‌و ئەزموونی خەباتدا بە ئاستێک گەیشتبوو کە نە لەنێو

حیزبدا کەس شانی لەشانی دەداو نە لەئاستی ڕێبەرانی کورد تەنانەت ڕێبەرانو چالاکانی سیاسیی سەراسەرییشدا کەس لە ئاستی ویدایە، واتە دوکتور قاسملوو توانیبووی گوتاری نەتەوەتی دێموکراتیک پێک بێنی.

------

## * دکتور جەمشید حەیدەری لەبارەی کەسایەتیی دوکتور قاسملووەوە دەڵێ:



قاسملوو یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد بوو کە نموونەی لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کوردستاندا کەم بوو. دوکتور قاسملوو یەکێک لە بناخەدانەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا بوو و، لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆری دا.

ساڵی ١٩٧٤ ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا پێوەندیی هەبوو، بەڵام ئەم حیزبە هیچ کارێکی نەکرد کە زیان بە نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراق بگەیەنێ. دوکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا نەخش و دەورێکی بەرچاوی هەبووە و ئەم تێڕوانینە یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بوو. کاریگەرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بزووتنەوەی کوردستان و پێوەندیی ئەم حیزبە لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و هاتنەگۆڕی مەسەلەی کورد لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لەسایەی زەحمەت و ماندووبوونەکانی دوکتور قاسملووەوە بوو. ئەگەرچی کەسانێکی دیکەش هەبوون و بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانییش ئەوکات لە مەیداندا بوون، بەڵام دەور و کاریگەریی دوکتور قاسملوو، بە تایبەت پێوەندیی لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە و شەخسی فرانسوا میتران، سەرکۆماری فەرانسە بۆ هێنانەگۆڕی مەسەلەی کورد جێی ڕێز و پێزانینە.

بێ گومان پێشەوا قازی محەممەد و مام جەلال و دوکتور قاسملوو بە باشی ئاگاداری کاریگەریی ئەدەبیات لەسەر سیاسەت بوون، بەتایبەت دوکتور قاسملوو ئەم مەسەلەیەی بە باشی دەزانی و توانای ناوبراو لەم بوارەدا بەرچاو بوو.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی دوکتور قاسملوو بە چەند زمانی بیانی قسەی دەکرد و زمانەکانی چیک، عەرەبی، ئینگلیسی، فەرانسە و فارسیی بە باشی دەزانی، ئەوە یارمەتی‌یەکی زۆری بە ئەدەبیاتی کوردی کرد. بە باوەڕی من دەتوانین دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتمەدار، ئەدیب و فەرهەنگدۆست ناوبەرین.

-------

* دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە پێوەندیی لەگەڵ توانایەکانی دوکتور قاسملوودا بەم جۆرە دوا:



ساڵی ١٩٧٤ کە ڕێککەوتنی ١١ی مارس ڕوویدا و دوکتور قاسملوو هاتە بەغدا و وەک کارناسی ئابووری لە وەزارەتی ئابووریی عێراق [وەزارەتی بەرنامەدانان دروستە] دەستی بە کار کرد. ئەوە نیشاندەری توانا و لێهاتوویی دوکتور قاسملوو بوو کە لە هەموو بوارەکاندا توانا و ئیستیعدادێکی تایبەتیی هەبوو. لە نێو نەتەوەی کورددا کەم کەسم دیوە کە کەسایەتی‌یەکی لەم شێوەی هەبێ. من هەمیشە گوتوومە کە جەلال تاڵەبانی کەسایەتی‌یەکی لێهاتوو و گەورەیە و، لە پێوەندی لەگەڵ دوکتور قاسملووشدا هەمیشە ئەوەم گوتوە کە شەهید دوکتور قاسملوو کەسایەتی‌یەکی بێ وێنەیە لەنێو کورددا. کەسایەتی‌یەکی یەکجار لێهاتوو.

دیارە هەلو مەرجی خەباتی سیاسی لە ئێران و ناوچە ئەم بوارەی ڕەخساندبوو، سەرەرای ئەمەش دوکتور قاسملوو لە بواری قسەزانی، پێوەندیو دامەزراندنی پێوەندی ئەو کەسایەتی‌یە کارێزماتیکەی هەیبوو، کەسێکی خوێندەوارو ڕووناکبیری سیاسی بوو. بە گشتی توانیبووی قەناعەت بەو کەسانە کە کاری دەگەڵ کردبوون بێنێ، واتە زیاتر بڕوای بە سیاسەتی بە قەناعەتهێنان هەبووو پێی وابوو لە ڕێگەی وتوویژو دیالۆگەوە دەکرێ زۆر شت چارەسەر بکا. کە پێموایە ئەم لایەنە لەبیری دوکتور قاسملوودا زۆر بەهێز بوو. دەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەری بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران بوو چونکە دوکتور قاسملوو لە نێو ڕێبەرانی سیاسیی حیزبی توودە و ئەم چەشنە ڕەوتەدا پێگەیشتبوو، حیزبی توودەش هەر نەبێ تا

بەشی سێهەم

بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە بواری هزری و ئیدیولۆژیکو ئەدبیاتەوە یەکێک لە بەهێزترین حیزبەکانی ئێران بوو کە ئێستاش لانیکەم لەئەدەبیات، چیرۆکنووسیو ڕۆژنامەنوسیو زۆر شتی دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە کە دیارە ڕەنگە جۆرەکەی جیاواز بێ بەڵام بەڕاستی کاریگەر بوو، دوکتۆر قاسملوو لەم چەشنە ڕێبازەدا پێگەیشت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جووڵای ٢٠١٣

## قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسوولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا



ئەمن یەکجار زۆر خۆشحاڵ و هەژاوم کە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵتانم بۆ یادکردنەوەی کەسێک کە ئەمن بە مامۆستای خۆمم دەزانی، واتە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە هەروەک هەموو دەزانن بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بەدەستی ڕێژیمی ئێران تێرۆر کرا. ئەمساڵ چەندین ڕێوڕەسم بەو بۆنەیەوە لە گۆڕستانی پێرلاشێز و هەروەها لە پارلمانی فەڕانسەش بەڕێوە چوون.

کەس دوکتور قاسملووی لەبیر نەچۆتەوە. کەس ناتوانێ دوکتور قاسملوو لەبیر بکا. هەموو ئەوانەی دەیانناسی دەزانن کە چەندە زیرەکییەکەی و روانینی ئەو بۆ جیهان هیوابەخش بوو. ئەو کەسێک نەبوو کە سیاسەت تەنیا لە گەیشتن بە دەسەڵات و پۆستێکدا ببینێ. بنەمای خەبات و تێکۆشانی وی بەڕاستی بیروباوەڕ بوو و لەبیروباوەڕیشیدا هەتا سەر دەچوو و پێی وابوو کە دەبێ بە تەواوی ئەو نەخشە بنوێنێ کە مێژووی میللەتەکەی لێی داوا دەکا.

ئەمن بەختی ئەوەم هەبوو کە لە مانگی فێبریوارییی ١٩٨١ دا لەگەڵی ئاشنا بووم، لە شوێنێک کە بۆ پاراستنی لە بۆمبارانی دوژمن دروست کرابوو. ئەو بە تەواوی لە خزمەت مەسەلەی کورددا بوو. پرسیاری سەرەکییش ئەوە بوو کە ئایا دەکرێ بە ئاشتی بگەین بەبێ ئەوەی ئامادە بین لەگەل دوژمن وتووێژ بکەین؟ هێندێک کەس ئێستاش لۆمەی دوکتور قاسملوو دەکەن کە بۆخۆی راستەوخۆ و بە قیمەتی گیانی خۆی لەگەڵ دوژمنەکەی دانیشتوە. بەڵام بەڕاستی ئەگەر دوکتور قاسملوو باش بناسین، دەکرێ لەوەدا کە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی خۆی تا سەر جێبەجێ کردوە و گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کردوە  لۆمەی بکەین؟

ئەمن ئەو پیاوەم پڕبەدڵ خۆش دەویست، مرۆڤێکی باش و راستگۆ کە قەت حازر نەبوو لەپێناوی ناسران و دانپێدانانی خەباتەکەیدا پەنا بۆ تێرۆریزم بەرێ. ئەوەی قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد شتێک نەبوو جگە لە هەقی مان و مەوجوودییەتی گەلەکەی لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا و بەڕەسمیناسران و گەشەسەندنی ناسنامەی گەلەکەی، مافی ئەوە کە کوردەکان بتوانن زمان و فەرهەنگی خۆیان بۆ منداڵەکانیان بگوازنەوە. ئەمانە شتێک بوون کە ئەوەدەم لە ئێراندا ڕێگەیان پێ نەدەدرا و بەداخەوە ئێستاش هەر مافی کوردەکان لەو وڵاتەدا بەڕەسمی نەناسراوە و ڕێزی لێناگیرێ.

ئەمن بەڕاستی قاسملووم خۆش دەویست. قاسملوو مامۆستایەکی بە تەواوی مانای وشە بوو. ئەو ناوچەی خۆی و گەلەکەی خۆی و هەموو کۆت و بەندەکانی ژێئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەی گەلی کوردی بەسەر چەند پارچەدا دابەش کردبوو بەباشی دەناسی. ئەمن زۆر شت لەو پێوەندییەدا لەو فێر بووم. بەتایبەتی ئەوە کە چۆن لە پاش کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە فەزای سیاسی جاری وابوو کەمێک کرابۆوە و زۆربەی کاتیش بەتەواوی داخرابۆوە. ئێمە ئەو کاتە پزیشک بووین و لەسەر داوای دوکتور قاسملوو چووبووینە کوردستان هەتا کەمێک یارمەتیی پزیشکی بە خەڵکی کورد بگەیەنین، چونکە ئەو کاتە کوردستان هیچ خزمەتێکی پزیشکیی لێ نەمابوو.

ئەمن ئەمڕۆ لێرەم هەتا لەگەڵ دۆستانی کوردمان لە لەندەن و لەگەڵ ئەو بریتانیاییانەی پشتیوانی لە کورد دەکەن ڕێز لە یادی دوکتور قاسملوو بگرین. دەستخۆشیش بە پارلمانی ئینگلستان دەڵێم کە لەم دواییانەدا هەنگاوی گەورەی لە بواری بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی کورداندا هەڵێناوەتەوە.

ئەمن تا ماوەیەک پێش ئێستا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆنسوولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر بووم. ئەمە شتێک نەبوو جگە لە درێژە و سەرەنجامی بەسەرهاتێکی کوردی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەستم پێکردبوو.

لەم کات و ساتەدا ناتوانم ئیشارەیەکیش بە بارودۆخی کوردستانی عیراق نەکەم. بیر بکەنەوە ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو مابا گفتگۆی چەندە سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا لەگەڵی دەبوو. بێگومان نە دەزانم ئەگەر مابا ئەمڕۆ چی دەگوت و نە دەشمهەوێ بە زمانی ئەوەوە قسە بکەم. بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە مێژوو دووبارە نابێتەوە مەگەر لە هەڵەکانیدا. بەڵام کاتێک ئومێدێک هەیە، کاتێک پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، وا باشە بە هەڵەشە پری نەدەینێ. پێویستە پەنجەرەکە بە کراوەیی بێڵینەوە هەتا دەرفەتی گونجاو ڕێک کەوێ کە لە ڕێگەیەوە دەستمان وەودیوی پەنجەرەکە ڕابگا. وێنای ئەم پەنجەرە کراوەیە بۆ من تەواو واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی عیراق دەردەخا.

بەشی سێهەم

ئێمە مێژووی عیراق و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەسەر دەستی فەڕانسە و بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا دەناسین. دەشزانین لەو سەردەمەدا دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان چ بەشێکیان دایە گەلی کورد بەگشتی و گەلی کورد لە عیراق بەتایبەتی. بەشەکەش جگە لە حاشاکردن لە مافەکانی کورد و سەرکوتی ئەم گەلە لەلایەن ڕێژیمی بەغداوە شتێکی دیکە نەبوو. لەحاڵێکدا عیراق وڵاتێکی عەرەبی نیە، بەڵکوو وڵاتێکە بە دوو نەتەوە و چەندین کولتوورەوە. ئەم کولتوورانە ئەمڕۆ بە زمانی توندوتیژی خۆیان دەردەخەن.

وەک خۆم پێموایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتوە کە گەلی کورد بە سەربەخۆیی بگا، مافێک کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و مەنشووری مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراوە. هەر بەڕاست پێتان وایە ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو مابا، بە هۆکاری ژێئۆستراتژی کە دیپلۆماتەکان زۆریان حەز لێیە، دژایەتیی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق دەکرد؟ ئەمن بۆخۆم باوەڕ ناکەم کە وای کردبا.

ئەمە ئەو چەند بیر و هەستە بوو کە ویستم لەو دەرفەتەدا لەگەڵ ئێوەی بەش بکەم.

سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو ڕێوڕەسمەیان وەڕێ خستوە و سپاسیان دەکەم کە منیان دەعوەت کرد بۆ ئەوەی لە هەژانی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوودا لەگەڵتان بم. هیواداریشم ساڵێکی دیکە هەر دوو لای دێموکڕات پێکەوە لەگەڵ دۆستانی دوکتور قاسملوو یەک ڕێوڕەسمی هاوبەش لە گۆڕستانی پێرلاشێز بەڕێوە بەرن، نەک دوو ڕێوڕەسمی جیاواز. ئەم کارە دەتوانێ پەنجەرەیەک بەسەر کوردەکانی ئێرانیشدا بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

## پەیامی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ کۆبوونەوەی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان



**دۆستانی خۆشەویست،**

دوێنێ بیستوپێنجەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکەی عەبدوڵلا قادریئازەر و مامۆستای کوردی عیراقی فازڵ ڕەسووڵ بوو.

سێ حەوتوو پێشتر دوکتور قاسملوو بە سەرپەرستیی هەیئەتێکی حیزبەکەی لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیست کە ڕێبەران و نوێنەرانی حیزبە سۆسیالیست و سۆسیالدێموکڕات و کرێکارییەکانی سەرجەم جیهانی لە ستۆکهۆڵم کۆ کردبۆوە، بەشدار ببوو. خۆتەرخانکردن و پابەندیی قاسملوو بە ئامانجەکانی گەلی کورد و خەباتی وی بۆ دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەمێک بوو بۆ بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی ئێمە ئاشنا بوون. ئەو پیاوێکی یەکجار ڕێزلێگیراو بوو کە بە هەوڵ و ئازایەتیی خۆی خەباتی گەلی کورد بۆ ماف و ئازادییەکانی بە خەباتی هەموو گەلانی جیهان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی بەستەوە.

زۆربەی ئەوانەی دواتر لە شۆرشە دێموکڕاتییەکانی ئورووپای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتدا بەشدار بوون و هەروەها ئەوانە کە لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا بۆ دێموکڕاسی خەباتیان دەکرد لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە لەگەڵ واقیع و خەون و هیواکانی گەلی کورد لە وڵاتانی جۆربەجۆری ناوچەدا ئاشنا ببوون. ئەم هاوپێوەندییانە لەگەڵ گەلی کورد دواتر لەڕێگەی

جێگرەوەی دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتی واتە دوکتور سادق شەرەفکەندیەوە درێژە پێدران کە بەداخەوە ئەویش ڕۆژی ۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲ بەشێوەیەکی تراژیک پاش بەشداریی لە کۆنگرەی نۆزدەهەمی ئەنترناسیۆنال‌سۆسیالیست لە بێرلین تێرۆر کرا.

ئێمە لە ئەنترناسیۆنال‌سۆسیالیستدا لەرێگەی ئەزموون و خەباتی خۆمان لە تەواوی جیهاندا باش دەزانین کە کۆمەڵگای ئاشتی و دێموکراسی وەدی نایە مەگەر ئەوە کە هەموو ئەو گەل و پێکهاتانەی لە وڵاتەکاندا دەژین بەڕەسمی بناسرێن و مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتی‌یان دەستەبەر بکرێ. بە ئەزموونێک کە وەدەستمان هێناوە دەزانین کە رێگای هاوبەش بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و ئاشتی بریتی‌یە لە ڕێزگرتنی ماف و ئازادی‌یەکانی هەموو گرووپەکان. بەبێ گەرەنتیی مافی وەک یەک بۆ هەمووان بەستێنێک بۆ توندڕەوی و فیرقەگەرایی دروست دەبێ. وەک هەر ئەمڕۆ لە زۆر لە کێشە و ناکۆکی‌یەکانی نێوخۆی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا دەی‌بینین، هەمیشە خەڵکی بێدیفاعن کە زۆرترین زیانیان لە دابەشبوون و ناکۆکی‌یەکان وەبەر دەکەوێ. هەربۆیە لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا ئەحزابی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تەواو جێگەی خۆیان هەیە و ئێمە پشتیوانی لەوە دەکەین کە کوردەکان لە بڕیاردان لە ئایندەی وڵاتی خۆیاندا دەنگیان ببیسترێ.

ئێمە لە تەنیشت گەلی کورد و هەموو ئەو دێموکڕاتانەوە دەوەستین کە بۆ ئایندەی ئاشتی و ئازادی لە ئێراندا خەبات دەکەن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە بوو کە ئێمە بە روونی دژایەتیی خۆمان لەگەڵ دامەزرانی خەلافەتێکی ئیسلامی لە عیراق ڕاگەیاندوە و پشتیوانی لە پێکهاتنی حکوومەتێکی یەکێتی نەتەوەیی لە عیراقدا دەکەین کە پلووڕالیسم گەرەنتی بکا و مافی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتی‌یان بە کوردەکانیشەوە دابین بکا. ئێمە بە پشتبەستن بەم پرەنسیپ و بەهایانە لە تەنیشت گەلی کورد و هەروەها هەموو ئەو گرووپانەی نێو سووریەش دەبین کە هەر ئێستا بەهۆی خواستی ئازادی و دێموکڕاسی ئازار دەکێشن.

هاوپێوەندی مۆرکی ناسنامەی ئێمەیە و هەمیشە بەردی بناخەی سیاسەت و هەڵوێستەکانمان بووە. هاوپێوەندی لە خەباتمان بۆ یەکسانی و بەدژی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و چەوسانەوە مەبەست و پرەنسیپی بناخەیی کاری ئێمەیە.

بۆ ئەندامانی ئەنترناسیۆنال‌سۆسیالیست، میراتی دوکتور قاسملوو کلیلێکی نەخشەرێگای بەرەوپێش‌بردنی پرسی کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا و بەرزکردنەوەی  دەنگی کوردەکان لە وڵاتانی خۆیان و لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهاندایە. ئەو هەوڵ و خەباتە هێشتا بە تەواوی بە ئاکام نەگەیشتوە و ئیرادەی نێونەتەوەیی ئێمە بەردەوام دەبێ لە لەقاودانی هەموو چەشنەکانی سەرکوتی کوردەکان و پشتیوانی لە هەوڵی هەمەلایەنە بۆ بردنەپێش و پارێزگاری بەپێی یاسای نێونەتەوەیی

لە مافەکان و ئەمنیەت و باشکردنی دۆخی ژیانی کوردەکان، ئەوانەی وا دوکتور قاسملوو نوێنەرایەتیی دەکردن و ئێستاش هەر نوێنەرایەتی‌یان دەکا.

**لویس ئەیالا**

**سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

---

# ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون (ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەرۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ی ژوئیەی ڤییەن)



**بە قەڵەمی کریس کۆچێرا**

**وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا**

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، چووبووە ڤییەن ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کردبوونی، هەر لەو پێوەندییەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو:

## ئەوان نەک بۆ وتووێژ بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون.

کاتی خۆی ڕۆژنامەی فەرانسەیی »لۆمۆند« ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەرۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڤییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری »آرش«یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە هۆگرانی کەسایەتیی د.قاسملوو حەز دەکەن بزانن لەم دانیشتنە خوێناوییە دا چ قسەو باسێک لە نیوان د.قاسملوو و ناردراوانی تیرۆریست هاتوونە گۆڕێ،

وەرگێردراوی کوردیی ئەم راپۆرتەی کریس کۆچێرا لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەو رێبەرە دا، جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، عەبدوڵرەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گوللە کە وەسەری کەوتبوو، لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاوڕێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری ڤییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تارانو پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩ دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [رێژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (نێوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆشی بریندار بوو.

سەحراڕوودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانیی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژوئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی بزورگیان بۆ ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانیی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەویی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانیی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتووێژەکانی ناردراوانی تارانو رێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێدان. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسییانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانییەکان کە پێیان وانەبوو رۆژێک لە رۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیانو روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕوا هەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسییە مۆدێرنەکانو بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلیدا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامی‌یەکانی ئێرانو لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر ببێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی رازی بێ. بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩ دا مردبوو) دەبێ رابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: بیکوژن.

سەحراڕوودی رادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە. چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتنو پێوەندی‌یەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی راشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە.

عەبدولڕەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاریو ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاریدا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی‌دا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟ قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: ئەسڵی من، ئەسڵی دێمۆکراسیو خودموختاری‌یە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی.

سەحراڕوودی: ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە رۆژهەڵاتو نە رۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان.

قاسملوو... من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندنی خودموختاریدا ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی و رەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان رابگەیەنن. قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە بە درێژی شی دەکاتەوە: بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی رەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری و بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هۆی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتن و جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی و کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ.

### قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:

ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی و مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی بسم الله الرحمن الرحیم دەست پێ بکرێ. ئەوەش راست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ بسم الله الرحمن الرحیم.

ئێرانییەکان (ناردراوانی رژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ رۆژی ١٣ی ژوئیە سەحرارووودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختارییەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسان و ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێک مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن.

سەحرارووودی باسێکی دوورودرێژ دەست پێدەکا کە هیچ پێوەندییەکی بە مەسەلەکەوە نیە... ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلی و، ئەویش

ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبووو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایەت (ئوستان) کە حاکمەکان (والیەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن‌و لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێ‌قبووڵ ناکرێ.

سەحراڕوودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیە و ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامی‌یەکان‌و کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێ‌و تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێنشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێ‌و لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتی‌یەکان‌و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە.

قاسملوو: ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵی‌یە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن.

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بە راستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیایییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووە واباشترە کە فیدرالیزم هەڵبژێردرێ و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزم و نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن.

## قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە:

لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ و بە ئوسوول و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆیییەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەرەبەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان ڕۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ ڕەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک ڕێککەوتن و درێژە بە وتووێژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ رابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێدەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە ڕێککەوتن و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادیلەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ.

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ کپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێدەنگیی تەواو.

لە ژمارە ٦٣٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٤

# کاک دوکتور



**نووسین: ئەحمەد ڕەئفەت**

**وەرگێڕان: هیوا میرزایی**

لە یەکەمین ساڵەکانی زانستگام لە ئیتالیا چاوم بە عەبدولڕەحمان قاسملوو کەوت. بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی حیزبی کومۆنیستی ئیتالیا سەفەری بۆ ڕۆما کردبوو. سەرۆک کۆماری ئێستا، جیۆرجیۆ ناپۆلیتانۆ و جان کارلۆ پایتتا، یەکێک لە بەرپرسانی پارتیزانەکان لە سەردەمی حکوومەتی مۆسوولینی کە دواتر بوو بە سیناتۆر، بەردەنگەکانی ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا بوون. ئەرکی وەرگێڕانی ئەم چاوپێکەوتنانە لە ئەستۆی یەکێک لە هاوڕێیانی کورد بوو، هەڵبەت تا ئەو کاتەی کە لە کاتی نان خواردنی شەو لە یەکێک لە ڕێستورانەکانی شاری ڕۆما، کە ئەو کات شوێنی گردبوونەوەی ئێرانییەکان بوو و گەورەترین کۆمپانیای ئابجۆسازیی ئیتالیا واتە پرۆنی تێدایە، لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. لە کاتی نان خواردندا کە دەرفەتێک بوو بۆ ئێمەی خوێندکار تاکوو لەگەڵیان ئاشنا بین و گوێ لە قسە و لێکدانەوەکانی لە مەڕ ئێران و ناوچە بگرین، باس لە سەرەتای ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینییە، دوکتور داوای لە من کە ئیتالیایی زمانی دایکیم بوو، کرد لە چاوپێکەوتنەکانی دواتریدا لەگەڵی بم. دوکتور قاسملوو دەیگوت، چوونکە من دوو فەرهەنگیم بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ئێرانی لە ئەو بە باشی تێدەگەم و ئەو تواناییەم هەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی ڕۆژئاوایی یان ئیتالیاییم، باشتر لەگەڵ بەردەنگەکاندا پێوەندی دروست بکەم و قسەکانی ئەو بگوازمەوە.

نازانم ئەم مەسەلەیە چەندە ڕاستە، بەڵام بێگومان دەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو لە وەرگێڕانی من و جۆری

پێوەندییەک کە من لەگەڵ بەردەنگەکاندا دروستم دەکرد، ڕازی بوو. منیش شانازیم بەوە دەکرد کە وەرگێڕانی قسەکانی یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی ئیتالیام لە ئەستۆیە و پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە زۆر کەس ئەو هەڵبژاردنەی دوکتور قاسملوویان پێ ناخۆش بوو، چوونکە من خوێندکارێکی لاو بووم و ئەزموونی سیاسیم زۆر کەم بوو. لەو ساڵانەدا بۆ چەند جار دوکتور قاسملووم لە چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئیتالیا هاوڕێیەتی کرد و ئەمە دەرفەتێکی بێ وێنە بوو بۆ من کە لەگەڵ بۆچوون و کەسایەتیی ئەو کە بە بڕوای من تەنیا ڕێبەری گرینگترین حیزبی کوردستانی ئێران نەبوو، بەڵکوو یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسییە دەگمەنانە بوو کە دەیتوانی گۆڕانکاری لە ئێراندا دروست بکا، لە نزیکەوە ئاشنا بم و ئەمە پێداهەڵگوتن نیە ئەگەر بڵێم کە ئەم چاوپێکەوتنانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە گەشە و تێگەیشتنی سیاسی مندا.

لە کاک دوکتور، ناوێک کە من و بەشێک لە خوێندکارانی ئەو کات بۆ قسەکردن لەگەڵ قاسملوو کەڵکمان لێ وەردەگرت، چەند شت فێربووم کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەشی دانەبڕاوی باوەڕە سیاسییەکانی منە. یەکەم ئەوەی کە تەنیا ڕێزگرتنی بەرانبەری ئێتنیک و نەتەوەکانە کە دەتوانێ هەلی پێکەوەژیان بڕەخسێنێ و تا کاتێک هەر مرۆڤ، ئێتنیک یان نەتەوەیەک خۆی بە هەر هۆیەک لە سەرەوەتر بزانێت، ئەم پێکەوەژیانە بێگومان زۆرەملی و بە کەڵکوەرگرتن لە زۆری یەکێک بە سەر ئەوانی دیکەدا دەبێ. لە کاک دوکتور هەروەها فێر بووم کە لە وڵاتێک وەکوو ئێراندا کە لە ئێتنیک، نەتەوە، زمان و ئایینگەلی جۆراوجۆر پێک هاتووە، ناکرێ باس لە دێموکراسی و ئازادی بکەین، ئەگەر یەکێک لەم ئێتنیک و نەتەوانە یان زمان و ئایینانە بیانهەوێ خۆیان بە سەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن. لە بیرمان نەچێ کە لەو ساڵانەدا باسکردن لە ئازادی زۆر بوو، بەڵام لە کۆبوونەوە سیاسی و خوێندکارییەکانی چەپەکاندا کەسێک باسی لە دێموکراسی نەدەکرد و هێندێک تەنانەت دێموکراسییان بە دیاردەیەکی تایبەت بە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان دەزانی. دوکتور قاسملوو هەرچەند بیرکردنەوەی سۆسیالیستیی هەبوو یان بە زمانی ئەمڕۆیی سۆسیال دێموکرات بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە بە تەواوی باوەڕی بە دێموکراسی لە هەر ئاستێکدا لە بنەماڵە و حیزبەوە بگرە تاکوو کۆمەڵگا و سیستمی وڵات هەبوو. ئەم باوەڕە تا ئەو ڕادەیە بوو کە هێندێک جار زۆریەک لە ئێمە لاوە چەپ و بە ڕواڵەت شۆڕشگێڕەکان بە سەرنجدان بەوەی کە قاسملوو لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش نەبوو، بە بووڕژوامان دەزانی. یەکێکی دیکە لەو وانانەی کە لە دوکتور قاسملوو فێر بووم، سەرنجدان بە پرسەکانی ناوچە و جیهان بوو. قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە لە سەدەی بیستەمدا هیچ نەتەوە و خەڵکێک ناتوانن خەمسارد بن و بە بێ سەرنجدان و بە لە بەرچاونەگرتنی ئەو شتانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان ڕوو دەدەن، بۆ داهاتوویان بەرنامە دابڕێژن. ئەمڕۆ ئەم بابەتە کە ناوی گلۆبالیزاسیۆن "بە جیهانی بوون"ی لێ نراوە، بە شتێکی نوێ نایەتە بەرچاو، بەڵام لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە باسی لێ نەدەکرا. بە کورتی دەتوانم بڵێم، زۆریەک لە قسەکانی قاسملوو ئەو کات تەنانەت بۆ بەردەنگە ئورووپاییەکانیش لە ڕادە بەدەر مودێڕن و دووربینانە بوو، چ بگات بە ئێمە

لاوانی وڵاتێکی لە حاڵی پەرەسەندندا وەک ئێران بە حکوومەتێکی نادێموکراتیکەوە. کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە پێویستیی هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەبوو. دەیگووت ئێمە ئێرانییەکان چوونکە لە ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەدا ژیان دەکەین، چاوەڕوانیی ئەوەمان هەیە کە نەتەوەکانی دیکە هاوسۆزیی خۆیان بۆ ئێمە دەر ببڕن، بەڵام کەمتر هەنگاو بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە هەڵدێنین. ئەمە ڕاستییەکە کە بەداخەوە ئەمڕۆکەش گۆڕانی بە سەردا نەهاتووە و هەر وایە. کەمتر ئێرانییەکان لەگەڵ سوورییەکان کە لە ناوچەی ئێمە ژیان دەکەن و یان بۆ نموونە لەگەڵ ڕواندا لە ئەفریقا هاوپێوەندی دەردەبڕن، لە حاڵێکدا کە ئەگەر ئەم یان ئەو وڵاتی ڕۆژئاوایی و ئاسیایی سەرنج نەداتە خەباتی ئێمە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا، تووشی هەڵچوون دەبین.

کاک دوکتور نەک هەر کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە زانست و کۆمەڵناسی هەڵسەنگاندنی بۆ هەڵکەوتە سیاسییەکان دەکرد، بەڵکوو مامۆستایەکی هونەری ژیانیش بوو. ئامادە بوو گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکانی کەسانێک بگرێ کە شەویان لە بەرامبەر پەیکێک شەرابی سوور تێدەپەڕاند و وەک مامۆستایەکی هێدی ئەوانی ڕێنوێنی دەکرد. لە ماوەی نیو سەدە چالاکیی سیاسی و ڕۆژنامەوانیدا کەمتر ڕێبەرێکی سیاسیم دیتووە کە ئامادەیی ئەوەی هەبێ بە هێمنییەوە گوێ لە گرفتە تاکەکەسییەکان و شک و گومانەکانی لاوێک ڕابگرێ و وەکوو هاوڕێیەک ڕێنوێنیی بکات. هەڵسوکەوتێکی تایبەتی لەگەڵ لاوان هەبوو کە هەموو جیاوازییە تەمەنییەکانی کاڵ دەکردەوە. ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لەو هەڵسوکەوتانەی کە من لە دوکتور قاسملوو فێر بووم و ئێستاشی لە گەڵدا بێ، هەوڵ دەدەم لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمدا پەیڕەویی لێ بکەم. نەبوونی دوکتور قاسملوو تەنیا خەسارێکی قەرەبوونەکراوی لە کوردەکانی ئێران نەدا، بەڵکوو لەو بڕوایەدام کە هەموو ئێرانییەکانی لە هەبوونی ڕێبەرێکی زانا، مافخواز و پراگماتیک بێبەش کرد. دوایین جار دوکتور قاسملووم پاش چەندین ساڵ لە پاریس و لە یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بینی. من ئیتر خوێندکار نەبووم و سەرقاڵی پیشەی ڕۆژنامەنووسی بووم و بۆ ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی کارم دەکرد، وتووێژێکی سیاسیم هەر بۆ ئەم ڕۆژنامەیە ئەنجام دا و لە کاتی ماڵئاوایی، ماڵئاواییەک کە هیچکات لەو بڕوایەدا نەبووم کۆتایی دوایین چاوپێکەوتنم بێ لەگەڵ کاک دوکتور، پێی وتم هەوڵ بدە هەمیشە ڕاستییەکان هەر بەو شێوەیە کە دەیانبینی و بەو شێوەیە کە بیر دەکەیتەوە، بگوازیتەوە بۆ خوێنەرەکانت.

ڕۆحی شاد بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# هەراوهوریای ژیانێک و بێ دەنگی مەرگێک




**ئامادەکردنی بەشی فارسی: ئاسۆ ساڵح**

**وەرگێران: ڕەشید زەرواوی**

لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩دا، واتە هەر ئەو ساڵەی کە "سمکۆ" یەکێک لە ڕێبەرانی کورد لە پڕۆسەی دانوستاندا لەگەڵ حکوومەتی ئەو سەردەمە تیرۆر کرا، لەیەکێک لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری ورمێ، کوڕێک چاوی بە دونیا هەڵ هێنا کە پەنجا و نۆ (٥٩) ساڵ دواتر، هەر لەو مانگە دا و لەسەر ئەو ڕێبازەی کە سمکۆ لەسەری تیرۆر کرا بوو ، دوچاری هەمان چارەنووس کرایەوە.

ئەو لە نووسینەکانیدا گرینگی زۆر بەسمکۆ ئەدا. بێ ئاگا لەوەی کە خۆی ڕۆژێک دەبێتە پرسێکی مەزن، بەهێزێک لەو و بە ئیلهامی زیندووی لاوانی نیشتمانەکەی.

بێ گومان مێژوویی خەباتی گەلی کورد ئەگەر گەرەکی بێ سونبولێک بۆ لۆژیک و هزری سیاسی لەخۆ پیشان بدات، هەڵبژاردەیەکی بەدەر لەدوکتور قاسملوو لەبەر دەم نامێنێ. جۆری تێڕوانینی خەڵکانی دەرەوەی حیزبەکەی قاسملوو، لەنێویاندا نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ڕۆژئاوایی دەتوانێ پتر ئێمە لەگەڵ هزر و ئەندیشەکانی قاسملوو ئاشنا بکات.

## هەژیر تەیمووریان



**هەژیر تەیمووریان "ڕۆژنامەوان و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو" دەڵێ:** من بۆ یەکەم جار لە لەندەن و کاتێک د. قاسملوو هاتە ئێرە، چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد. ئەو کات من وەک بێژەر لە ئێزگەی جیهانی "بی بی سی" کارم دەکرد. ئەو هاتە سەردانی من چونکی دەیزانی کە لە ڕابردوودا ئەندامی یەکیەتی خوێندکارانی کورد بووم. هەر لەو کاتەوە ئێمە بووینە هاوڕێ. ئەو مرۆڤێکی خوێن گەرم بوو، بە دڵنیاییەوە دەمزانی کە من وەک ڕۆژنامەوانێک کە بابەت و نامیلکەگەلێکم لە پێوەندی بە خۆرهەڵاتەوە نووسیون و بڵاو کردوونەوە، نەمدەتوانی ببمە ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی. بەڵام ئەو بۆ ئەندامەتی لەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هانی دەدام، هەڵبەت ئەو باسە زۆر جیددی نەبوو. بەهەر حاڵ ئەو کەسایەتییەکی خوێن گەرم و کاریزماتیکی هەبوو، دەیتوانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. وێرای هەموو دژوارییەکان، مرۆڤێکی شاد بوو. هیوای بە خەڵک دەبخشی، ئەو ڕێبەرێکی مەزن بوو، کەسێکی لەبەردڵان بوو. ئەو توانایی قسەکردنی بە دە (١٠) زمان هەبوو، کەسێکی بیرمەند و زۆر زیرەک بوو. سەردەمانێک کە لە چیکوسلڤاکیا خوێندکار بوو، بیری مارکسیستی هەبوو. من کتێبەکەی ئەو "کوردستان و کورد"م بەدەست گەیشت کە تێزی دوکتوراکەی لە وڵاتی چیکوسلڤاکیا بوو کە پڕ لە دروشمی مارکسیستی بوو، هەڵبەت قابیلی تێگەیشتنە لەبەر ئەوەی بۆ نووسەرانی کمونیست بوو، بەڵام من دەزانم کە دوکتور قاسملوو دواتر دێموکراتێکی واقع بین بوو و تێگەیشت کە ڕێرەوی مارکسیستی لە کۆمەڵگای کوردەواری دا شوێن و پێگەی نییە. هەموومان ئەومان خۆش دەویست، من ئەوم بۆ دوو ڕۆژنامەی گرینگی "تایمز و بی بی سی" برد.

دواتر کە چەند ڕۆژێک لە پاریس پێکەوە بووین بۆ ئەو بابەتە سپاسی کردم. لە بیرمە کە ئەو مرۆڤێکی بوێر بوو، لەدەرەوەی قاوەخانەیەک دانیشتبووین، لەبەرخۆمەوە گوتم کە هەر ساتێک تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن تیرۆری بکەن، بەڵام ئەو هیچ نیگەرانی ئەوە نەبوو و من ئیتر سەرم سووڕ نەما کە لە هێندێک حاڵەتدا متمانەی پێیان هەیە و

بەشداری دانوستانی کرد و تیرۆر کرا. من چەند رۆژێکم لە گەڵ ئەو لە کۆنفرانسێک دا لەسەر کوردەکان لە ئامستردام بەسەر برد، بەگشتی زیاتر و زیاتر ئۆگری بووم و وەک هاورێیەک زۆرم خۆشم دەویست.

## مارک کراوێتس



**مارک کراوێتس "رۆژنامەوانی رۆژنامەی لیبراسیۆن" و لە دۆستانی شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:** پتر لە سێ دەیە لە یەکم چاوپێکەوتنم لەگەڵ قاسملوو تێ پیر دەبێ، بەڵام ئەم دیدارە لە ژیانی بەکردەوەمدا وەک ساتەوەختێکی بەرچاو ماندگارە، دیمەنەکانی سەفەر بۆ مەهاباد و گوزەر لە دڵی مێژووی کوردستانی گەمارۆ دراو، لەگەڵ قسە و باسەکانمان لە نووسینگەی دوکتور قاسملوو دا پێکەوە ئاوێتەی یەکتری دەبن. دۆخێکی تایبەتی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم وەک بیرەوەرییەکی خۆش لەیادە کە بە دڵنیاییەوە پێویستە ئەوە لە دڵ گرمی و میوانداری و لەهەمووی زیاتر لە پێوەندییەکی ئارام و خۆش رەفتاری پیاوێک بزانین کە سەرەڕای ئەو هەموو بەرپرسیاریەتەی لە ئەستۆیەتی و لەهەرکەسێکی تر باشتر دەیزانێ کە تۆفان لەسات و کاتێکدا دەگات، بەڵام ئارامی لەدەست نەدەدا. هیچ شتێک تواناى کارتێکەری لەسەر مێهرەبانی و بزەی دوکتوری نەبوو.

رۆژنامەوانانێک کە لەگەڵ قاسملوو دا دیمانەیان ساز دەکرد، باوریان وایە کە ئەو یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە وتووێژەکەی لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕێرەوی دەکرد. هەرشتێک کە پێویست بوو دەیهێنایە سەر زار.

**تەیمووریان لە بارەی دیمانەیەک دا لەگەل دوکتور قاسملوو دەڵێ:** من لە بریتانیا نامیلکە گەلێکم لە پێوەندی بە خۆرهەڵاتەوە بڵاو دەکردەوە، بۆ وێنە کاتێک پەیوەندیم بە گاردییەنەوە دەگرت، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ رۆژنامەی تایمز جێگای متمانە بووم، یان بۆ وێنە کاتێک لەگەڵ رۆژنامەکانیتری وەک گاردییەن، دیلی تەلگراف، فاینێنشال تایمز پیوەندیم دەگرت و دەمگوت کە یەکێک لە رێبەرانی کوردەکانی ئێران لای منە و ئایا پێتان خۆشە قسەی لەگەڵ بکەن،

ئەوان متمانەیان بە من هەبوو کە وا قسەی بێ هوودە و بێ ناوەڕۆکیان لەگەڵ باس ناکەم، بەڵام کاتێک لەگەڵ قاسملوو قسەیان دەکرد بەراستی دەکوتنە ژێر کاریگەری دوکتورەوە.

یەکێک لە کاراکتێرە بەرچاوەکانی شەهید دوکتور قاسملوو لە وتووێژەکان دا، تێگەیشتن لە کات و زەمەن بووە، ئەم خەسلەتە بە جۆریک بووە کە هەر رۆژنامەوانێک پێی خۆش بووە کە لە داهاتووشدا لەگەڵ ئەو و لە بواری جۆراوجۆر دا سەر لەنوێ چاوپێکەوتنی لەتەک ساز کاتەوە.

**هەژیر تەیموریان لەو پیوەندییەدا دەڵێ:** وابزانم چاوپێکەوتنەکە لە سالەکانی کۆتایی دەیەی ساڵی ١٩٧٠ بوو بەر لە شۆڕشی نگریسی ئیسلامی، ئیتر بۆ بی بی سیم برد و لەگەڵی دا دیمانەیەکم پێکهێنا بۆ بەشی فارسی بی بی سی، هەڵبەت هاوکارەکانم لە بەشی فارسی دەیانزانی کەوا کوردم و هەستی کوردایەتیم هەیە و ئاگادارم بوون کە زێدەرەوی نەکەم، بەڵام بەرێز قاسملوو زۆر فامیدە بوون و لە شتێکی لەو جۆرە تێدەگەیشتن و دیمانەکانی زۆر پێشوازیان لی دەکرا.

**مارک کراوێتسیش دەلێ:** دوکتور قاسملوو کاتێک لە بارەی ئارمانجی کوردەکانەوە قسەی دەکرد، ماندوویی نەدەناسی، من لە عەبدولرحمان قاسملوو و لە سایەی ئەوڕا کوردەکانم ناسی، لەگەڵ توانای بێ هاوتای ئەم نەتەوەیە لە بواری خۆڕاگری و عەشق بە ئازادی ژیان کردن ئاشنا بووم و لەوەش گرینگتر رووبەرووی ڕێبەرێکی سیاسی بوومەوە کە لەسەر ئەم گۆی زەوییە کەمتر بەر چاو دەکەوت.

راستگۆیی یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوو، تایبەتمەندییەک کە ئەخلاقی بەخشیبووە کردە سیاسییەکانی ئەو رێبەرە.

**هەژیر تەیموریان لەسەر ئەو تایبەتمەندییە دیسانەوە ئەدوێ و دەڵێ:** تا ئەو جێگایەی من دەمناسی، مرۆڤێکی ئێجگار ساکار بوو، بەڵام هەر وەک کە پێشتر گوتم، مرۆڤ نیسبەت بە هیچ ڕێبەرێکی سیاسی، بەتایبەت رێبەرانی سیاسی لە خۆرهەڵات مەشهوورن بەوە کە ناچارن نهێنی کاری بکەن. مرۆڤ پیویستە گومان بکات، بەڵام کاتێک کە ئەوم باشتر و باشتر ناسی، زیاتر و زیاتر لە دونیای سیاسەت دا جیگای متمانە بوو.

**مارک دەڵێ:** ئەو هەرگیز لەو زمانە دونیفاقییەی کە لە تاران و لە نێوان رێبەرە دوورخراوە تازە گەراوەکاندا و بەتایبەت لە نێوان کەسانی لائیکی دەوری ئیمام رەواجی هەبوو، کەڵکی وەرنەدەگرت، زمانێک کە رێبەرانی نوێی تاران بە

کەڵک وەرگرتن لێی، بەیاننامەی بەڕەواڵەت دێموکراتیکی خۆیان دەنووسی و بەتایبەت بۆ کڵاو نانە سەر گوێگرە ئەورووپاییەکانی خۆیان و بەوەش بە ناوی شۆڕشەوە پاساویان بۆ سەرکوتە دڕندانەکەیان دەهێنایەوە.

**تەیموریان:** رەحمان پتر لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا گەشەی کرد، ئەو ساڵانێکی زۆر لە پاریس ژیانی بەسەر برد. بۆ وڵاتانیتر و بەتایبەت سوئێد و بریتانیا سەفەری دەکرد. بەو جۆرە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دێموکرات و خاوەن پێگەی باڵا دەگرت. بۆ وێنە سۆسیال دێموکراتەکانی سوئێد یان پارتی کرێکارانی بریتانیا. ئەنجامی دیدارەکان لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی چاویان پێی دەکەوت،ئەویان هێنایە سەر ئەو بڕوایە کە کومونیسم ڕێگە چارە نییە، تەنانەت خۆشی ئەو راستییەی دەبینی. بڕوام وایە کە لە ژێر کارتێکەری ئەورووپای رۆژئاوا ببوو بە سۆسیال دێموکرات، لە ناخی دا وەک ناخی من، لە ناخماندا رەقمان لە توند و تیژی بوو.

**مارک: عەبدولرحمان لە بارەی ئازادی بۆ کوردەکان دەیگوت:** "کوردەکان هەرگیز لە درێژە پێدان بە خەبات لە پێناو وەدی هاتنی مافەکانیان دەست هەڵ ناگرن. ئێمە لە دژی رێژیمی پێشوو خەباتمان کرد و ئەگەر ئەم رێژیمە نوێیە پێداگری لەسەر وەژێر پێنانی مافەکانمان بکات، لە دژی ئەویش درێژە بە خەباتی خۆمان ئەدەین. ئازادی بۆ ئێمە بۆتە ڕیشەیی." ئەم قسانە لە نوکتەیەکی خۆش دەچوون، کە سروشتییە لەگەڵ قسەی ڕێبەرانی شۆڕشگێڕی تر بۆ دڵنەوایی رۆژنامەوانان وەک لێک بدرێتەوە، قسەهایەک کە خۆم زۆر جار لە شوێنەکانیتر بیستبوومن، بەڵام ئەمجارە شێوەی هێنانە سەرزاری ئەمانە جیاوازیان هەبوو، وشەکان بەبێ زێدەرەوەی و لە شکلی شیکردنەوە و بەدوور لە پروپاگەندە دەکەران. راستیەکەی ئەوەیە کەسێک کە ئەم وشانەی دەهێنایە سەر زار، شێوەی لە هیچ کام لەو ڕێبەرانەی ناسیبوومن، نەدەچوو.

بەڵێ ئەوە راستیەکەیە، هەموو ئەو رۆژنامەوانانەی کە لە نزیکەوە ناسیویانە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە عەبدولرحمان شێوەی لە هیچ کام لە ڕێبەرانی کوردستان، ئێران و تەنانەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش نەکردووە.

**هەژیر تەیمووریان:** قاسملوو کەسێکی بیرمەندتر بوو، وا بیر دەکەمەوە کە ئاستی کۆمەڵایەتی لەسەرووتر بوو، بۆ نموونە من تا ئێستا لەگەڵ بەرێز تاڵەبانی هاوڕێ نزیکم، ئەو پتر پیاوێکی کردارییە،هەڵبەت مرۆڤ نابێ متمانە بە هیچ ڕێبەرێکی سیاسی بکات، من زۆر بەداخەوەم کە بەرێز تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی پێوەندی باشیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ناچارەیشە کە ئەم هاوپەیمانەتیەی هەبێ یان بەلانی کەمەوە خۆی وا هەست بکات کە پێویستە بیبێ. مرۆڤ لە ئاکامدا وەک رۆژنامەوانێک، وەک کەسێکی بێ لایەن پێویستە لەبەرانبەر هەموو ڕێبەرانی سیاسی گومانی هەبێ، بەڵام من پتر متمانەم بە بەرێز قاسملوو هەبوو، هەرچەند دەشمزانی کەلەگەڵ حکوومەتی سەدام حوسێن پێوەندی

باشی هەیە و هەروەها لەگەڵ بەرێز د. بەختیار پێوەندی باشی هەیە، دەمزانی کە هەموو ئەمانە باوەرگەلێکیان هەیە، کەم و زۆر لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناوچە هاتوچۆیان هەیە ، بەڵام دەمبینی کە بۆ مرۆڤ ئەمە جێگایی تێگەیشتن بوو.

**مارک کراوێتس:** قاسملوو عاشقی کتێبی نایاب و شەرابی نایاب بوو، بەڵام هەڵبژاردەی یەکەمی داییم بەسەر دووهەمی دا پێ باشتر بوو. ئەو چ لە لەسەر مێزی خواردنی یەکێک لە خواردنگە نێودارەکانی پاریس بوایە، یان بە خواردنێکی سادە و ساکارەوە لە زستانێکی دژوار و لە خاڵێکی دووردەستی کێوەکانی کوردستان، وەک یەک هەستی بە ئارامی و خۆشی دەکرد. ئەو لە تەمەنی ٥٩ ساڵێدا ئارامی بیرمەندێکی خۆرهەڵاتی، چوست و چالاکی گەنجێک و هەڵوەدای زانست نووسێک و مەیلی مرۆڤێکی شادومان و زیندووی ئاوێتە بەیەک دەکرد. قاسملوو لە پێوەندی بە باوەرەکانی دا کۆڵنەدەر و لە بەرپرسیارەتی خەباتی دا مرۆڤێکی کردە بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە بەبێ هیچ زەحمەتێک، خۆڕاگرییەکانی خەباتی سیاسی - نیزامی لەگەڵ گومانگەلێکی ورد و جوانی مامۆستایەکی زانکۆ پێکەوە گرێ ئەدا.

**تەیموریان:** ئەو بەبێ سەرپۆش و ڕێک قسەی دەکرد، بۆ وێنە لە رۆنامەکانی تایمز و بی بی سی دا دەیگوت: پێویستە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان خۆی وا پیشان بدات.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو هەردەم لەبەر دەم هەرەشەدا بوو. کاتێک لەگەڵ سیاسەتوانانی رۆژئاوایی قسەی دەکرد، هەمان ئەو شتەی کە لە ناخی دا بوو، باسی لێوە دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کە رۆژگاری لاویەتی خۆی لە وڵاتانی ئەورووپایی خۆرهەڵاتی سەردەمی کمونیسم بەسەر بردبوو، بەڵام بە پرسگەلێک کە بڕوای پێی نەبوو بایەخی نەدەدا. دواتر کە لە ڕێبەرانی سۆسیال دێموکراتی رۆژئاوایی نزیک بووەوە و هاورێیەتی پەیا کرد، توانی بێ پەردەتر لە جاران بدوێ.

قاسملوو پێش لە شەهید بوونی و لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەژیر تەیمووریان لە رادیۆ بی بی سی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە: پاش رزگاری کوردستان بەچییەوە سەرقاڵ دەبێ؟ گوتبووی کە بۆ گوندی سەردەمی منداڵی دەگەرێتەوە و خۆی بە خوێندنەوە سەرقاڵ دەکات.

**هەژیر تەیمووریان:** ئەو دیمانەیەم لە یادە، هەڵبەت رۆژنامەوانێک تەنیا پێکەنینی بەم قسانە دێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە لە وڵامی ئەم پرسەداکە: ئەگەر هەڵنەبژێردرای، بەچییەوە سەرقاڵ دەبی؟ دەڵێن کە بۆ نموونە دەچمە کتێبخانەکەم یان بەختەوەر دەبم کە وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی بژیم! بە دڵنیایەوە گومان لەو نوکتانە دەکەین. بەڵام من دڵنیام کە قاسملوو بڕوای بەم پرسە هەبوو. بڕوام وایە کە ئەو لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرا، ئەو دەیزانی

لەبەرچی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن، کاتێک دژ بە ڕێژیمی خۆمەینی ڕاپەڕین.

بە گوتەی زۆر لە کەسانی نزیک بە قاسملوو، ئەو بە ڕاپەراندنی ڕۆژانە و سونبولیکی خۆی هەردەم هەوڵی داوە بە زمانێکی سادە و ساکار بۆ ڕۆژنامەوانان، خەباتی گەلی کورد و جیاوازییەکانی ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی حاکم دا روون کاتەو.


## جاناتان ڕاندان لە ڕۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی



جاناتان ڕاندان لە ڕۆژنامەوانانەی دیاری ئەمریکایی لە پێشنووسی کتێبی "هیوا و مەرگی رەحمانی کورد"دا نووسیویەتی کە کارۆڵ پرونهۆبەر لە پێوەندی بە یەکێک لەو کارانەی قاسملوو دا دەڵێ: "کاتێک بیر لە د. قاسملوو دەکەمەوە بەجۆرێک ویسکی دێتە مێشکم، نە بەو واتایەی من و یان د. قاسملوو ئوگریەکی زۆرمان بۆ ویسکی هەبووبێ، بەڵکوو لە دوو بۆنەدا من و د. قاسملوو بە مەودای دە ساڵان پێکەوە ویسکیمان خواردۆتەوە، یەکەم جار لە شاری مەهاباد لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەوانانی بیانی بوو. ئەو ڕۆژە دوکتور بە هێنانی ئەلکول بۆ سەر خوانی ئێوارە دەیویست پیشانی بدات کە هێمای ناسیۆنالیسمی کوردی لە سەدەی بیستەم دا گەرەکیەتی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوویی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێرپرسیارەوە".

قاسملوو کە پێشتر لەگەڵ خومەینی دا دانوستانی هەبووە و تێ گەیشتبوو کەوا خومەینی کەسێک نییە کە بکرێ لەتەک ئەودا بە ئاکام بگەی، بەڵام پاش لەمردنی ئەو هیوایە لەودا سەری هەڵدا کە ئیمکانی هەیە بە دانوستان لەگەڵ ڕێژیم، مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بەدی بێن.

## کاڕۆڵ پرۆنهوبەر"نووسەر




**کاڕۆڵ پرۆنهوبەر"نووسەر** و لە نزیکەکانی د. قاسملوو" لە کتێبی "هیوا و مەرگی ڕەحمانی کورد"دا دەنووسێ: چەند ڕۆژ دوای میتینگی شاری مەهاباد و لێدوانی لە گۆڕەپانی یاری شاری مەهاباد، د. قاسملوو بڕیار ئەدات تا بچێتە شاری قوم و چاوی بە خومەینی بکەوێ. بڕیاری د. قاسملوو ڕێک چەند ڕۆژ پاش ئەو میتینگە چەند سەد هەزار کەسییە جێگایی هەڵوێستە کردنە و نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە بەم میتینگە پیشان بدرێ کە نەتەوەی کورد پشتیوانی لە خواستەکانی حیزب لە دانوستان لەتەک ڕێژیم دەکات. ئەو باوەڕی وابوو و پێداگری دەکرد کە ئەمە کارێکی پیویستە و ئەشێ بە ئەنجام بگات. قاسملوو دەیگوت هەموو خەڵک و لایەنەکان لە هەموو لایەکەوە دەچنە سەردانی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی، ئەگەر کوردەکان ئەو کارە نەکەن، ئیمکانی ئەوەی هەیە کە لەوانەیە بۆ کوردەکان لە داهاتوودا ببێتە کێشە، لەبەر ئەوەی د. قاسملوو دەیزانی کە لە داهاتوویەکی نزیک یان دوور، دانوستان یان شەڕ لە نێوان کوردەکان و ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا ڕوو ئەدات، هەر لەبەر ئەوە پێویستە هەردوو لایەن بە نیاز پاکییەوە بچنە دانوستانەوە و نابێ وا بە ڕێژیم پیشان بدرێ کە هەر لەسەرەتاوە کوردەکان نە شۆڕش و نە ڕێبەریەکەیان قبوول کردووە.

دوو ڕۆژ بەر لە ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی، د. قاسملوو هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب بۆ شاری قوم سەفەر دەکەن. ئەو داوای دیداری ڕاستەوخۆی لەگەڵ خومەینی کردبوو،د. قاسملوو بە ئەحمەدی خومەینی گوت: ئێمە نزیک بە هەزار کیلۆمتر سەفەرمان کردووە تا بێینە ئێرە و بە تەنیا لەگەڵ خومەینی قسە بکەین. ئەحمەد خومەینی لە وەڵام دا دەڵێ کە پێنج خولەک ڕاوەستن. پاش چەند خولەک هەموو ئەو کەسانەی لە ژوورەوە بوون، شوێنەکەیان چۆڵ کرد بێجگە لە ئاخوندێکی لاواز و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزب کە لەدەم درگا پاسەوانیان دەکرد تا کەسێک خۆی بە ژووردا نەکات.

## کارۆڵ پرۆنهوبەر دەڵێ:



**کارۆڵ پرۆنهوبەر دەڵێ:** د. قاسملوو باسی لەوە دەکرد کە ئێمە نزیک بە کاتژمێرێک لە تەک خومەینی قسە و باسمان کرد، دۆخی کوردستان و خواستەکانی گەلی کوردمان بۆ ئەو شی کردەوە و پێمان گوت کە ئێمە ئامادەین بەشداری ریفراندۆم بکەین بەمەرجێک رێز لە ویست و داخوازییەکانمان بگرن. خومەینی لە وڵامدا بەبێ ئەوەی تەنانەت سەیرمان بکات، گوتی کە ئەو پرسانە چ پیوەندی بە منەوە نییە و بڕۆن لەگەڵ بازرگان قسە بکەن. پێم گوت زۆر باشە، لەم حاڵەتەدا تکا لە ئێوە دەکەم بە لانی کەمەوە ئەم بابەتانە و ئەم دیدارە بە شێوەی گشتی لە ڕاگەیەندنەکانتان بڵاو کەنەوە، لە وڵامدا گوتی کە ئایت الله طاڵقانی پێشتر لەو بارەوە هەمووو شتێکی باس کردووە، چ شتێکی زیاترتان دەوێ؟ دواتر ئەو ئاماژەی بە بەرنامە و پێسنیارگەلێک کرد کە لە دوای شەڕی سنە هاتبوونە ئاراوە. ئیتر من گوتم کە رۆژنامەوانانی ئێرانی و بیانی لە بەردەم دەرکی هاتنەژوورەوەی بیناکە چاوەڕوانی ئەوەن تا بزانن ئەم چاوپێکەوتنەی ئێمە بەچ ئاکامێک گەیشتووە لەبەر ئەوەی ئەوان وەک ئوپۆزسیۆنی ئێوە لێمان دەڕوانن. لەم حاڵەتەدا و ئایا ئیزن بە ئێمە ئەدەن تا بە رۆژنامەوانەکان بڵێین کە ئێوە هاوڕای پێشنیارەکانی آیت الله طالقانین و پەسندیان دەکەن؟ خومەینی گوتی، بەڵام من نازانم تاڵقانی چ شتێکی بە ئێوە گوتووە. ئێمە هەمووو موسلمان و براین. بەڵام کاتێک ئێمە لە سەر ئەمانجەکانمان و داهاتووی ئێران پێداگریمان کرد، خومەینی گوتی کە زۆر نەخۆشم و بەخێرایی و بەبێ ئەوەی سەیرمان بکات، چووە دەر. کاتێک لە ماڵەکە هاتینەدەر و چووینە حەوشە،بیینمان کە خومەینی لەسەر باڵکۆنی بیناکە دەست لە خەڵکی بەرز دەکاتەوە. ئەوە بوو کە بەنیازی گەرانەوە بۆ کوردستان سواری ماشێنەکەمان بووین و بەر لەوەی شاری قوم جێ بێڵین، لە ناو ماشینەکەدا و لەگەڵ ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی کومیتە ناوەندی کۆبوونەوەیەکی خێرامان ڕێکخست و بریارمان دا کە لە ڕیفراندۆم بەشداری نەکەین.

ڕێژیم بە فەرمانی جیهادی خومەینی لەدژی کورد، هێرشی کردە سەر کوردستان. عەبدولرحمان کە هەرگیز بڕوای بە شەر و توندوتیژی نەبوو، ئەمجارە رووبەرووی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و خومەینی ببووە.

**تەیموریان:** من هەردەم دێموکرات بووم و لە ڕاستی دا هەرگیز ناخم لەگەڵ تەوند و تیژی هاوڕا نییە، بەڵام بەداخەوە جاری وایە کە توند و تیژی و سەرهەڵدان پێویست دەبێ، ئەگەر کەسێک لەگەل ڕێژیمی قاجاری پەهلەوی یان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەورووە، ناچار دەبێ.

**مارک کراوێتس:** لەسەر دانوستان لەگەڵ ڕێژیم و باوەری عەبدولرحمان دەڵێ: عەبدولرحمان لەسەر دانوستان دەیگوت کە ڕێژیمی تاران لەگەڵ ئەوەی ئامادەی چاکسازی لەقازانجی کوردەکان بوو بەڵام هەروا لەسەر هەڵوێستی دووری کردن لە گفتوگۆ لە مەڕ خودموختاری کوردستانەوە پێداگری دەکرد. بەڵام دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، خومەینی فەوتی کردبوو، هاشمی رەفسەنجانی وەک پیاوی بەهێزی نوێی ئێران و بەکەسێکی کردەیی حیسابی بۆ دەکرا، ئەو بوو کە لەسپاندنی ڕاگەیەنراوی کۆتای هێنان بەشەری هەشت سالە لەگەل عێراق بە خومەینی، ڕۆڵی چارەنووسازی گێڕا. وڵاتی ئێران لەگەڵ دۆخی قەیراناوی بەرەورووە بوو و ئەمە بە تەنێ بەس بوو تا ڕێژیم سەرئەنجام لە بیری دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ کوردەکان بێ.

ئەوەی کە لە شرۆڤە کردنی تیرۆری د. قاسملوو شایانی ئاماژە پێدانە، ئەو راستیەیە کە حزوور لە دانوستان و مەرگی خۆت وەک یەک کردەوەی سیاسی هەڵسەنگێندراو لەبەر چاو گیراوە و تێگەیشتن لەم کردەوەیە زۆر بەم راستییەوە گرێدراوە کە بکرێ تێگەیشتنێکی قووڵ لە کەسایەتییەکی کردە و ئەخلاقی ئەو ببێ و سەرلەنوێ بنەمای تێئۆریکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و د. قاسملوو لەو سەردەمدا بناسێنینەوە.

هێندێک لە شرۆڤەکاران وازهێنان لەژیانی ئاکادمیک و ئارامی ئەرووپا، خەبات لەگەل خەڵک، لە تەک خەڵک و بۆ خەڵک و هەروەها حزووری قاسملوو لە دانوستان لەتەک ڕێژیم بە مەبەستی چارە کردنی پرسی کورد لە ئێران، نموونەگەلێکن کە لەهەڵبژاردنی ئەخلاقی قاسملوو ناویان لی دەبەن، بەڵام خالی شایانی سەرنج پێدان بێدەنگییەک بوو کە لەسایەی دەستپێکی پیوەندی ولاتانی ڕۆژئاوایی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆرستانی پێرلاشێزەوە تا کوردستان درێژەی کێشا.

**مارک کراوێتس:** تیرۆری د. قاسملوو لەگەڵ کەمتەر خەمی و گوێ پێ نەدان بەرەوروو نەبووەوە، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ پیشاندانی دژکردەوەی چاوەروانکراو و شایانی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لەلایەن ناوەندە دێموکراتیکەکانی ئیمەوە بەرەو ڕوو نەبووەوە. ئەوانەی کە بەپێی پۆست و پیگەکانیان پێویست بوو بزانن، دەیانزانی. بەڵام ئەو ڕۆژە بێجگە لە دۆستەکانی قاسملوو و کوردەکان و هەروەها ژمارەیەک رۆژنامەوان کە ئەو بابەتەکە بەلایانەوە گرینگ بوو، هیچ کەسێک بەبیری نەهێنایەوە. لەو ڕۆژەدا دۆستان لە دەوری تابووتی شەهیدانی ڤییەن کۆ ببوونەوە و لە گۆرستانی پێرلاشێز وەک

دوایی ماڵ ئاوای، ڕێورەسمی ریز لێ نانیان ئەنجام دا، بەڵام لەدەرەوەی بازنەی گۆرستانی پێرلاشێز، بێدەنگییەکی بەر بڵاو حاکم بوو و ئەو کارە ناکرێ تەنیا بە خستنەبەرچاوی ترس لەرقی ڕێژیمی مەلاکان پاساوی بۆ بهێندرێتەوە. ئەم رەفتارە بە شێوەیەکی شەرماوی دەتوانێ دڵتەزێن بەرچاو کەوێ، بەڵام ئەوە راستییەکە و شتێکی نوێش نەبوو.

## تیرۆریستەکانی ڕێژیم کاری خۆیان کرد و بە پیشاندانی چرا سەوزی وڵاتانی ئەورووپایی بۆ ماڵەوە گەرابوونەوە.

*تەیمووریان:* کاتێک کۆماری ئیسلامی رەحمانی تیرۆر کرد، وەک ئەوە وابوو کە برایەکم لەدەست دابێ، زۆر زۆر دڵ تەنگ بووم. من بە تواوی دەمزانی کە کوردەکان و خەڵکی ئێران رێبەرێک کە دەیتوانێ بۆ ئێران باش بێ، لەدەستیان داوە. ئەو بۆ هەموو ئێران فیدرالیزم و دێموکراسی دەویست، شتێک کە هەموومان خوازیاری بووین.

کارکردی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی ئەخلاقی کەسانێک کە لە پێگەی قاسملوو دا، دەستیان بۆ هەڵبژاردەگەلێکی لەوجۆرە دەبرد، درێژەی هوشیاری مرۆییە. درێژە پێدانێک لە چواچێوەی ئەستێرەکانی هەڵقولاوی نێو ئەم مرۆڤانە. چرەخی پیشکەوتوو پتر لەهەر کاتێکیتر پێویستی بە لەدایک بوونەوەی ئەم ئەستێرانە هەیە، ئەستێرەگەلێک کە نە لە جۆری ئەستێرەکانی سەردەمانی پێش مودێرن لە قاڵبی پێگەی خوداوەند و یان قارەمانانی نجاتبەخش بەڵکوو لە قاڵبی مرۆڤەگەلی بەکردەوە و خاوەن لۆژیکی دروست، تێگەیشتویی مرۆیی بەبیرمان بێننەوە و یان بە پێی پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتی کە هەیانە، رێشەی دروستی هەلبژاردنەکانمان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٤

# ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا



**مایکڵ ڕۆبن* کامێنتری مەگەزین**

**لە ئینگلیزییەوە: ئێن ئێن ئێس**

ڕۆژ بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سی کاربەدەستی ئێرانی، لە ئاپارتمانێکدا لە ڤیەننا لەگەڵ سی سیاسەتمەداری کورد کۆبوونەوە تا کۆتایی بە شەڕێکی درێژخایەن بێنن. کاتەکە هیوابەخش بوو بۆیە کە ساڵێک بەر لەمە، ئایەتوڵا خومەینی مردبوو و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی - کە لە لایەن زۆرێک لە چاودێرانی شارەزای ئێران، وەک کەسایەتییەکی میانڕۆ و پڕاگماتیست دەناسرا- لە بەرەبەرەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا بوو. ڕەفسەنجانی دوو حەوتوو دواتر، بە وەدەستهێنانی ٩٦ لە سەدی دەنگەکان، وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیاندرا. هاوکات لەگەڵ ئەمانە، شەڕی ئێران-عێراقیش نزیک بە ساڵێک بوو کۆتایی هاتبوو و زۆربەی دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان چاوەڕوانیان دەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەمەودوا تەرکیز لەسەر سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەو وڵاتە دەکات.

بەڵام ئەوان لە هەڵەدابوون. لە ١٣ی جولای ١٩٨٩دا، دانوستانکارە ئێرانییەکان چەکەکانیان دەرهێنا و د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نوێنەری حیزبەکە لە ئەورووپا و کوردێکی عێراقیی ناوبژیوانکەریان تیرۆر کرد. زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ دەنگی شەڕەتەقەیەک لە ئاپارتمانێکی ناوەڕاستی ڤیەننادا بشارێتەوە. پۆلیسی ئوتریش گەیشتە شوێنەکە بەڵام دانوستانکارە ئێرانییەکان، هیچ بەرپرسیارێتییەکیان وەستۆخۆ نەگرت. پۆلیسی ئوتریش،

پاش وەرگرتنی ئیفادەیان، محەمەدجەعفەر سەحراڕوودی، مستەفا ئاجوودی، پارێزگاری ئەوکاتی کوردستان و ئەمیر بوزورگیانی ئازاد کرد و بەڵێنی لێوەرگرتن کە ئەگەر پێویست بێ، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبەردەست بن. بەڵام ئەوان خێرا گەڕانەوە تاران.

زیاتر سەبارەت بە د. قاسملوو تەنیا چەند ڕۆژ دواتر بوو کە پرسیار لەسەر ئیفادەی کاربەدەستە ئێرانییەکان سازبوون. چ بەڵگەیەک نەدۆزراوە کە نیشان بدا کەس یا کەسانێک ویستبیان بەزۆرەملی بچنە ناو ئاپارتمانەکە. دوو لە قوربانییەکان، دانیشتبوون کاتێک تەقەیان لێکرابوو و سەرجەم قوربانییەکان، بۆ ئەوەی - بکوژان - لە مەرگیان دڵنیا بن، تیری خەڵاسیان لە سەر دابوو.

زانیارییەکانی پزیشکی دادوەری، ئاکامگیری یەکینەی دژەتیرۆری پۆلیسی ئوتریش دەسەلمێنێ کە قوربانییەکان نەک لە لای دەرگاوە بەڵکوو لەو شوێنەوە تەقەیان لێکراوە کە کاربەدەستە ئێرانییەکانی لێ دانیشتبوون. تەنانەت شوێنی - کەوتنی - پووکەکانیش دەستێدابوونی دانوستانکارە ئێرانییەکانی دەسەلماند.

پۆلیسی ئوتریش - دواتر - داوای ڕادەستکردنەوەی سێ ئێرانییەکەی کرد بەڵام تاران ڕەتیکردەوە هیچ کام لەو کەسانە ڕادەستی ئوتریش بکات و بگرە سەرۆکی تیم - ی تیرۆر – ەکە، واتە سەحراروودی پلەی بەرز کرایەوە و بوو بە سەرۆکی ئیتلاعاتی سپای قودس. ئەو پلەبەرزکردنەوە و هەروەها ئاستی باڵای وەفدە دانوستانکارەکە، نیشانی دا کە تیرۆرەکە، کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە بەڵکوو لە لایەن کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێرانەوە پلانی بۆ داڕێژراوە.

گەلۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانیی کات - واتە هەمان حەسەن ڕووحانی کە سەرۆککۆمار ئۆباما وەک شەریک حیسابی بۆ دەکا- نەبوو کە هاوئاهەنگیی تیرۆری لەم چەشنەی دەکرد؟ ئەمڕۆ لە بیست و شەشەمین ساڵوەگەڕی یەک لە کردەوە هەرە قێزەونەکانی ئێران – بە تایبەت کردەوەی ڕێبەریی باڵای ئێران عەلی خامنەیی و حەسەن ڕووحانی - بڕیارە لە ڤیەننا، مامەڵەیەک لەسەر بنەمای "متمانە"کردن بە ئێران ئەنجام بدرێ. مامەڵەیەک کە نیشان دەدا ئێران چۆن بە پەرەپێدانی تیرۆریزم و سەرسەختی سەرکەوتووە و لە بەرانبەردا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندە لاسەنگ بووە!

"مایکڵ ڕوبن"*، لێکۆڵەری "ئەنیستیتۆی ئەمێریکەن ئینتەرپرایز"ە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تەرخان کردووە بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی کار لەسەر ئێران، عێراق، تورکیا و کۆمەڵگای کوردستان دەکات. ناوبراو هەروەها ماوەیەکیش ڕاوێژکاریی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بوو و لە زانکۆکانی کوردستانیش وانەی وتۆتەوە. ڕۆبن هەر ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، بە تایبەت لە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنستیتۆی ئامەژپێکراو و کامێنتری مەگەزیندا وتار بڵاودەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٥

# قاسملوو، لە ڕێبازی ئازادی دا.



**عومەر غولام عەلی**

ئەم یادە بیرەوەریی کارەساتێکی دڵتەزێنە کە لە غەدر و خەیانەتێکی مێژوویی دا داخێکی بەژانی لە سەر بەژنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی بەجێما.

ئێوارە درەنگانی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی کۆچیی هەتاوی ڕێکەوتی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی، دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرمێزی وتوویژ بە نەریت و کولتووری باوی میراتی لە مێژینەیان هەڵیان کوتایە سەر میوانەکانیان و شەهیدیان کردن و لەم پیلانەدا دوکتور قاسملوو گیانی بەختی هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی کرد.

دوکتور قاسملووی مەزن ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێبەرێکی گەورەی گەلەکەمان بوو کە مێژووی نوێی خەبات بە شاهیدیی ئێستامان شانازیی پێوەدەکا.

زێدی دوکتورقاسملوو باکووری موکریان،لە باشووری شاری ورمێ،لە سەدان ساڵی بەرەوە کلێی سەرهەڵدان و مەکۆی شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان بووە. یەکەمی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٩ی کۆچیی هەتاوی هەمبەر ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ی زایینی لەم دەڤەرە چاوی بە ژیان و نیشتمان دا هەڵێناوە. بنەماڵەکەی لە تێکۆشەرانی نەتەوەیی و لە ئەوگرانی کۆماری کوردستان بوون. قاسملوو لەو بەستێنەدا گەیبوویە، بۆیە، لە هەڕەتی لاوی داو لە تەمەنی گوڵ ئاسای کۆماری کوردستان دا

لە شاری ورمێ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێمۆکراتی دامەزراند.

بە داگیرکرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ئەرتەشی ڕژیمی پاشایەتی یەوەو شەهیدکرانی پێشەوای کۆمار و ڕێبەرانی حیزب، حیزبی دێمۆکرات کەوتە خەباتی نهێنی یەوە. قاسملووی لاو لە درێژەی خوێندن و خەبات دا لە ئورووپا گیرسایەوە. ساڵی١٣٢٧ی هەتاوی بە خوێندکاری لە پاریس،ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد لە ئورووپای پێکهێنا، بەم شێوەیە نێوچان لە نیشتمان و لە هەندەران لە خەباتی ئاشکرا و نهێنیی حیزبەکەی دا چالاکانە بەشدار بوو.

لە قاسملوو دا کەلتووری نەتەوەیی، چالاکیی ڕامیاری و زانستی ئاکادیمی کردیانەخەباتکارێکی داهێنەر، پێشکەوتنخوازو بەو هۆیانەوە لێبڕاوانە هەوڵی ڕێکخستنەوەی حیزب و گەشەپێدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێمۆکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا .ئەو لەو هەل و مەرجە دژوارەی خەبات دا دەستەبەری متمانەی ئەندامانی حیزبەکەی کرد و لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب (١٩٧١) بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کۆمیتەی ناوەندی دا بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا. ئەومتمانەیەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی تا شەهید بوونی وەک میداڵی شانازی لە سەر سنگی قاسملوو دەدرەوشایەوە.

دوکتور قاسملوو زانا و بە توانا، لیهاتوو لە ڕێبەری داو ئازابوو.باوەڕێکی قووڵی بەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد وگەلانی تری وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران هەبوو، باوەری وابوو تا ماف و ئازادی یەکانی گەلانی ئێران دابین نەکرێن یەکیەتی و ئاشتی پێک نایا، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و بەرابەریی تاکەکانی کۆمەڵگای بە بنچینەی تەبایی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دادەنا، لە حیزبەکەی دا و لەسنووری دەسەڵاتی بزووتنەوە دا پێڕەوی دەکردن. ئەو خراپترین دێمۆکراسیی لە باشترین دیکتاتۆری پی چاکتر بوو. لە دوای شەهیدبوونی، قوتابییەکانی، ناوی مامۆستای دیمۆکراسی یان بە یادی برِی.

دوکتور قاسملوو لەو باوەڕدابووکە پرسی کورد و کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵاتە داسەپاوەکانی سەر کوردستان"ڕێگاچارەی نیزامی "ی نیە و جیهان دەبێ بەرەو ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسی هەنگاو بنێ، بەڵام لە خەباتی ڕەوا داو لە شەڕی سەپاو بەسەر ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی دا قەت سڵی لەوە نەدەکردەوەکە وەک پێشمەرگەیەک بچیتەسەنگەری بەرگری یەوەو ببێتە فەرماندەرێکی بەوەجی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. وەبیر ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی دەهێنایەوە کە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی خراپ بۆ ئامانجی باش نەتەنیا رەوایی نادا بەئامرازەکە بەڵکوو مامانجەکەش خەوشدار دەکا. دەیگوت ئێمە کە بۆ ڕزگاریی گەلیکی بندەست تێدەکۆشین خەباتێکی پیرۆزە بەڵام نابێ هیچکات تێرۆر و بارمتە گرتن و ڕفاندن بکەینە ئامرازی ئەوخەباتە و خەڵکی بێتاوان وبێ دەرەتان بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بخەینە مەترسییەوە، تەنانەت لەشەڕی قورس و

گرانیشدا کە شەهید بوونی هاوڕێکانمان کارلە سەر هەست و سۆزمان دەکا نابێ دیلەکانی شەر ئازار بدرێن و پێویستە مافەکانیان بە تەواوی پارێزراو بێ.

دوکتورقاسملوو سەرەڕای زانایی، زمانزانی و زانیاریی کەم وێنەی هیچکات خۆی لە فێربوون نەدەبوارد، خوێندنەوە و گوێگرتن لە ئاکارە بەرچاوەکانی بوون. کتێبخانەکەی بەکڵ ڕێگاوە بوو،دەنگی ڕادیۆکەی لە گەوە و هەوراز و نشێوەکانی ڕێ دا لە گوێی هاوڕێکانی دا دەزرینگایەوە. کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی بۆ بردنەسەرێی زانیاری یان هان دەدا و لە ڕۆژانی هەرە سەختی خەبات دا ئۆرگانی تایبەت و کادری شیاوی بۆ پەروەردە وڕاهێنانی پێشمەرگەکان ڕادەسپارد.

دوکتور قاسملوو کە خۆی نووسەرێکی گەورەو خاوەن چەندین کتێب و نامیلکە و سەدان وتاری بە پێزبوو گەلیک لە کاتی خۆی بۆ ڕێنوێنیی نووسەرانی نێو حیزبەکەی تەرخان دەکرد، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی دەکردن، لە ڕێنوێنی یەکانی دا پێی لەسەر نووسین بە ئەدەب و نەزاکەتەوە دا دەگرت و دەیگوت نووسەری دێموکرات دەبێ ئەدەب و نەزاکەت لە ڕستەو نووسراوی بباریێ، نەک وەک دوژمن و نەیارەکانی کە زەلکاولە قەڵەمەکانیان دەچۆڕێتەوە. لەم ڕێچکەیەوە، پیمان دەڵێن ئەدەبیاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە خاوێنترین ئەدەبیاتە سیاسی یەکانی ناوچەکەیە. لە بەنرخترین وانەکانی دوکتورقاسملوو بۆ حیزبەکەی، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بە شانازی یەکانی خۆی دەزانی، تێیگەیشتووە و پێی گەیشتووەو بەڕێوەی بردووە، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردانە. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا زۆرجار تووشی تەنگانەی سیاسی بووە، بەرژەوەندییەکانی کەوتوونە مەترسییەوەو دۆستەکانی لێ زیز و زویر بوون، بۆ دەستکەوتی کاتی سەربەخۆیی بڕیاردانی فیدا نەکردووە، پاکی و پیرۆزیی خەباتەکەی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە نرخی هەرە گران پاراستووە.

لە تێپەڕی ئەم زەمەنە دژوارەی خەبات دا دوکتورقاسملوو هاندەری چێژ وەرگرتن لە ژیان بوو. لەو باوەڕەدابووکە مرۆڤی شۆڕشگێڕی کورد دەبێ ژیانی خۆش بوێ، شایی بکات و پێبکەنێ و جێژن بگرێ، ئەو لە شایی و هەڵپەڕکێی خەڵکی کوردستان دا شێوەیەک لە خەباتی بە دی دەکرد، دەیگوت دوژمنەکەمان ڕژیمی خوێن و فرمێسک و مەرگە، حکوومەتی تازیەباری و بەرۆک دادڕین و ڕوومەت ڕنینە،کە وایە،با ئێمە شادبین و شایی بکەین، خەبات لە پێناو ژیان دایە و ژیان بە بێ شایی و بەختەوەری بێ مانایە. ئەو لەسەر گڵکۆی شەهیدانیشمان بەو جۆرە دەدوا کە ئێمە لە مێژە لە بیرەوەریی شەهیدان مان دا ناگرێین، تەنیا کارێک کە دەبێ لە بەر چاو و لە بەر بیری شەهیدانمان دا بیکەین ئەوەیە کە ڕێگاکەیان بەرنەدەین، باشترین پاداش بۆ شەهیدەکانمان درێژەدانی ڕێگایانە.

## بەشی سێهەم

دوکتور قاسملوو لە چل سال خەباتی داو لە ٢٠ ساڵ ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا گەلیک ئەزموون و وانەی بۆ درێژەدەرانی ڕێبازەکەی وئۆگرانی خەباتی حیزبەکەی تۆمار کرد، بە بیر و باوەری شۆڕشگێڕانەوە دەرسی کردەوەی خەباتکارانی دادایـن، ئامۆژگاریی کردین چۆن خۆمان لە تاک پەرستی ببوێرین و پشتمان بە ڕێکخستنەکانمان ببەستین فێری کردین کە بۆکاری بەکۆمەڵ دەبێ پێکەوە بیربکەینەوە و وێکڕا بریار بدەین. ئەو وانە بەنرخانەبوون کە هەتاهەتایە لە مەکتەبی قاسملوو دا دەخوێندرێن کە بە خەساری گەورەی دە دەست چوونیشی، حیزبەکەی هەروا قایم و پتەو، نیشتمانی قاسملووی تەژی لە شۆڕشگێڕی سوور و شێلگێری ڕێبازەکەی کردووە.


دوکتور قاسملوو بە ژیان و خەباتی سەلماندی کە دەبێ کوردستانمان لە هەموو جێگایەک پێ خۆشتر بێت و لە هەموو وڵاتێکمان خۆشتر بوێ. ئەو لە پێناوڕزگاریی خەڵک وئاوەدانیی خاکی کوردستان دا گیانی بەخشی و خۆی گوتەنی "گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا".

لە ٢٢ی پووشپەڕدا بکوژانی قاسملوو لە خوێنی شەهیدانی ویەن و فرمێسکی پیر و لاوی کورد و خاک و خۆڵی کوردستان قوڕێکیان بۆ سەری خۆیان گرتەوە کە تا ئێستاش چۆڕاوگەی لە ڕوخساری دزێویان نەبڕاوە. ئەمڕۆ کیژو کوڕی لاوی کورد نیشتمانی قاسملوویان کردۆتەوە جۆلانەی خەبات، شەقام و ڕێ، کووچەوکۆلانی شار و دێ لەم ڕۆژەدا تاجی ناوی قاسملوو دەنێنەسەر.

خوێنی قاسملووی ڕێبەر نرخی گرتنەبەری ڕێبازی ئازادی یە تا دەرکەوتنی خۆری سەربەستی لە ئاسمانی نیشتمانە کەی دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٥

# وتوویژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ



ئیبراهیم قاسمیزاد

و: هیوا میرزایی

٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتی کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە لەقی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی شاری ڤییەن لە ڕەوتی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی تیرۆر و شەهید کران.

دوکتور قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری هەر جۆرە گرفت و ئاریشەیەک دەتوانن لە دەور مێزێک کۆببنەوە و بە وتوویژ و دیالۆگ ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری ئاریشە سیاسییەکان بدۆزنەوە و بە لێوردبوونەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گرفتە سیاسییەکان بدۆزنەوە.

دوکتور قاسملوو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە زۆری هەوڵدا کە خواستەکانی خەڵکی کورد بگەیێنێتە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی نوێی ئێران و پرسی کورد کە لە سەردەمی شاوە بە بێ چارەسەری مابوویەوە، لە ڕێگەی وتوویژ و شێوازە ئاشتیخوازانەکان چارەسەر بکا.

بەشی سێهەم

خومەینی بە بیانووی ئەوەیکە هەموو «موسڵمانین و لە ئیسلامدا هەموو پێکەوە بەرانبەرین» وەڵامی نەرێنی بەم خواستانە داو بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی ئایین دەستی کرد بە سەرکوتی هەموو ڕەنگە دژبەرەکان و خواستەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران. دوای چەند مانگ وتوویژ، پێداگری و جەختی کوردەکان لە سەر داواکاریەکانیان، خەڵکی کوردستان بە پێی خووی دژە زوڵم و قەبووڵ نەکردنی ستەم، ملیان نەدا بە گوشار و زۆرەملییەکانی ئاخوندەکان و بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەیان کرد، و ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ڕق و تووڕەیی دوو هێندەی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەریی خومەینی. دوای ئەم کارە خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨حوکمی جیهادی لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بەمشێوەیە شەڕێکی هەمەلایەنەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند.

لەوێڕا کە لە فەلەسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بێجگە لە هەڵێنجانی تایبەتی ئاخوندەکان لە دینی ئیسلام، ئایینی شێعە و زمانی فارسی، پێگەیەک بۆ باوەڕەکانی دیکە، ڕەنگ و نەتەوەکانی دیکە بوونی نەبووە و نییە، بۆیە دەسەڵاتداران لە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێک بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو بە جیددی دەترسان. قاسملوو بە کەسایەتی و ڕیبەرییەکی کاریزماتیک و بە تێڕوانینی پێشکەوتووانە و زانستیانەوە بە پرسگەلێک وەک دێموکراسی، مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوەیی و پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها بە پێداگری لەسەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات لە بوارە سیاسی و ئابوورییەکان، کۆماری ئیسلامی بە پێکۆڵ کێشا. زیاد لەمانەیش پێوەندی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دونیای دەرەوە، تواناکانی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە لە جیهانی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی و داکۆکی لە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەو هۆکارانە بوون کە قاسملووی کردبووە مەترسییەکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

قاسملوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی بهتەواو مانا بوو و چاوەڕێ نەدەما کە هەلومەرج بۆ خەبات و مافویستی بێتەگۆڕێ، بەڵکوو ئەو خۆی هەلومەرجی دەهێنا گۆڕێ و لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا کۆمەڵگایەکی شۆڕشگێڕی زیندوو بە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بە بەرنامە دەتوانێ وڵات لە چنگی ئیسلامییە توندئاژۆ و دواکەتووەکان ڕزگار بکا. ئەم تایبەتمەندیانەی دوکتور قاسملوو بووە هۆی دژایەتی هەرچی زیاتری ڕێژیم لەگەڵ ئەو، تا ئەو جێگایەی کە بڕیاری شەهیدکردن و لە سەر ڕێگە لابردنی ئەم کەسایەتییە مەزنە لە لایەن دەسڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرکرا.

توندوتیژی و تیرۆر بەشێک لە چیەتی جیانەکراوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هیچکات دەسبەرداری ئەو نابێ. ئاشتیخوازی بە ڕواڵەت و وتوویژ بۆ چارەسەری پرسە جۆراوجۆرەکانیش لە فرت و فێلەکانی دیکەی ڕێژیمە بۆ زەبرلێدان بە لایەنی بەرانبەر و یان وەرگرتنی پوان و ئەم خۆبەدرۆ نیشاندانە لە زۆریەک لە پرسە چارەسەرنەکراوەکانی نێوخۆیی و

**بەشی سێهەم**


دەرەوە وەکوو پرسی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و پرسی ناوکی لە دەرەوە بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. ڕێژیم بۆ لەسەر ڕێگە لابردنی دوکتور قاسملوویش هەر لەم سیاسەتە کەڵکی وەرگرت و بە فرت و فێڵ توانی بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی خۆی بگا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم هەنگاوە ناجوامێرانە و دژەمرۆییە هیچکات نەیتوانی درێژەدەرانی ڕێگای ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە لە گەیشتن بە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێبازەکانی ئەم مرۆڤە مەزنەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو دڵسارد بکاتەوە. لەبەر ئەوەیکە ڕێبوارانی ڕێگەی قاسملوو ئەم ڕاستییانەیان لەبەرچاوە کە بەرنامە وهەوڵی قاسملوو بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران و ڕزگارکرنی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەرمان و هەتاهەتاییە. لەبەر ئەوەیکە کەلتووری سیاسی ئەو بوو کە نیشتمانەکەی بکاتە گۆڕەپانێک بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران، کاتێ کە ڕێژیم هەلومەرجی بۆ ئەوان دژوار کردووە.

ئەمساڵ ٢٦ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا بکەرانی ئەم جینایەتە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون لەبەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان لەگەڵ ئێران بە سزای کردەوەکەیان نەگەیشتوون. تەنانەت جینایەتکارانێک وەک سەحراڕوودی ئازادانە هاتوو و چووی وڵاتانی جیهان دەکا.

ئەمڕۆکە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی جیهانی و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە قوتابی ڕێبازی ئەم بیرمەندە مەزن و خەباتکارە ڕاستەقینەیهی ڕێگەی ئازادی و ئیلهام بەخشی ڕێگەی مرۆڤە ڕزگاریخوازەکان دەزانن، لە کوردستانیەوە بگرە تا ئێرانی هەوڵ بدەن تاکوو بکەرانی گەڵاڵەی تیرۆر و بکوژانی پێغەمبەری ئاشتی هەرچی زیاتر ڕیسوا بکەن و لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادگاییان بکەن. تاکوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی دوکتور قاسملوو و هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی بەفیڕۆ نەچێ.

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٥

# عەبدولڕەحمان قاسملوو، میراتێکی نەناسراو؟



**فیلیپ بولانژێ**

ئەگەر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیاوترین رێبەری کورده بۆ ستایش کردن، عەبدوڵا ئۆجەلانیش گرنگترینیانە. دوای بەکارهێنانی دوو سیفەتی وەها دەقیق وەک "ستایش" و "گرنگ" ئێستا دەمهەوێ روونیان بکەمەوە. ئەو دوو کەسایەتییە کوردە هەرکامیان بە شێوازی تایبەت بە خۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان لە سەدەی بیستەمدا تۆمار کردووە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)، بەتایبەت دوای گیرانی لە فێورییەی ۱۹۹۹ لە کێنیا، ئەگەر کەسێکی ئاکادیمی نیە - هەرچەند کە دەرس و ئامۆژگارییەکانی ئاراستەی لایەنگرانی دەکاو بەبڕوای من نیشاندەری کەسێکی بەهێز نیە و هیچکات ستراتیژیستێکی باش نەبووە و هەروەها خۆی بە هەستێکی سیاسی کەم ناوەرۆک و روانینێکی سنووردار لەمێژوو دەرخستووە. بەڵام ئەو وێنەیەکی گەورەی لەلایەن پەیرەوانی خۆی وەک پێغەمبەری شۆڕشی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە تورکیا و دەوروبەری لێ کێشراوەتەوە. ئەو گرنگە چونکە پەکەکە کێشەی کوردی بەرز کردەوە بۆ ئاستێکی چڕوپڕتر لە بواری سیاسی و میدیایی دا کە پێشتر نەبینرابوو.

لە لایەکیترەوە، عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕات، ئەگەر ئاکادیمیسیەنێکی ناسراو بوو، نەتەنیا بابەت و وتاری ئاکادیمی دەنووسین: ئەو بەڕاستی مرۆڤێکی یەکجار زۆر بەکردەوە بوو، واتە نەتەنیا رێبەرێکی سیاسی دور

لە مانۆڕدان و بەرپرسێکی بە ئەزموونی حیزب بوو، بەڵکوو سەرۆکێکی چریکییش بوو کە دەنگی کەلاشینکۆڤ نەیدەترساند. ئەو شایانی ستایشە چونکە هیچکات بنەمای ئەخلاقی خۆی نەفرۆشت و کوالێتیەکانی ئەخلاق بەرزی بە هاوچەرخەکانی خۆی نیشان دا. ماکس وێبێر دەڵێ: "مێژوو نیشانمان دەدا کە سەرۆکە کاریزماتیکەکان لە هەموو بوارەکاندا و لەهەموو سەردەمێکدا دەردەکەون. هەروەها، ئەوان بەدوو شێوە دەردەکەون، هەندێکیان وەک پێغەمبەرو خاوەن موعجیزە و هەندێکیشیان وەک سەرۆکە خەباتکارەکان و فەرماندەرانی شەڕ". ئایا عەبدولڕەحمان قاسملوو سازگاری لەگەڵ ئەو پێناسە دوولایەنییەی ماکس وێبێر دا هەیە؟ دەمهەوێ، لەم وتارەدا، بەسەرنجدان بەرێرەوی کەسیی و پێشینە فکرییەکەی، ئەو کەسایەتییە سەرەکییەی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەدەی بیستەم دا بناسێنم، لە پێشدا، باسی کۆتاییە تراژیکەکەی لە ۱۹۸۹ دا لە ڤیەن دەکەم و ئەوجار باسی میراتە فکری و مەعنەوییەکەی دەکەم.

## تاراوگە وەک فێربوون

کاتێک دەڵێم کە دەتوانین قاسملوو زیاتر لە سەرۆکە کوردەکانیتر ستایش بکەین، مەبەستم ئەوەیە کە، بە لەبەرچاوگرتنی بژاردە ئیدۆلۆژیک و ستراتێژیکییەکانی یان بەرجستە کردنەوەی روانینەکانی بە نیسبەت شۆڕشی ئسلامی ئێران لەساڵی ۱۹۷۹، جگە لە ڕێزلێنان لە زیرەکی ئەو ئابووریناسە زمانزانە هیچیترمان نیە، پابەندبوونی راستگۆیانەی بۆ چارەسەری ئاشتیانە و راستبینانەی کێشەی کورد، رەتکردنەوەی ئیدۆلۆژی جیاییخوازیی ئیتنیکی یان بە تایبەت، خۆ بواردنی هەمیشەیی حیزبەکەی، حیزبی دێموکڕات لە کاری تیرۆریستانە. تیرۆریزمێک کە قاسملوو دەیزانی کە لە حاڵێکدا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە تێکرایی مەحکوومە بەڵام دەشتوانێ بانگەشە بێ بۆ بەرزکردنەوەی کێشەی کورد، ئەوەیکە لە لایەن پەکەکەوە لە ساڵانی ۱۹۸۰ و ۱۹۹۰ی زایینی لە تورکیا بە شێوەی بەربڵاو ئەنجامدرا. هەم سیاسیانە و هەم ئەخلاقیانە، رێبەری حیزبی دێموکڕات هیچکات خۆی نەخستە ئەو بوارەوە.

حیزبی دێموکڕات، لە راستیدا، زۆر هەستیار بوو بەوەی هیچکات مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییەکان نەکرێ، هیچکات سیاسەتی "زەوی سووتاو" نە لە دژی هیچ لایەنێک و نە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی ئەنجام نەدرێ، هیچکات بە زۆرەملێ خەڵکی مەدەنی لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەر نەنرێن، نابێ کەس بە بارمتە بگیرێ، نابێ ژنان و منداڵان ئازاریان پێ بگا، نابێ هیچکات کاری چەتەگەری و رێگری و بۆمب دانانەوە لە شوێنی گشتی ئەنجام بدرێ. کاتێک ساڵی ۱۹۷۹ کارمەند و دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە تاران بە بارمتە گیران، قاسملوو بە راشکاوی ئیدانەی کرد. بێ گومان کێشەی کورد لە ئێران هەزینەی ئەو ئەخلاق بەرزییەی لە میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی رۆژئاوا دا دا. تەنانەت ئەمڕۆش کێشەی کورد لە ئێران هیچی دەست ناکەوێ لەو دەنگدانەوە میدیایی و ئەو سەرنجە ژێئۆستراتیژیکییە یەکسانەی بە کێشەی کورد لە تورکیاو

سوریاو عێراق دەدرێ.

قاسملوو وەک زۆرێک لە رۆشنبیرانی دیکەی کورد بە تاراوگە ئاشنا بوو ولاتەکەی، خاکەکەی و گوندەکەی جێهێشت. لە دیسامبەری ١٩٣٠ لە کوردستانی ئێران و لە نزیک مەهاباد، ناوچەیەک کە ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا بەهێز بوو و شای ئێران رقی لێ بوو و کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لێدەکرد لە دایک بوو. قاسملوو ناچار بوو چەندین جار نیشتمانی خۆی بەجێ بێلێ. ئەو بەو رادەیەی کە لە تاراوگە پێگەیشت و شکلی گرت بە هەمان رادەش گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە بەرای من کرانەوەی هزری و ئاوێتە بوون بە چەندین زمان و کولتووری پێویست بۆ مرۆڤێکی سیاسی هاوچەرخ ئەو شتانە بوون کە تاراوگە پێی بەخشی. لەو خاڵەدا، ئەو بە تەواوی لە کەسێکی وەک ئۆجەلان جیا دەکرێتەوە کە لە کۆمەڵگایەکی نزیک بە تەواوی تورک پێگەیشت، هەرچەند لە سەرەتاکانی لە ١٩٨٠ دیمەشق دەژیا.

ساڵی ١٩٤٩ قاسملوو لە فەڕانسە خوێندکار بوو و بوورسی حکومەتی پاشایەتی هەبوو، بەڵام کاتێک چالاکی سیاسی دەستپێکرد بوورسەکەی لە ئەستێندرایەوە. زۆر زوو تێکەڵ بە بیرۆکەی مارکسیزم بوو، لە بواری ئابووریدا لە چێکۆسلۆڤاکی درێژەی بە خوێندن دا، دواتر لە ساڵەکانی ١٩٦٠ی زایینی دا بوو بە مامۆستای ئابووری لە زانکۆی شارلی پراگ: ئەو چاوی بە ئەلیکساندر دوبچێک (سیاسەتوانی ناوداری چێکوسلۆڤاکی) دەکەوێ و تێزەکەی لە سەر ئابووری کوردستان تەواو دەکا، کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن بڵاو کرایەوە. دوای خوێندنەوە لە سەر زمانی کوردی لە "زمانە رۆژهەڵاتییەکان" لە پاریس لە نێوان ١٩٧٦ و ١٩٧٨، چەند مانگ دواتر دەبێتە سەرۆکی شۆڕشێک کە رژیمی ئایەتوڵا خومەینی دەهەژێنێ. لە نێوان ساڵەکانی١٩٥٧ هەتا ١٩٧٨ لە تاراوگە ژیا، لە بەغدا و پراگەوە هەتا پاریس. قاسملوو زیاتر لە هەر کەسێک سودی لە درێژبوونی تاراوگە بینی بە تایبەت لە سەردەمی پاشایەتی دا، بۆ ئەوەی لە دوورەوە لە بارودۆخی کوردەکان تێ بگا و بە دوای رێگە چارەیەکدا بگەڕێ بۆ ئەو پارچە پارچە بوونەی کوردەکان بە گشتی کە لە دوای رێککەوتنامەی لۆزان لە ١٩٢٣ەوە توشی هاتن و سەرکوت و لەناوبردنی پێناسەی کورد لە ئێران بە تایبەتی.

لە بڵاوکراوەیەکی تایبەت لە ژوئیەی ١٩٨٩ لە بولتەنی زانیاری و پەیوەندی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، رۆژنامەڤان مارک کاراڤێتز، پۆرترەیەک لە قاسملوو دەکێشێتەوە: "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات، فەرماندەی شەڕ لە کاتی پێویستدا، رێبەری سیاسی لە پێش هەموو شتێک، مرۆڤی دیپلۆماسی و دیالۆگ. بالۆیزێکی بە ورە و ماندونەناس بۆ دۆزەکەی کە دەیهەوێ تەواوی جیهانی لێ تێبگەیەنێ. بەڵام هیچکات هێندەی ئەوە خۆشحاڵ نیە کاتێک چاوی بە پێشمەرگەکانی دەکەوێ، لە خانوویەکی بە گڵ دروستکراو لە دۆڵێکی ون لە سەر سنووری نێوان ئێران و عێراق، ئەو شوێنەی کتێبخانەیەکیشی بۆ گوازتۆتەوە." شارەزا لە هەشت زمان (کوردی، فارسی، حەرەبی، ئازەری، چێکی، رووسی،

ئینگلیزی و فەڕانسی)، هەندێک زانیاری لە سەر شێعری کوردی، فارسی یان عەرەبی، هۆنراوەکانی هوگۆ یان ویتمەن، لە یەک کاتدا مرۆڤی کولتوور و کردەوە بوو - ئاکادیمی بوو، وتووێژی دەکرد، ڕێبەرایەتی شۆڕشی دەکرد، زۆر خێرا هاتە ریزی بەرەی خەبات دژی فاشیزم و تاک حیزبی کە لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا جیهانی هەژاند و وایکرد کە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتیش لە سەر سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤییەت ناڕوون بن. ئەو ڕێبەرێک بوو کە خەڵکی کوردستان پێویستییان پێ بوو. بە دڵنیاییەوە هەر ئەوەش تەنیا هۆکار بوو کە دوژمنە بە هێزەکانی هیچ شانسێکیان بۆ دەربازبوونی نەهێشتەوە.

## بیرمەندی چالاک

لە ڕاستیدا ئاستێکی زۆر بەرزی ئەخلاق لە قاسملوودا هەیە کە تەنیا لەودا بینراوە و ئەو جیا دەکاتەوە لەتەواوی ڕێبەرانی کورد لەسەدەی بیستەمدا. ئەگەر قاسملوو تایبەتمەندییەکی نەبا و ئەو تایبەتمەندییە وەک مەترسی بۆ سەر ڕژیمی ئیسلامی لە تاران نەبینرابا، بێگومان بەو شێوە درندانەیەش ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن تیرۆر نەدەکرا. لە نێوان سەرۆکەکانی کورددا ئەو تایبەت بوو: کەسێکی ڕاست بین بوو، دەیزانی کە کۆمەڵگەیەکی خراپ نێونراو بە نێوی "کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی" ڕێگە نادا وڵاتێکی پێنجەم بە نێوی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دروست بێ. بێگومان ئەو یەکێک لەو دەگمەن ڕۆشنبیرانەیە کە گونجاوە بۆ سەرۆکی دەوڵەت. ئەو تایبەتمەندی هاڤێل و ماندێلای هەبوو. دواتر لەیلا زانا لەوانەیە خۆی بۆ ئەو ئاستە لە ئەخلاق و لە وەرەی سیاسی بەرز بکاتەوە بەڵام لەوانەیە لە ئاستی فکری لەو ئاستەدا نەبێ.

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی نووسراوەکانی قاسملوو کە بە زمانە جیاوازەکان بڵاو کراوەتەوە چێژێکی تایبەتیان هەیە. وەرگێڕدراوی چێکی کتێبی کوردستان و کورد کە لە ساڵی ١٩٦٥ دا بڵاو بۆتەوە، شێوازێکی ڕوونی شیکردنەوەی کێشەی کوردە. دەکرێ یەکێک درەوشاوەترین سەنتێزەکانی مێژووی کورد بێ. لە درێژەی لاپەڕەکاندا هەست بە جێ پێی قورسی مارکسیزم لە نێو شیکردنەوەکانی ئابووری کوردستان دەکەی. ئەو بانگی لێنین دەکا، باڵادەستی داگیرکەر مەحکووم دەکا، ئیمپریالیزم شەرمەزار دەکا، ئەو لایەنگری لە سەربەخۆیی پارچەکانی کوردستان و داوای یەکگرتنیان بۆ دروستبوونی نیشتمانێک بۆ کوردەکان دەکا ـ بیرۆکەیەکی کراوەی سەربەخۆییخوازانە کە بیست ساڵ دواتر دێتەوە سەری و بانگەشەی خودموختاری دەکا. هەروەها خوێندنەوەی لە سەر حیزبی دێموکرات، لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، کە بەشی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٥ بە بۆنەی چلەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نووسراوە نموونەیەکە لە خاکەڕایی و ڕاشکاوی. "ئەو مێژووە کە ئەو لەسەر حیزبی دێموکرات نووسیویەتی، پێک نەهاتوە تەنیا لە ژیاننامەی سادەی چەند ڕێبەری حیزب، کادر یان ئەندامەکان. مێژووی سەدان هەزار ئەندامە، هەزران قوربانییە، هەموو خەڵکی کوردستانە، حیزبی دێموکڕات و خەڵکی

کورد یەکەیەکی جیانەبووەوە پێک دێنن."

ئەو ناسینە لە نێوان خەڵک و حیزب، ئەمڕۆکە دەتوانێ شۆک هێنەر بێ، چونکە لە شوێنی دیکە کارەساتی مرۆیی قەرەبوونەکراوی لێکەوتۆتەوە. بەڵام لە باکگراوندی کورد دا ئەو کات مانایەکی جیاوازی هەبوو: کوردەکانی ئێران لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە پەڕاوێز خرابوون، سۆڤییەتییەکان دەستوەردانیان دەکرد، زۆر بەزەحمەت لەلایەن وڵاتانی بێ لایەنەوە دەبیستران؛ ئەگەر ئێستا کێشەی کورد وەک دە ساڵ پێش پەڕاوێز ناخرێ، لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان پێویستییان بە پێشمەرگەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش. کێشەی کورد لە ئێران هەروا بە چارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە چونکە خاوەنی ڕێبەرێکی کاریزماتیک نیە. لە ئێرانێکی چەند پێکهاتەیی، کوردەکانی ئێران دەبێ بتوانن لە سەر کێشەی خۆیان بەرەیەک لەگەڵ خەڵکانی دیکەی پەڕاوێزخراوی ئێران پێک بێنن، دەبێ لە ساختارێکی حیزبی ڕەوا و کاریگەر کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی ببیسترێن، تەنانەت ئەگەر سەرکوتی خوێناوی ڕژێمیشیان لە بەرامبەر بێ.

بە شێوەیەکی ئیدۆلۆژیکی، قاسملوو ئەو کەسە بوو کە بە کورتی دەتوانین ناوی بنێین مرۆڤێکی چەپ، بەقووڵی بارگاوی، وەک زۆرێک لەرێبەرانی جیهانی سێهەم. مرۆڤێکی مارکسیستی و ناسیۆنالیستی بوو وەک زۆرێک لە بیرمەندانی جیهان. چالاکێکی کۆمۆنیستی بوو لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا (کاتێک لە مەهاباد بوو) و لە حیزبی توودە، پارتی کۆمۆنیستی ئێران دا (کاتێک لە تاران بوو)، ئەو خۆی لە کۆمۆنیزمی ستالینی جیا کردەوە، بە تایبەت دوای دەستێوەردانی هێزەکانی پەیمانی وەرشۆ لە چێکۆسلۆڤاکی لە مانگی ئاگۆستی ١٩٦٨دا. ڕەوتی کۆمۆنیستی لە حیزبی دێموکڕاتدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٥ هەتا ١٩٥٨ کە لە لایەن قاسملووە ڕێبەرایەتی دەکرا، لە دوای ساڵی ١٩٧١ـەوە لە لایەن ڕەوتی ناسیۆنالیستی کە لە دەوری عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)- کۆ ببوونەوە خرا پەڕاوێزەوە و هەر ئەویش بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات. دەبوایە هەتا کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە سێپتەمبەری ١٩٧٣ چاوەڕێ بکرێ تا ئەو مارکسیزمەی قاسملوو دەیویست ئاراستەی حیزب بکرێ. لائیسیزم، سۆسیالیزم، دژە سەرمایەداری دەبن بە بەرچەسپ و تایبەتمەندیی ئیدۆلۆژیکی قاسملوو. لەو کۆنگرەیەدا دروشمێک کە قاسملوو هیچکات خەیانەتی پێ نەکرد پەسند کرا: "دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان."

وەک زۆرێک لە مارکسیستەکانی سەدەی بیستەم کە باڵادەستی ئیدۆلۆژی کۆمۆنیزم بە سەر نەریتخوازی ئایینی وەک دەستکەوت دەبینن، قاسملوو وا دەردەکەوێ کە سەرنجی پێویست نادات سروشتی قووڵی شۆڕشگێڕی بە مانای شۆڕشی ئاسترۆنۆمی یان گەردوونی (خولانەوە ی هەسارەیەک بە دەوری ئەستێرە یان خۆر دا کە دوای دەورێکی تەواو دەگاتەوە شوێنی یەکەم)، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو . واتە بە شێوەیەکی باو و سوننەتی شۆڕشی جەماوەری لە دژی ڕژێمی زاڵ بە

سەر ئێران کە ساڵی ١٩٧٨ کۆتایی بە پاشایەتیی هێنا. ئەو نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکا کە، وەک بریتانیای سەدەی حەڤدەهەم، ئێران لە ڕێگای ئایینەوە بچێتە نێو مۆدێرنیتەی سیاسییەوە نەک لە ڕێگای دژایەتیی ئایینەوە وەک لە ١٧٨٩. حیزبی دێموکڕات مارکسیستە و دژی سەرمایەداری: ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیی کە پەروەردەکراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە بە ڕادەی پێویست قەناعەتی پێهێنا لە سەرەتادا. یەکەم ئەوەیکە، شۆڕشی ئێران بە پاڵپشتییەکی لە ڕادەبەدەری ڕەوتە شۆڕشییەکانی چەپی ئێرانی بوو کە گرێدراوی مەلاکان بوون لە دژی ڕژیمی پاشایەتی. بەڵام هەر خێرا، هێزی ژیانەوەی شیعە کە خۆی لە ئایەتوڵڵادا دەرخست هاوپەیمانە ڕادیکاڵەکانی قووت دا. آیا قاسملوو، بیرمەندی وێبێری، سەرۆکی شۆڕش و چالاکی مارکسیستی، هێزی دیاردەی شۆڕش لە ئێرانی بە پێیەی کە مەزهەبی بووە بە کەم گرتووە و نەچۆتە نێو بازنەی خوێندنەوەیەکی مارکسیستی ئاتێئیستانەی سەدەی بیستەم؟

هەر دوابەدوای ئەوەی هیواکان بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچوون، درێژەدان بە بەرگری لە بەرامبەر سەرکوتێکی نوێی کوردەکانی ئێران زۆر گرنگ بوو: بووە هۆی بەهێزبوونی ڕۆڵی حیزب وەک پارێزەری خەڵکی کورد. حیزبی دێموکڕات تەنیا قەڵغانی نیزامی لە بەرامبەر هێرش و سەرکوتی حکوومەتی ناوەندی بوو کە لە دەست مەلا شیعەکاندا بوو و بە چاوێکی دیکەوە سەیری کوردەکانیان دەکرد، بە تایبەت کە زۆرینەیان سوننی بوون، گومانی جیابوونەوەیان لێ دەکردن. بەڵام حیزبی دێموکڕات هیچکات ئۆپۆزیسیۆنی نیزامی و پێناسەی نەتەوەیی لە دەست خۆیدا قۆرخ نەکرد، ئەوەیکە پەکەکە لە تورکیا پلە بە پلە ئەنجامی دا. بە بێ شک "مەترسی تەواو خوازی" کە لە پەیوەندی نێوان حیزب و خەڵک دا سەر هەڵدەدا، لە لایەن قاسملووەوە پێش بینی کرابوو. تەنیا دەتوانرێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە ئەو بە توندی دژی ئەو لادانە ئیدۆلۆژیکییە دەبوو ئەگەر خۆی پارێزکارتر نیشان دابا و زۆر متمانەی بە ڕژیمی ئیسلامی نەبا، ئەوەیکە لە ساڵی ١٩٨٩ بە قیمەتی ژیانی تەواو بوو.

دوای شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٨، خراپترین شت دیسان بە سەر کوردەکانی ئێران دا هات. بۆ سێهەم جار لە یەک ساڵ دا، لە هاوینی ١٩٨٩دا، نوێنەرایەتیی کورد چاوی بەلایەنی ئێرانی دەکەوێ: محەممەد جەعفەر سەحراروودی، حاجی موستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان. لە دوو چاوپێککەوتنی پێشوودا هیچ پاسەوانێک بوونی نەبوو. لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا قاسملوو لە ئاپارتمانێکی نهۆمی پێنجەمی بینایەک لە ڤییەن لە لایەن ئێرانییەکانەوە بە سێ گوللە پێکرا و تیرۆر کرا. ئەو تەنیا کوردێک نەبوو کە تیرۆر کرا لەو ڕۆژەدا: عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات بە ١١ گوللە و فازڵ ڕەسوڵ، کوردی عێراق و مامۆستای زانکۆ کە ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینی بە ٥ گوللە تیرۆر کران. بکوژەکەی ڤییەن گرێدراوی کەسانێک بە ناوی سەعید ئیمامی، بەرپرسی "قەتڵە زنجیرەییەکان" لە وەزارەتی ئیتلاعات، مەحموود ئەحمەدی نەژاد کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە شارەوانی تاران و دواتر لە ٢٠٠٥ بوو بە سەرکۆماری ئێران.

بەرپرسی حیزبی دێموکڕات چلۆن رازی بووە کە بکەوێتە ناو داوێکی وەها دڕندانە و خۆی بخاتە بەردەم بکوژانی رژیمی ئێران؟ رۆژنامەنووسی ئەمریکی، جاناتان راندالْ پێیوایە کە دوای مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، قاسملوو بە بێ شک بە قەناعەتێک گەیشتبوو کە تاران دەیهەوێ وتووێژ لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتدا بکا. هەرچەند ئەو بە شێوەی ئاسایی زۆر وریا بوو، بەڵام ئەو وریاییەی دابەزاند و تەنانەت نەک هەر پاسەوانەکانی خۆی بەڵکوو پاسەوانەکانی جەلال تاڵەبانیشی رێگە نەدان کە لە دوو وتووێژی پێشوودا لە دیسامبەری ١٩٨٨ و لە ژانویەی ١٩٨٩ هاوڕێیەتییان کردبوو. ئایا بڕوای وابوو کە دەسەڵاتی ئێران بەرەو ئانارشی دەڕوا یان وردەوردە خۆی دێموکڕاتیزە دەکا؟ ئایا پشتی بە رۆژئاواییەکان بەستبوو کە بە پێشنیارە ماقووڵە بێ لایەنەکانیان خۆیان وەک بەلاڕێداچوو و فریوخواردوو دەرخستبوو؟ وڵام و دەلیل و بەڵگەکانی ئەو هەڵە کوشندەیە ئەو هەر چییەک بوون، لەگەڵ قاسملوو چونە ژێر خاکی گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس.

قاسملوو زۆر زوو رۆیشت، ئەو دەیتوانی ببێتە ئەو رێبەرەی کە کوردەکان چاوەڕێی دەکەن. رێڕەوێکی فکریی و سیاسی هیوابەخش لە لایەن یەکگرتنێکی کوشندەی نێوان دەوڵەتی بەرژەوەندخواز، دەمارگرژیی مەزهەبی و بێ ئیحتیاتی شەخسی پێشی پێ گیرا. ئەو بەرهەمێکی فکریی و ئەخلاقیی هەرمانی لە دوای خۆی جێهێشت. میراتێکی سیاسی و ئیدۆلۆژیکی نادیار لەو کاتانەدا کە کێشەکانی کورد پێویستییان بە تێگەیشتن و روانینێکی زۆر بەرزتر هەیە، هەستێکی سیاسی و روانگەیەکی فکری لە دەرەوەی رەوتی باو کە هەر ئەو خاوەنییەتی.

-------

فیلیپ بولانژێ، نووسەر و پرۆفیسۆر لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، خاوەنی زیاتر لە سی بەرهەمی زانستییە لە بوارەکانی جوگرافی و ژێئۆپۆلیتیکدا. ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٢٢ی گۆڤاری زانستی "مەشریق - مەغریب" بە زمانی فەڕانسی بڵاو بۆتەوە. ئەوەی سەرەوە وەرگێڕدراوی بەشێک لە بابەتەکەیە کە لە لایەن ماڵپەڕی پۆلیتیستەوە وەرگێڕدراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پۆلیتیست - رێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە



**عوسمان بایدەمیر**

عوسمان بایدەمیر، کەسایەتیی سیاسیی کوردی باکوور و پارلمانتار لە تورکیە لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ، تێرۆری د. قاسملووی بە بیرەوەرییەکی ناخۆشی ژیانی ناو برد و گوتی ئەو کاتە ئەمن لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بووم و بەداخ بووم کە بۆ دەبێ سەرکردەیەکی ناوداری نەتەوەکەم جارێکی دی بە دەهۆ و پیلانی دوژمنانمان لەدەست بچێ.

بایدەمیر گوتی د. قاسملووی گەورە ڕچەشکێنی دیپلۆماسیی کورد بۆ ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە بوو و، ئێستا ڕێبەرانی دیکەی کورد وەک میراتێک لەوە دەروانن و هەر بەو ڕچەیەدا دەڕۆن کە د. قاسملوو بۆی کردبوونەوە. ئەو فێری کردین ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا بیکەین، بێ ئەوەی دەستێوەردانمان کردبێ لە کاروباری نێوخۆیی یەکتریدا.

عوسمان بایدەمیر گوتی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران چووە سەر مێزی وتووێژ، بەڵام تێرۆری ئەم ڕێبەرە کاریزمایە لەلایەن نێردراوانی ئێرانەوە پێی گوتین کە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان چ لە شام و تورکیە، یان ئێران و عێراق باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نییە. ئەو کەسایەتییە دیار و هەڵسووڕەی باکووری کوردستان ئەوەشی گوت هەتا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نەکرێ، ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە نە هێمنی و نە سەقامگیرییان تێدا نابیندرێ. ئەمە هەڕەشە نییە و حەقیقەتێکە کە کورد مافی خۆی هەیە و لە پێناو مافەکانیدا خەباتێکی بەردەوام دەکا و پاشەکشە ناکا. بایدەمیر گوتی با ڕێژیمەکانی ئانکارا، تاران و دیمەشق لە

بەشی سێهەم

چارەنووسی سەدام دەرس وەربگرن، چونکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە تێرۆری ڕێبەرە پێشەنگەکانی وەک دوکتور قاسملوو نەبووەتە هۆی ڕاوەستانی جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## فایلە دەنگیەکانی دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆرکردنی بڵاودەکرێتەوە



**ئا: ئاوێنە**

پاش تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر تیرۆرکردنیدا، دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆر کردنی بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە.

بەشی فارسی بی بی سی لەڕێگەی چەند کەناڵێکی نافەرمییەوە سێ کاسێتی دەنگی دەستکەوتوە کە تا ئێستا لەهیچ میدیایەکەوە بڵاونەکراوەتەوەو دەنگی دوا کاتژمێری تەمەنی عەبدولرەحمانی قاسملوی تیادا تۆمار کراوە کە خەریکی گفتوگۆ بوە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بی بی سی ئاماژە بەوە دەکات کە گومان دەکرێ عەبدولرەحمانی قاسملو بەنهێنی ئەم گفتوگۆیانەی تۆمار کردبێ‌و پاش تیرۆر کردنی کاسێتەکان دەست پۆلیس کەوتبن.

ئەم کاسێتانە دەنگی سێهەمین خولی گفتوگۆ نهێنیەکانی قاسملوە لەگەڵ محەمەد جەعفەری سەحرارودی، بەرپرسی تیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەڤێنا. کە جگە لەدەنگی سەحرارودی‌و قاسملو، دەنگی مستەفا ئاجودی، ئەندامی تیمی گفتوگۆی ئێرانیشی تیا دەبیسترێ.

لەم کاسێتانەدا سەحرارودی بەگشتی قسە دەکاو ئەوەی خۆی لەقەرەی نادا کێشەی کوردە،

لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیش دەریانخستوە کاتی ئەم گفتوگۆیانە کە قاسملو بەپەرۆشییەوە قسەی کردوە جەعفەری سەحرارودی خەریکی وێنەکێشان بوە لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی. بەڵام لەوبەری مێزەکەوە قاسملو خەریکی شیکاری‌و شرۆڤە کردنی کێشەکان بوەو دەربارەی مێژو، فەلسەفەی حزبەکەی‌و خواستەکانی کوردو "خودموختاری" بەرۆشنی‌و راشکاوانە دواوە.

لەبەشێک لەم گفتوگۆیانەدا، دکتۆر قاسملو بەلایەنی ئێرانی دەڵێت: "ئێمە خەڵکێکی ماکسیمالیست و ئاکسترمیست نین"، واپێدەچێ پاسدارە ئێرانیەکان لەمە تێنەگەن، بۆیە دەڵێت "ئێمە زیادەخوازو توندڕەو نین، چاوەڕوانی ئەوەش ناکەین هەمو خواستەکانی ئێمە بەجارێک بەدیبهێنرێن".

پاشان دەڵێت: "هیچ کاتێک بەڵێنی ئەوەمان نەداوە کە کۆماری ئیسلامی دەڕوخێ یان هەرەسدەهێنێ، ئێمە واقیعبینانە مەسەلەکان شیکاری‌و شرۆڤە دەکەین".

دەشڵێت "هەمو داخوازییەکانمان لەچوارچێوەی سنوری ئێراندایەو ئەم داخوازیانەی ئێمە ئەگەر بەدیبهێنرێن بچوکترین زیان بەیەکپارچەیی خاک‌و سەربەخۆیی ئێران ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە ئاسایش بۆ ٩٠٠ هەزار کیلۆمەتر سنوری ئێران بەدیدەهێنێ‌و کوردەکانی عێراق‌و تورکیاش بەرەو لای ئێران رادەکێشێن".

قاسملو لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەغت لەوە دەکات *کە* "هیچ کەسێک لەئێمە ئێرانیتر نییە"و خوازیاری ئەوەیە لەناوچەی خودموختاری کوردستاندا، کوردی لەدوای زمانی فارسی ببێتە زمانی فەرمی‌و هێزی پێشمەرگە وەک پۆلیسی ئەم ئوستانە دابمەزرێندرێن.

لەم کاسێتانەدا، دەنگی محەمەد جەعفەری سەحرارودی دەبیسترێ کە ئاماژە بەکۆچی دوایی ئایەتوڵا خومەینی دەکات، ٦ هەفتە بەر لەو دانیشتنە رویداوەو باس لەوەسیەتنامەکەی دەکاو چەند شتێکی بێ بایەخ دەکاو وەڵامی خواستەکانی کورد ناداتەوە.

بی بی سی ئاماژە بەوە دەکات، ئەم گفتوگۆیانە بەپێشنیاری جەلال تاڵەبانی سکرتێری ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و پشتیوانی ئەحمەد بن بلا سەرۆک کۆماری پێشوی جەزائیر ئەنجامدراوە، کە هەردوکیان هاوڕێی نزیکی قاسملو بون، هەردوکیشیان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەبوە.

لەخولی یەکەم‌و دوەمی گفتوگۆکاندا تاڵەبانی ئامادە بوە، لەخولی دوەمدا نەوشیروان مستەفاش ئامادە بوە. بەرپرسی تیمی

بەشی سێهەم

ئێرانیش لەهەر سێ خولەکەدا، محەممەدی جەعفەری سەحرارودی بوە کە لەفەرماندەکانی سوپای پاسداران بوەو مەڵبەندی سەرەکی چالاکییەکانیشی لەکوردستانی ئێرانو عێراق بوەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کوردەکانی عێراق بەگشتیو جەلال تاڵەبانی بەتایبەتی هەبوە.


کۆماری ئیسلامی خوازیاری ئەوە بوە خولی سێهەمی گفتوگۆکان بەنهێنی بەڕێوەبچێتو لەم کاسێتانەدا، سەحرارودی دەڵێت؛ لەبەرئەوە نەمانویستوە تاڵەبانی لەدانیشتنەکەدا ئامادە بێت، چونکە ئەو لەهەمو شوێنێک باسی دەکات، "لەبەر ئەم خەسڵەتەی تاڵەبانی هەیەتی بیرمان کردەوە نەبێ باشترە".

خەسرەوی بەهرامی، نوێنەری حزبی دیموکرات لەڤێنا، بەبی بی سی راگەیاندوە "بڵاوکردنەوەی پاگەندەی گفتوگۆکان لەلایەن خودی ئێرانیەکانەوە بوە، چونکە دەیانویست بیکەن بەبیانو بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی ئامادە نەبێ، رەنگە نەیانویستبێ ئەو بکوژن، یان دەیانزانی ئەگەر ئەو ئامادەی دانیشتنەکە بێ، وەک دانیشتنەکانی پێشو پێشمەرگەی یەکێتی دەیپارێزنو بەئەنجام گەیاندنی پیلانی تیرۆرکردنەکە قورس دەبێ".

بەهرامی دەڵێت "کاتژمێر پێنجی بەیانی رۆژی دوای تیرۆرکردنەکە، جەلال تاڵەبانی لەتارانەوە پەیوەندی پێوە کردمو بەگریانەوە وتی: قاسملو وەک برام وابو. وتیشی: سەحرارودی بەرپرسی ئەم تیرۆرکردنەیە. بەڵام زۆر بەلامەوە سەیر بو هەر هەمان رۆژ کاتژمێر چوار حزبەکەی جەلال تاڵەبانی لەراگەیاندراوێکدا حکومەتی بەعسی عێراقی بە بەرپرسی ئەم تیرۆرکردنانەی ڤێنا تاوانبار کرد".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٩

## خومەینیو قاسملو.. لەنۆفل لو شاتووە تا تاران



**ئا: ڕێژنە سەردار**

"ئوروپاییەک لەوڵاتی کورداندا"، کە لەنوسینی نەسرین قاسملووەو لەلایەن"ناهید حسێنی"یەوە وەرگێڕراوە، گێڕانەوەی چیرۆکی پێکەوەژیانی کچێکی چیکیو سەرکردەیەکی ناوداری کوردە.

### لێناو عەبدولڕەحمان

لێنا لەسەروەختی قەیرانە گەورەکەی دەیەی ١٩٣٠دا لەپراگی پایتەختی چیکوسلۆڤاکی لەدایکبو، هێشتا زۆر منداڵ بو، کە باوکو دایکی لێکجیابونەوە، تەمەنی ٦ ساڵ بو دایکی کوژرا، باوکی زۆر لەخەمی ئەمدا نەبو، رادەستی هەتیوخانەی کرد، ئیتر ئەو منداڵیو مێردمنداڵییەکی پڕ لەخەمو دڵتەنگی بەسەربرد، لەشارێکەوە بۆ شارێکی ترو لەقوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر بەدوای کارو خوێندندا وێڵ بو.

دوای جەنگی دوەمی جیهانی کە کۆمۆنیستەکان لە چیکۆسلۆڤاکیاهاتنە سەر حوکم، دەروی لێکرایەوەو لەزانکۆ وەرگیرا،

قەدەری رۆژگار ئەم کچە پێستسپیو قژ کاڵە ئەوروپییە، بەکوڕە کوردێک دەناسێنێت کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ رویکردوەتە پراگ.

ئەم کوڕە کوردە باڵابەرزو کەشخەیە کە ناوی عەبدولڕەحمان دەبێت، ژیانی لەژیانی لێنا نەدەچو، لەبنەماڵەیەکی فیوداڵەوە هاتبو، کوڕی گەورە ئاغایەکی ناوچەی ورمێ بو بەناوی محەمەد ئاغای قاسملو، نانەی دایکیشی بەبنەچە ئاسوری بو، عەبدولڕەحمانو براکانی پێش کۆتایهاتنی قۆناغی دوا ناوەندی فێری زمانەکانی کوردیو ئازەریو ئاسوریو فارسیو فەرەنسیو عەرەبی بون، لەساتەوەختی روخانی کۆماری مەهابادو لەسێدارەدانی قازی محەمەددا لەمارسی ١٩٤٧، هیچکام لەکوڕەکانی محەمەد ئاغا قاسملو لەکوردستان نەبون، حسێنی کوڕە گەورەی لەتورکیا سەرقاڵی خوێندنی ئەندازەی بیناسازی بو، ئەحمەد لەپاریس بیرکاریی دەخوێندو عەلی لەتەورێز پزیشکییو عەبدولرەحمانیش لەتارانو ساڵێک بەدوای ئەوەشدا بەیارمەتی حیزبی تودە بۆ خوێندن دەچێتە پراگ.

پایزی ١٩٥٢، لەپراگ لەئاهەنگێکدا لەگەڵ لێنا یەکتر دەناسنو لەیەکەم بینینەوە دەبنە عاشقو خۆشەویستی یەکدی، ئەوکات قاسملو تەمەنی ٢٠ ساڵو لێنا ١٧ ساڵ دەبێت، زۆر ناخایەنێت لەناو باڵوێزخانەی ئێران مەلایەکی ڕیکپۆشی شیعە مەزهەب لەیەکتریان مارە دەبڕێتو ئیتر ٣٧ ساڵ بەیەکەوە تاڵیو شیرینی رۆژگار بەڕێدەکەن.

عەبدولڕەحمان کەڵکەڵەی سیاسەتو بیری چەپ لەمێشکیدا بو، بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئێران، سەرەڕای ئەوەی پوری ئامۆژگای لێنا دەکات کە دوای ئەم موسڵمانە رۆژهەڵاتییەی هاوسەری نەکەوێتو ژیان لەخۆی تاڵ نەکات، بەڵام لەگەڵی دەڕوات بۆ تاران.

### تارانو عومەری خەیام

لێرەوە قۆناغێکی نوێی ئەم ژنە دەستپێدەکات، لەو ژیانی ئاوارەییو حەشارگەی نهێنیو چەرمەسەرییەدا، ئەو شەیدای شیعرەکانی عومەری خەیام دەبێت، پاش ماوەیەک دەچنە ماڵەباوانی عەبدولڕەحمان لەورمێو لەوێ زیاتر هەست بە بەریەککەوتنی کولتورەکان دەکات، ئەوەی بەلایەوە سەیرە فرەژنییە، کە محەمەد ئاغا بەقسەی نانەخانی دایکی قاسملو ٢٥ ژنی هێناوەو تەنەنات سەری لەوەش سوڕدەمێنێت کە محەمەدئاغا بەبەرچاوی ژنو منداڵەکانییەوە بەمیش دەڵێت "خوشکت هەبێت دەیهێنم!"

نانەخانم ئەوەشی بۆ باس دەکات کە لەبیری نایە قاسملو لەچلەی هاویندا لەدایکبوە یان سەرەتای زستان، دوای بەسەربردنی ١٠ ساڵ لەم ماڵەدا، بەهۆی کاری حیزبی عەبدولڕەحمانەوە دەچنە تەورێز، هاوسەرەکەی بەوەدا بۆی دەردەکەوێت کە لەو ساڵانەوە کاراکتەرێکی گرنگ بوە کە شەوێکیان "نورەدینی کیا نوری" کە دواتر دەبێتە سکرتێری حیزبی

توده، بەبەرگی سەربازییەوە خۆی دەکات بەماڵیانداو پاش ئەوەش تەیموری بەختیار، سەرۆکی ئەوکاتی ساواک سەبارەت بەعەبدولرەحمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات.

### بەغداو ئەسپێ

دوای ئەوە لێنـاو دو کچەکـەی بـەقاچاغ بـەرەو کوردسـتانی عێـراق هەڵـدێنو سـەرەتا لەسلێمانی دەگیرسـێنەوە، لەوێشـەوە بەجێبێکی شەقوشڕ دەبـرێن بـۆ بەغـدا، هەشت مانـگ لـەچاوەڕوانیی وەرگرتنـی ڤیـزەدا لەبەغـدا لەگەڵ ئەسپێو کوێرەوەری بەسەردەبات.

لێنا دیسان لەبەغدا بینینی ئەو ژن کلۆڵو بێدەرەتانانـە ئـازاری دەدات کە کەمتر لـەپیاو سـەیر دەکرێن، ئەو بـاس لـەوە دەکات کە لـەم کۆمەڵگە رۆژهەلاتیانـەدا قـەدرو رێـزی ئەو ژنانـەی کچیـان دەبێت، بارتـەقای ئەو ژنانـە نییـە کە کوڕیـان دەبێت. بەبۆچونی لێنا، هەرچەندە عەبدولڕەحمان لەوبارەوە یەکێک لەمرۆڤە دەگمەنو هەڵکەوتەکان بو، بەڵام بۆ رێزگرتن لەپیاوەکانی دیکە، داوای لەلێنا دەکرد کە وەکو ژنێکی گوێڕایەڵو خاکەڕا، واتە ژنێکی موسوڵمان هەڵسوکەوت بکات.

### تاڵەبانی.. میهرەبانو زۆربلێ

ئەو رۆژگارەی لەبەغدا لەحەشارگەیەکەوە بۆ حەشارگەیەکی تر دەچێت، لەحەشارگەیەکدا ناچـار دەکرێت لەگەڵ سێ پیـاوی گـەنج بمێنێتـەوە کـە یـەکێکیان خوێنـدکاری بـواری یاسـا بـو، زانکـۆی بەحێهێشـتبو، لەدەسـت پـۆلیس رایکردبـو، پیـاوێکی میهرەبانو زۆربلێ بو، ناوێکی خوازراوی هەبو، بەڵام ناوە راستەقینەکەی جەلال تـاڵەبانی بو.

هەر کاتێک لێنا حەشارگەکەی دەگۆڕی، دەبو ناوەکەشی بگۆڕێت، هـەر یەکـەم شـەوی گەیشـتنی بەحەشـارگە نوێیەکـەی، ئـەو سێ پیاوە گەنجە دەکەونە خۆیان ناوێکی خوازراو بۆ لێنا بدۆزنەوە. دواجار، جەلال بڕیـاری کۆتـایی دەداو دەڵـێ "نـاوی تـۆ نەسرینە". نەسرین ناوی گوڵێکی سپییە کە لەشاخەکان دەڕوێ، تا ئێستاش کوردەکان بەو ناوەوە دەیناسن.

### مەلا مستەفاو عەبدولڕەحمان

ساڵی ١٩٥٨، مەلا مستەفا لەڕێی گەڕانـەوەی لەیـەکێتی سۆڤیەتەوە بـۆ عێـراق ماوەیەکی کورت لـەپراگ لادەداتو بـۆ نـانی ئێوارە میوانی بنەماڵەی قاسملو دەبێت، لەو میوانداریی‌یەدا مەلا مستەفا پێشنیاری ئەوە دەکات عەبدولڕەحمان بگەڕێتەوە

کوردستانی عێراقو درێژە بەخەبات لەدژی رژێمی شا بدات، ئەمیش قبوڵی دەکات. جارێکیتر ژیان لەبەغدا بەشێوەی فەرمی لەساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەستپێدەکاتەوە، لێنا لەوەزارەتی نیشتەجێ کردن لەبەغدا کاردەکاو دواتریش بەهۆی کاری حیزبی هاوسەرەکەیەوە جارێکیتر رودەکەنەوە پراگ.

## لەپراگەوە بۆ بەغداو پاریس

ساڵی ١٩٦٨ لەکاتێکدا بۆ خەباتکارانی کوردی رۆژهەڵات ساڵێکی سەختو دژوار دەبێت، بەهاری پراگیش لەدوری ٢٠٠٠ کیلۆمەتر لەکوردستان لەژێر پۆستاڵی سوپای پەیمانی وارشۆ تێکدەشکێنرێت. بەشێک لەلاپەڕە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم کتێبە کە لەبنەڕەتدا دو ساڵ لەمەوبەر بەزمانی فەرەنسی لەپاریس چاپکراوە، گێڕانەوەی کارەساتی تێکشکانی بەهاری پراگە.

دوای ئەو کارەساتە، ئیتر لێناو عەبدولڕەحمان دڵیان لەپراگ هەڵدەکەنێو جارێکیتر دەگەڕێنەوە بەغدا، عەبدولڕەحمان لە١٩٧٠ەوە تا ١٩٧٤ لەوەزارەتی پلاندانانی عێراق کاردەکاتو هاوکاتیش بەسکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ پراگو لەساڵی ١٩٧٦ەوە بەهۆی گوشاری پۆلیسی نهێنی چیکوسلۆڤاکیاوە رودەکەنە پاریسو لەوێ نیشتەجێ دەبن، دو کچەکەشیان دەچنە سوید.

## عەبدولڕەحمانو خومەینی

ساڵی ١٩٧٨ کە خومەینی لەعێراقەوە پەنادەباتە بەر پاریسو لەنۆفل لو شاتو نیشتەجێ دەبێت، لێنا سەرەڕای تێبینی زۆری لەسەر خومەینی، بەئوتومبێل هاوسەرەکەی دەباتە نۆفل لو شاتو، لەوێ لێنا لەئوتومبێلەکەیدا دەمێنێتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرەکەی دەکا، لەبەرئەوەی پێیوایە گەڕانەوەی هاوسەرەکەی زۆر دەخایەنێت دەست دەکا بەخوێندنەوەی کتێب، بەڵام هێندە نەبا عەبدولڕەحمان بەتوڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە دەگەڕێتەوە. کاتێک خومەینی ناوی عەبدولڕەحمانی بیستبو، بەسەرسوڕمانەوە وتبوی "کێ رێبپێداوە بێتە ژورەوە؟ من هیچ قسەیەکم نییە لەگەڵ ئەم پیاوە بیکەم!" سەرەنجام عەبدولڕەحمانیان لەوێ دەرکردبو. لەبەرئەوە زۆر توڕەو غەمگین بو.

بەڵام سەرەرای ئەوەش ئەو لەمەبەستەکەی پاشگەز نەبۆوە، پاش چەند رۆژ سەرلەنوێ بیرۆکەی دیداری ئایەتوڵا خومەینی دەکەوێتەوە سەری، ئەمجارەشیان دەسکەوتێکی بەرچاوتری لەجاری پێشو نابێ.

عەبدولڕەحمان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێراندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانو دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراو، سەرەنجام بەسەرۆکایەتی وەفدێکی دەفتەری سیاسی دەچنە لای خومەینی، ئەویش ئامۆژگارییان دەکا کە دوای قورئان بکەون. خومەینی رازی نابێت قاسملو ببێتە ئەندامی مەجلیسی خوبرەگان کە بۆ دارشتنی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژێردرا بو، لەکۆتایی بەهاری ١٩٧٩شدا بڕیاری کوشتنی دا.

## جیابونەوەو مەرگ

لێنا دوای روخانی رژێمی شا دەگەڕێتەوە کوردستانو لەنزیکەوە لەگەڵ تراژیدیاو کوێرەوەری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانو ژنە داماوەکانی وەک جوانو ئامینە دەژی، لەو کاتانەدا هەست بەخەمبارییەکی زیاتر دەکات کە عەبدولڕەحمانی هاوسەری خۆی لێدور دەگرێتو هەمو کاتی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان دەکاو لێنا بۆ تەنهایی بەجێدەهێلێت، سەرەنجام لێنا دەگاتە تینیو بڕیاری جیابونەوە دەداتو لێکتر جیادەبنەوەو دەگەڕێتەوە پاریس.

دوای داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، قاسملوش دەچێتەوە پاریس، بەلام بەپێی گێڕانەوەی لێنا، "عەبدولڕەحمان لەئەوروپا بەهیچ شێوەیەک خۆی نەدەپاراستو سەرەتاییترین رێوشوێنەکانی خۆپاراستنی رەچاو نەدەکرد، تەنیا یەک حیمایەی هەبو کە تەنانەت چەکیشی پێنەبو، زۆربەی کاتەکان بزر دەبو حیمایەکەشی بەدواییدا دەگەڕا، تا سەرەنجام لە١١ی تەموزی ١٩٨٩دا بەپێی خۆی بەپیر مەرگەوە چو".

لێنا لەشەهید عەبدولرەحمان توڕە بو، لەوەی کە خۆی بەکوشت دابو، بەتوندی لۆمەی دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## کێ "قاسملو"ی بەکوشت دا؟



**سات محەمەد**

ڕەنگە هیچ شتێک نەتوانێت بەئەندازەی ئەم وێنەیە گوزارشت لەکارەساتەکە بکات، کە لەشی خامۆش و ساردەوەبووی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "عەبدولرەحمانی قاسملو"و هاوڕێکانی لەژوورێکی شێواوو هەڵپرژاودا بەجێهێڵراون و خوێن کراسە سپییەکەی سور کردوون. ئەو فیشەکانەی ئێوارەی ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لەچلەی مەرگی خومەینیدا، لەئەپارتمانێکی بچوکی ڤیێنای پایتەختی نەمسادا تەقێنران، کۆتاییهێنان بەژیانی یەکێک لەسەرکردە هەرە چالاکو هوشیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی کوردییان ڕاگەیاند.

شەوێکی ساردی ساڵی ١٩٣٠ "واتە ئەو ساڵەی کە سمایل خانی شوکاک، بەدەستی پیاوەکانی ڕەزا شا دەکوژرێت"، مەمەد ئاغای وسوق کە ئاغایەکی بەدەسەڵاتو دەستڕۆشتووی گوندی قاسملوی نزیک شاری ورمێیە، بەختەوەرە بەوەی یەکێک لەژنەکانی کە "بەڕەچەڵەک ئاسورییە" وەجاغی بنەماڵەکەی بەچاو هەڵهێنانی کوڕێک ڕۆشنتر دەکاتەوە، مەمەد ئاغا ئەم کوڕەی ناودەنێت "عەبدولرەحمان".

لەو ساڵەوە تا ١٩٨٩، کە خاڵی سەرەتاو کۆتایی زەمەنی عەبدولرەحمانی قاسملووە، کەمترین ڕۆژو کەمترین ساڵەکانی ژیانی لەو گوندەدا بەسەر دەبات کە زیاتر لەناوە ڕاستەقینەکەی خۆی پێیناسراوە. ٥٩ ساڵی زەمەنی ئەم پیاوە دابەش دەبێت بەسەر چەند شارو شوێنێکی ئەم دنیایەدا کە گرنگترینیان "تاران و پراگو بەغداو پاریس و ڤیێنا"یە.

کە لەهەڕەتی گەنجێتیدا بۆ خوێندن ڕوودەکاتە تاران، دەسپێکی جەنگی ساردو ڕۆژگاری هەڵکشانی چەپ دەبێت لەئاستی جیهاندا، ئەوکات حیزبی تودە باڵی بەسەر فەزای فکریو روناکبیرانی ئێراندا کێشا بو، لەتاران مێشکی قاسملو پڕ دەکرێت لەبیری چەپو دەبێت بە"تودە".

ئەو کاتەی قاسملو دەچێتە پراگ، هێشتا ستالین لەژیاندا مابو، کە تاقە پیاوی مشت پۆلاینی ئەو روبەرە لەدنیا بوو لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە بەرین دەبۆوە تا ناوچە ساردو دورەکانی سیبریا. پراگ فێربوونی زمانو بڕوانامەی دکتۆراو ناسینی سەرکردە چەپەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو "هێلین"ی هاوسەری ژیانی پێدەبەخشێت.

ویستگەیەکی گرنگی دیکەی ژیانی قاسملو، بەغدایە بەتایبەتی لەدوو بڕگەی مێژویی جیاوازدا، یەکەمیان: لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠دا دوای لەکارخستنی محەمەد مسەدقو کودەتای زاهیدیو شاوە، کە لەئێرانەوە بەرەو عێراق هەڵدێو سەرەنجام لەبەغدا دەگیرسێتەوەو پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ دیارترین سیما سیاسیو ئەدەبییەکانی ئەو رۆژگارەی کوردی عێراقدا دروستدەکات، هەر لەئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانییەوە بگرە تا دەگات بەعەبدوڵا گۆران.

دووەمیان، لەسەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراقو لەوەزارەتی پلاندانان کار دەکاو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی شەخسی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی بەعسی عێراق بنیاددەنێو بناغەی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەگەڵ حیزبی بەعسو حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق دادەمەزرێنێت.

پاریسیش، دەروازەی لەنزیکەوە ناسینی سەرکردە چەپەکانی ئەوروپاو دیارترین رۆژنامەنووسەکانی جیهانو دڵسۆزەکانی کورد لەرۆژئاوا بەڕووی عەبدولرەحمان قاسملودا دەکاتەوە، کە ئەمەش رێگە بۆ پەیوەندی حیزبی دیموکراتو هێزە کوردییەکانی دیکە بەڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالەوە خۆش دەکات.

دوا ویستگەو دوا شوێنی ژیانی ئەم پیاوەش "ڤیێنا"یە، کە لەئەپارتمانێکی نزیک ئوتێل هیلتۆنی ئەم شارەدا، ئێوارەیەک بۆ هەمیشە ترپەی ئاشتیانەی دڵی لەلێدان دەخرێت.

دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، کە تاقە سەرکردەی کوردە لەئەوروپا خوێندبێتیو زیاتر لەنۆ زمانی رۆژهەڵاتیو ئەوروپایی زانیبێت، هەر زو لەو رۆژگارو جیهانەدا کە ئەوی تیا دەژیا درکی بەوە کرد چارەنوسی گەلانی ئەم ناوچەیە لێرە نا، بەڵکو لەچەند پایتەختو لەچەند ناوەندێکی سیاسی دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دیاریدەکرێ، هەربۆیە زۆربەی کارو کاتی

خۆی بۆ ئەوە خستە گەڕ کە جگە لەچیاکان، کورد وەک میللەتێکی لێقەوماوو بەدبەخت، دۆستی دیکەو پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت.

بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەو فاکتەری زاتی کوردی فەرامۆش نەکرد، هەربۆیە یەکێک لەو ئەرکانەی ساڵانێک لەئەستۆی گرت، سەرلەنوی ڕێکخستنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لەحیزبی تودە دابڕاو لەبیری چەپ دورکەوتەوە، ئیتر ئەو بێ سرەوتن بەرێکخستنەوەی سیاسیو دواتریش ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبەوە خەریک دەبێت.

لەم بوارەشدا قاسملو شانازی ئەوەی پێدەبڕێت کە توانی لەهەلومەرجێکی دژوارو لەدو قۆناغی جیاوازدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەوەی حیزبی دیموکراتی لەبن باڵی حیزبی تودەو پارتی دیموکراتی کوردستانو مستەفا بارزانی دەربهێنێو بیکات بەحیزبێکی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ.

لەبڕگەیەکی مێژویی دیکەشدا، کە لەدوا ڕۆژەکانی ڕژێمی شادا گەڕایەوە ئێران، بەپەرۆشەوە هەوڵی دا حیزبی دیموکرات بەرامبەر بەهێزێک گەنجو نوێ بکاتەوە کە وەک ڕکەبەرێکی سەرسەختی حیزبی دیموکرات لەو ڕۆژگارەدا پێینابووە گۆڕەپانی خەباتەوەو زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوراوەکانیشی گەنج بون، کە ئەویش "کۆمەڵە" بو.

دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، لەساڵی ١٩٧١ەوە تا کاتی تیرۆر کردنی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بو، بۆیە ڕۆژانێک لەلایەن بەشێک لەهاوکارە حیزبییەکانییەوە بەنادیموکرات لەقەڵەم دراو تۆمەتباریان کرد بەوەی کە نایەوێ دەسەڵاتی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکەیدا بەش بکات، تەنانەت ئەمانە دەگێڕنەوە جارێکیان لەکۆنفرانسێکدا کە سەبارەت بەدارایی حیزب پرسیاری لێدەکرێت، ئەو بەتوڕەییەوە دەڵێت "هەتا من سکرتێری حیزب بم، جگە لەخۆم کەس نابێ بزانێ چیمان هەیەو چیمان نییە".

بەڵام لەدیدی زۆربەی هاوڕێکانی دیکەیەوە، قاسملو هەرگیز ژیانێکی پڕ لەرەمزو ڕازی نەبووەو هەمیشە ئەو "خراپترین دیموکراسی لەباشترین دیکتاتۆری پێ باشتر بوە".

قاسملو دیاردەیەکە تا ساڵانێکی درێژخایەن لەیادەوەریی سیاسی ئێمەدا ناسڕێتەوە، ڕەنگە بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بەوەوە بێت کە هەمو ساڵێک لەیادی تیرۆر کردنی ئەم سەرکردە بەئەزمونو دنیادیدەیەدا، پرسیارێکی بێ وەڵام

بەشی سێهەم

بیرکردنەوەی زۆربەمان دەئاڵۆزکێنێت: کێ قاسملوی بەکوشت دا؟ ئایا بەپێی خۆی ڕۆی بەرەو کوشتارگە؟ ئەوە چ چارەنوسێک بوو کە ئەوی هەڵگرت بەرەو ڤێنا، لەکاتێکدا باش دەیزانی دەمێکە ئیتیلاعاتی ئێران لێرەو لەوێی ئەم دنیایەدا شوێن پێی هەڵدەگرێو هەمیشە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ بۆ لەناوبردنی؟ کە زۆر باش دەشیزانی بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتدارانی ئێران پۆ پەکخستنی جەستەی جوڵانەوەی سیاسی کورد بەردەوام کاریان لەسەر زەبر وەشاندنو تێکشکاندنی سەرکردەو مەغزو مێشکە کاراکانی کردووە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی

---




35
٢٢ی پووشپەڕ
لە ٣٥ ساڵەی تیرۆری د، قاسملوودا
ڕیسوایی بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری
ئیسلامیی ئێران
ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
Democratic Party of Iranian Kurdistan
1324